

# مارکس
# و
# سۆشیالیزم
# و
# دەوڵەت

زاهیر باهیر

نیسانی ٢٠٢٤

ناوی پەڕتووک : مارکس و سۆشیالیزم و دەوڵەت
ناوی نووسەر : زاهیر باهیر
دیزاین و ئامادەکردن : هەژێن
شوێنی چاپکردن : سلێمانی، چاپخانەی بینایی
ساڵی چاپ : ٢٠٢٤
هەژماری چاپکردن : ٣٠٠ نوسخە
نرخ : ٢٠٠٠ دینار

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

* شارەوانی ئازاد (وەرگێڕان)
* پرسیار و وەڵامی چەندبارە لەبارەی ئەنارکیزم (وەرگێڕان)
* گوێڕادێرە ئەی مارکسیست (وەرگێڕان)
* پرۆدۆن ئازادیخوازێکی ئەهریمەنکراو (وەرگێڕان)
* ئەلف و بێی ئەنارکیزم (وەرگێڕان)
* ئەنارکیزم و ڕێکخستن (وەرگێڕان)
* مارکس و ئەنارشیزم (وەرگێڕان)
* داهاتوویەک کە بە هەمووومان دروستی دەکەین (وەرگێڕان)
* باکور و ڕۆژئاوای کوردستان - چەند بابەتێکی ڕامیاری
* دەوڵەت: بابەتێک بۆ لێدوان لەنێوان مارکسیستان و ئەنارکیستانی کوردی-زمان

# پێشکەشە

بەوانەی کە بەخۆیان و بە مێشکی خۆیان بیردەکەنەوە، دوای سەرکردە و ڕابەر ناکەون و نابنە خێڵی ئەشەوبیلا.

بەوانەی کە زیاتر واقیع و ئەزموونەکان سەرچاوەی تێفکرین و سەرنجیانە، تاکو کتێب و نووسینی بیرمەندەکان.

بەوانەی کە هەموو ڕووداوێك و هەموو نوســـراوێك بە چاوی ڕەخنە و سەرنجەوە دەبینن و دەخوێننەوە.

بەوانەی کە زیاتر تامەزرۆی خوێندنەوەی ئەو بابەت و نوســینانەن، کە دژ بە فیکر و بۆچونەکـانیـانە، نەك هەر خوێنـدنەوەی ئەوانەی کە لەگەڵ بۆچونەکانی خۆیاندا دێنەوە.

# سوپاس و پێزانین

ناکرێت و نابێت سـوپاسـی زۆری دوو هاوڕێی زۆر نزیکم نەکەم. هاوڕێ (دارا جوتیـار) کە بە وردی بـابەتەکەی خوێنـدەوە و لەسـەرنج و بۆچونەکـانی خۆی ئـاگەداری کردمەوە. هەروەها هەر وەکو هەمیشـە پێزانین و سـوپاسـی زۆرم بۆ هاوڕێی دێرینم ( هەژێن) لە ئامادەکردن و دیزاینکردنی نامیلکەکە.

هەر ئاواش سـوپاسـگوزاری کەسـی نزیك و ئازیز (مامۆسـتا عەتا قەرەداخی)م کە لە ڕوی زمان و ڕێزمانییەوە پێداچونەوەی بۆ بابەتەکە کرد و لە هەندێك کەموکوڕی بە ئاگای هێنامەوە.

## بۆ خوێنەری بەڕێز

وەرگرتنی ناوەرۆکی ئەم نامیلکەیە بۆ چەپەکانی کورد زمان ئاسـان نییە کە لە کاتێکدا هێشتا ئەوان خۆیان ساخ نەکردۆتەوە و هەر لایەنەیان لە دۆڵێک هەواری خۆی هەڵداوە لە دەهۆڵێک دەدات و دەرویشی موریدێکە.

لەگەڵ ئەوەشـدا خوێندنەوەی نامیلکەکە بۆ هەر لایەکیان نرخ و سـوودی خۆی هەیە، هەر هیچ نەبێت دەکرێت هەندێک پرسیاریان لا دروست بکات. ئەوانەیان کە هەر خواوەکیلی دوای بیرمەندە مارکسییەکان بە خودی مارکس خۆشییەوە کەوتون و شـتێکی وایان لە نوسـینەکانیان نەخوێندۆتەوە، ئەوە ئەم نامیلکەیە بەگشتی سوودمەندیان دەکات.

ئەوانەیان کە مارکسـی و لینینین و بێ گومانن لەوەی کە تاکە ناکۆکییەک لە نێوانی مارکس و ئەنجلس لینین-دا هەبێت، لینین بە باشـترین و چالاکترین و کردەییترین ڕابەرو بیرمەنـدێک دەزانن کە توانیوێتی تیۆرەکانی بیرمەنـدانی پێش خۆی لە زەمینەی واقیعدا تاقی بکاتەوە، ئەوە خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە باشترین و بە سوودترین زانیاری و دۆکۆمێنتە بۆ پاساودانەوەی ڕاو بۆچونیان.

ئەو چەپانەشی کە لینین و لینینیەت ڕەتدەکەنەوە و وادەزانن کە لینین تەحریفی هەموو تییۆرەکانی مارکس و ئەنجلس-ی کردووە خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیەش بۆ ئەوان زەرورە. نەک هەر ئەوە بەڵکو سوودمەندیشە گەر بێت و مارکس و ئەنجلس یا هەر بە تەنها مارکس وەکو خۆی ببینن نەک وەکو ئەوەی کە ئەوان دەیانەوێت.

ئەم نامیلەکەیە ڕەنگە جەدەلێکی کەم تا زۆر لای هەموو جۆرەکانی ئەو چەپانە دروست بکات و بیانەوێت وەڵامێکیان هەبێت. من خۆشهاتنیان لیدەکەم و دەڵێم تکایە ، تکایە با وەڵامی خودی مارکس و باکۆنین و نوسـینەکانیان بدەنەوە نەک وەڵام بە من، بەڵام وەکو خۆی، نەک ئیجتیهاد کردن لە شرۆڤەکردن و هێنان و بردنی بۆچونەکانیاندا.

زاهیرباهیر، نیسانی ٢٠٢٤

## نووسینی ئەمناملکەیە بۆ؟

ئەوەی کە پاڵی پێوە نام ئەم وتارە( بابەتە) بنووسم چەند هۆکارێکە کە ڕەنگە سەرەکیترینیان بەستنەوەی خودی مارکس و تیۆرییەکانی بێت بە لینین و تیۆرییەکانیەوە. هەروەها گەڕانەوەیەك بۆ مێژووی مارکس هەر لە ساڵی ١٨٤٤ وە تا سەردەمی کۆموونەی پاریس، کە ژیاننامەی مارکسی بۆ زۆرینەیەك کردووە بە دووبەشەوە، لاوێتی و سەردەمی کامڵێتی. هەر بە گوێرەی ئەوەش بەرهەمەکانی مارکس و چالاکیەکانیشی دابەش کراون. ئەم دابەشبوونەش نەك هەر لە لای خودی مارکسیەکان پەسەندە بەڵکو هەندێك لە ئەنارکیستەکانیش ئەمە دەسەلمێنن، هەر لایەشیان پاساوی خۆیان هەیە.

من بەشبەحاڵی خۆم ئەو دابەشکردنە ڕەتدەکەمەوە بە خوێندنەوەیەکی چڕو پڕی هەندێك لە نووسینەکانی مارکس و زۆرێك لەوانەی باکۆنین و بیرمەندان و نووسەرانی ئەنارکیستیی هەوڵدەدەم بیسەلمێنم کە ئەو دابەشکردنە نادروستە.

هەروەها دەمەوێت ئەوەش ڕوونبکەمەوە کە باکۆنین و مارکس خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا نەبووە، بە درێژایی مێژوویان بە ئاراستەی نەك هەر جیاواز بەڵکو دژ بەیەکیش هەنگاویان ناوە. لەگەڵ ئەو جیاوازیانەدا هێشتا کەسانێکی زۆر هەن کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ناکۆکی لە نێوان مارکس و باکۆنین-دا نەبووە و ئەوان ئەو ئەنارکیستانە بە هەڵە دەزانن کە پێداگری لەسەر جیاوازی نێوان مارکس و باکۆنین دەکەن. من لێرەدا هەوڵ دەدەم لەسەر ئەم خاڵەش بدوێم.

لە سێبتەمبەری ٢٠١٦ دا لەژێر ناوی "**چەپ وکۆمۆنیست ئەوەندەی ڕاستڕەوەکان زیانیان بە بزوتنەوەی سۆشیالیستی گەیاندووە** " وتارێکی درێژم نووسی بەڵام زۆربەی ئەو لایەنانەی ئێستا کە قسەیان لە سەر دەکەم وتارەکە نەیگرتوونەتەوە

و زۆر لایەنی دیکەش کە ڕەنگە لە وتاری پێشودا نەمپەرژابێتە سەریان، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەمەی ئێستام درێژەدانە بەو باسەی پێشترم، لەو بارەشدا هەندێك دووبارەبوونەوەی تێدایە.

لە درێژەی باسەکەمدا هەوڵدەدەم ڕۆشنایی زیاتر بخەمە سەر ئەو خاڵانەی سەرەوە و لە سەرەتاشدا لە تیورەکانی مارکسەوە دەستپێدەکەم.

## مارکس و تیۆرییەکانی

مارکس مرۆڤی سەردەمی خۆیەتی، ئەویش وەکو هەموو کەسانی دیکە بە بارودۆخی بابەتیی و زاتیی دەوروبەرەکەی گەمارۆ دراوە، ئەوەش سنورێکی دیاریکراوی بۆ کێشاوە و ئەو سنورەش وایکردووە کە نەشێت هەموو پێشبینی و تێڕوانینیکی بۆ ئایندەی دوای خۆی دروست بێت.

ئەو، بناغەی تیۆرییە سیاسیەکەی خۆی لە بارودۆخی فەرەنسا و ڕووداني شۆڕشەکانی ئەوێ هەڵهێنجاوە، هەر ئاواش شیکردنەوە ئابوورییەکەشی کە بە ناوی "کاپیتاڵ- سەرمایە" دواتر کەوتە بەردەست، بناغەکەی لەسەر ئابووری و بە دیاریکراوی پیشەسازی بەریتانیای ئەو سەردەمە و شۆڕشی پیشەسازی دارێژراوە.

هەر لەبەر ئەو هۆکارانەش ئەو بۆچون و شیکردنەوە سیاسی و ئابووریانەی مارکس، پاش تێپەڕینی ئەم ماوە درێژە، بەشێکی زۆریان بەسەرچوون و ناکرێت ببنە بنەما و توێژینەوەیەکی نوێ بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا چونکە کات و شوێن، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە هەڵسەنگاندی هەر دیاردە و ڕووداوێکدا.

دەکرا هەر نووسینێك لەسەر مارکس بنووسرێت خۆی بە دوور لە ڕەخنەی ئەو بگرتایە، ئەگەر بهاتبایە مارکس گشتگیری و پێداگری ڕەهایی لەسەر نووسینەکانی نەکردایە و هەر بەو ڕەهاییەش قسەی لەسەر سەرجەم پرسەکان نەکردایە. هەروەها زۆرێك لە تێزەکانیشی لاستیکیانەیە، بۆیە دەکرێت شیکردنەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت، کە ئەمەش ئەو دەرگایەی ئاوەڵا کردووە و ئەو دەرفەتەشی بۆ مارکسیەکانی دوای خۆی بۆ سەدەها ساڵ ڕەخساندووە کە بەو شێوەیەی کە دەیانەوێت لێکیبدەنەوە و بەکاریبهێنن، نەك وەکو ئەوەی هەیە. هەر ئاواش گشتگیری و پێداگریش لە لایەن پەیڕەوانی و شوێنکەوتووەکانی دوای خوی، ئەگەر

وەك قورئانی موســڵمانەکان وەریان نەگرتایە و خودی مارکس-یان لە ئاســمانی ئایدۆلۆجی قەتیس نەکردایە و دەقەکانی مەزهەبی مارکســیزم پیرۆز نەدەکران و نەدەبوونە ڕێنمـاییکەر و ڕەچەتەی گرفـتە ســیـاســی و چینـایەتیەکـان بۆ هەڵسەنگاندن و چارەسەرکردنی هەموو دیاردە و جووڵە و بزوتنەوەیەکیان.

فیکری مارکس و مارکســیزم گەیەنرایە ئەو ڕادەیەی نەك قـازانجی بە بزوتنەوەی کرێکـاران و چەوســـاوەکـان نەگەیـانـد، بەڵکو لە پـاڵ کۆت و پێوەنـدەکەی سـەرمایەداریدا کۆت و پێوەندی مارکسـیزم-یش کرایە مەچەك و پێیان. ئەو فیکرە بووە ئینجیلی سۆسیال دیموکراتەکان و مارکسیەکانی ئەو کاتە و ئێستاش کە هەر هەموویان باوەڕیان وایە کە ناوەڕۆکێکی شۆڕشگێڕانەی هەیە.

مارکس نە لە بواری سیاسی و نە لەبواری ئابووریدا داهێنانی نەکردووە. ئەوەی کە ئەو کردوویەتی بە تایبەتی لە بواری ئابووریدا پێشــتر لە لایەن ئابووریناســانی سـەرمایەدارییەوە هەروەهاله لایەن سۆشیالیستە فەرەنسی و ئینگلیزەکانەوە کاری زۆری لەســەر کراوە و بناغەکەیان داناوە. ئەوەی کە ئەو وتویەتی پێشــتر وتراوە و وەکو چەمک یاخود دەق، ئەو خاوەنی هیچیان نیە. چەمکی ' زێدە بەها/ زێدەبایی ' کە مارکسـیەکان بە شـاکاری کارە ئابورییەکەی مارکس-ی دەزانن ئەو خاوەنی نیە، جۆزیف پرۆدۆن و فۆرییەر و ســەینت ســیمۆن، SaintSimon،Fourier، قســەی زۆریان لەسـەر کردووە و لە سـەریان نووسـیوە. سـەرەڕای ئەمانەش ئەوەی کە ئەو باسی لێوەکردووە هەڵەی زۆری تێدایە.

ســەبارەت بە وشــەی دیکتاتۆریەت، ئەمیش پێشــتر ناوهێنراوە و قســەی لەســەر کراوە بەتایبەت لەلایەن 'بلانکی' فەرەنسی و بلانکیستەکانەوە بەڵام مارکس وشەی 'پرۆلیتاری' بە مەبەســتێك بۆ زیادکردووە. هەر ئاواش ســەبارەت بە دەســتەواژەی

سۆشیالیزم هەر دەمێک بووە قسەی زۆری لە سەر کراوە، بەڵام ئەم تەنها وشەی " زانستیانە"ی بۆ زیاد کردووە کە گوایە داهێنانی کردووە بۆ جیاکردنەوە لە پێشینانی خۆی کە ناویان هێناوە. ئەگینا سۆشیالیزمی زانستی چەمکێکی بێ مانەیە لە بنەڕەتدا تەنها چەند بوارێکی تەسك پێناسەکراوی لێکۆڵینەوەی ورد لە فەلەکناسی و بیرکاری و فیزیا و کیمیا و بایەلۆجی هەروەها هەندێك یاسای گشتی بەناو سروشتی دەتوانرێت ناویان لێبنرێت زانست. هەر وەکو پییەر ڕامیس، Pierre Ramus ، سۆشیالیستی فەرەنسی کە لە نەمسا ژیاوە دەڵێت

" ئەوە لە گریمانەیەکی بێهودە زیاتر نیە کە ئاماژە بە لێکۆڵینەوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بکرێت وەک زانستێك، بە تایبەت ئەگەر ئەمە لە فۆرمێکی تەواو ئەبستراکتدا بکرێت، وەك مارکس کردوویەتی."[١]

فیکری مارکس هەر لەسەرەتای چلەکانی سەدەی نۆزدەیەوە تێکەڵەیەک بووە لە فیکری دەسەڵاتخوازیی و حیزبیی لەگەڵ بوونی مەیلێکی ئەنارکیستیانەدا کە لە هەندێك نووسینیدا وەکو ئەنارکیستێك نووسیوێتی. بەڵام بە تێپەڕینی کات و بەهۆی بەشداربوونی لە کۆڕ و کۆمەڵ و گروپەکاندا وردە وردە مەیلە ئەنارکیستیەکەی کاڵبووەتەوە و بەرەو دەسەڵاتخوازی و حیزبایەتی و هەندێك جاریش سەبارەت بە هەندێك شوێنیش بۆ پەرلەمانچێتی ڕۆیشتووە.

## مارکس و مانیفێستی کۆمۆنیستی[1]

مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست کە هەر لەدەرچوونیەوە تا ئێستا بایبڵی کۆمۆنیست و مارکسیەکان و سۆسیال دیموکراتەکان بووە کە قەناعەتیان بە ناوەڕۆکی "شۆڕشگێڕانە"ی هەبووە و هەیە. بەڵام ئەمە بۆچوونێکە گەر بە وردی بیخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت کە بەرگەی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە ناگرێت و سەر لەبەر هەڵدەوەشێتەوە. من لام وایە زۆربەی مارکسیەکان یا هەر نەیان خوێندۆتەوە یان پەیگیربوونیان بە مارکس و ئەنجلسەوە تا ئەو ڕادەیە بایاخدارە بۆیان، پیرۆزیی ئەو دوو بیرمەندەیان بەتایبەت مارکس ڕێگەیان پێنادات کە مانیفێستی کۆمۆنیستی وەکو خۆی ببینن.

لە تەواوی مانیفێستی کۆمۆنیستی دا هیچ وشەیەک لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی مووچە، کاری کرێگرتەوە نیە؛ دیارە تێگەیشتنی ئەمە ئاسانە چونکە ئەوان خواستیان کۆمەڵێکی سۆشیالیستی بەدەر لە دەوڵەتێکی سۆشیالیستی نەبووە، بەڵکو لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بووە کە دەکرێت ناوی دەوڵەتی سۆشیالیستی لێ بنێین. بوونی دەوڵەتێکی سۆشیالیستیش بەرنامەیەکی سەرمایەدارانەیە و ناتوانرێت نە بینا بکرێت و نە دەوامیشی پێبدریت ئەگەر بەشێکی زۆر لە پارەی کاری کرێگرتە نەڕوات بۆ خەرجییەکانی کە دەوڵەت و دەزگاکانی دەوڵەت پێویستیانە، کەواتە هەرگیز ناکرێت تەواوی ئەو پارەیەی کە کرێکاران پەیدای دەکەن بە خۆیان بدرێت.

---

١ لە لایەن Samuel Moore وە بە هاوکاری ئەنجلس لە ساڵی ١٨٨٨ وەرگێڕراوە بۆ زمانی ئینگلیزی.

سـه‌باره‌ت به كۆمۆنیزم –یش له‌و به‌یانه‌دا ته‌نها سێ جار وشـه‌ی كۆمۆنیزم له ڤێرشـنه ئینگلیزیه‌كدا كه خودی ئه‌نجلس وه‌ریگێڕاوه به‌كارهاتووه و هیچ ورده‌كاریه‌كیان له‌و باره‌وه نه‌نووسـیوه كه دیاره ئه‌مه‌ش به ئاگاییه‌وه بووه چونكه ئه‌وان زانیویانه كه كۆمۆنیزم ناتوانرێت له‌سـه‌ر ئه‌و بناغه‌یه‌ی كه ئه‌وان دایانناوه بینا بكرێت گه‌رچی قۆناغێكی فه‌رمانڕه‌واییان بۆ داناوه بۆ گه‌یشـتن پێی. ئه‌وان به جـۆرێك قسـه له‌سـه‌ر هه‌ڵوه‌شـاندنه‌وه‌ی موڵكداری ده‌كه‌ن كه دواتـر جێگره‌وه‌یه‌كیان بۆی نیه یا نایانه‌وێت دروشـمی " هه‌ر كه‌س به گوێره‌ی توانای خۆی و هه‌ر كه‌س به گوێره‌ی پێویسـتی خۆی " جێ به‌جێ بكرێت چونكه ئه‌وان به ئاشكرا له‌وه ده‌دوێن كه كۆمۆنیزم یانی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وی موڵكداریی به گشتی نیه، به‌ڵكو هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی خاوه‌نداریّتی بۆرژوازیه، كه‌واته لێره‌دا موڵكی گشتی كه به موڵكی ده‌وڵه‌ت داده‌نرێت تا ئێستاش ئه‌و چه‌مكه هه‌ر باوه و ده‌ستكاری ناكرێت و هه‌ر به موڵكی گشـتی [ ده‌وڵه‌ت] ده‌مێنێته‌وه چونكه موڵكێك كه له ده‌سـتی ده‌وڵه‌تدا بێت و ده‌وڵه‌تیش سـۆشـیالیسـتی بێت ئه‌و خاوه‌ندارێتی لێده‌كات، كه ئه‌مه‌ش سۆشیالیسیتی نیه.

بۆ به‌ڵگه‌ش ئه‌وه‌تا له به‌یانه‌كه‌دا ئاوا هاتووه

"تایبه‌تمه‌ندی جیاكه‌ره‌وه‌ی كۆمۆنیزم، هه‌ڵوه‌شـاندنه‌وه‌ی موڵكایه‌تی به گشـتی نیه، به‌ڵكو هه‌ڵوه‌شـاندنه‌وه‌ی خاوه‌نداریّتی بۆرژوازییه، چونكه خاوه‌نداریّتی تایبه‌تی بۆرژوازی مۆدێرن، ده‌ربڕینی كۆتایی و ته‌واوترین سیسته‌می به‌رهه‌مهێنان و ده‌سـتبه‌سـه‌راگرتنی به‌رهه‌مه كه له‌سـه‌ر بنه‌مای دژایه‌تی چینایه‌تی، له‌سـه‌ر ئیستغلالكردنی زۆرێك له‌لایه‌ن كه‌مایه‌تیه‌كه‌وه دامه‌زراوه."

له هه‌ندێك شوێنی دیكه‌دا به‌یانه‌كه ئاماژه‌ی به‌وه كردووه كه موڵكداری جوتیارانی بچوك و پیشـه‌گه‌ره بچووكه‌كان پێویسـت ناكات هه‌ڵبوه‌شـێنرێنه‌وه چونكه

پێشـــەوەچوونی پیشـــەســـازیی ڕۆژ بە ڕۆژ دەبێتە هۆکاری لەناوبردنی ئەوان. لێرەدا مـارکس و ئەنجلس چـاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە چۆن خودی دەوڵەت لای ئەوان دەپوکێتەوە و لەناودەچێت هەر ئاواش موڵکدارە بچوکەکانیش لەناوبچن. دیارە ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی کە خۆیـان لە کۆمەڵی کۆمۆنیزمیی لادەدەن. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت لە قۆناغی ڕاگوزەردا یاخود گواســتراوەدا کە بە ناوی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریاوەیە کە فۆرمێکی دەوڵەتە، ئەو موڵکە بچوکانە نامێنن و لەناودەچن.

ئەوان هەر لە ڕاگەیاندنەکەی مانیفێستدا دەگەنە ئەنجامێکی گرنگ و دەڵێن

" تێکڕای نرخی کـاری کرێکـاری کەمترین مووچەیە، واتە ئەو بڕە پـارەیەیە کە بۆ کەرەســـەکانی بژێوی کە بە تەواوی پێویســـتە بۆ ئەوەی کرێکار وەك کرێکارێك لە بوونی ڕووتـدا بمێنێتەوە. کەواتە ئەوەی کرێکـاری لە ڕێگەی کـارەکەی خۆیەوە دەستیدەکەوێت، تەنیا بەسە بۆ درێژکردنەوە و بەرهەمهێنانەوەی بوونێکی ڕووت. ئێمە بە هیچ شێوەیەك بەنیاز نین دەستتێوەردان بە مەبەستی هەڵوەشـاندنەوەی ئەو موڵك و داهاتانەی پیشەگەرە بچووکەکان بکەین، لەبەر ئەوەی ئەوان ناتوانن هیچ داهاتێك زیاد لە پێداویســتی خۆیان بەدەســتبهێنن کە فەرمان بەکاری ئەوانی دیکە بکات. تەنها شـتێك کە دەمانەوێت لەناوی ببەین، ســیفەتی بەدبەختی ئەم جۆری کارەیە، کە لە ســایەیدا کرێکار تەنها بۆ زیادکردنی ســەرمایە دەژی و تەنها ڕێگەی پێ دەدات تا ئەو ڕادەیەی کە بەرژەوەندی چینی دەســەڵاتدار پێویســتی پێیەتی بژی." ...... " لە کۆمەڵگەی بۆرژوازیـدا، کـاری زینـدوو تەنیـا ئـامرازێکە بۆ زیادکردنی کاری کەڵەکەبوو. لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیســتیدا، کاری کەڵەکەبوو تەنیا ئامرازێکە بۆ فراوانکردن، بۆ دەوڵەمەندکردن، بۆ پێشخستنی بوونی کرێکار."

بە وردی تەماشـــاکردنی ئەم دوو بڕگەیەی ســـەرەوە هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە کە مارکس و ئەنجلس قسـەیان لەسـەر هەڵوەشـاندنەوەی سـیسـتەمی کاری کرێگرتە نەکردوە بە واتایەکی دیکە قسـه لەســـەر قۆناغی کۆمۆنیزم کە خۆیان بە باڵاترین کۆمەڵی مرۆڤایەتیان داناوە و پاساوی دەوڵەتی پرۆلیتاریان بۆ داوە بۆ گەیشتن پێی. لەو بڕگانەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ئەوان باوەڕیـان بە مانەوەی چینی کرێکار وەکو چینی کرێکار هەیە. ئەمەش یانی مانەوەی ســەرماییەداران چونکە ئەو کارەی کە ئەوان ئەنجامی دەدەن

" ئەوە بۆ پاراسـتن و بەرهەمهێنانەوەی ژیانی مرۆڤ دروسـتکراوە و هیچ زیادەیەک بەجێناهێڵێت کە فەرمان بە کاری ئەوانی دیکە بکات." ئەوەی کە ئەوان دەیانەوێت لەباری بەرن تەنها " ســیفەتی بەدبەختی ئەم جۆری کارە، کە لەســـایەیدا کرێکار تەنها بۆ زیادکردنی ســـەرمایە دەژی و تەنها تا ئەو ڕادەیەی کە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار پێویستی پێیەتی، ڕێگەی پێدەدرێت بژی."

لەم بڕگەیەدا ئەوەش ئاشــکرایە کە لە نێوان کۆمەڵگەی بۆرژوازی و کۆمەڵگەی کۆمۆنیســـتیدا بۆ ئەوان دوو دێڕی کۆتایی ئەو بڕگەیەی ســـەرەوە بە جوانی دیاری کراوە.

لەگەڵ ئەوانەیشی کە لە سەرەوە وتران، دەبێت بزانین کە مانیفێستی کۆمۆنیستیی بەرهەمێکی ڕەســـەنی مارکس-ئەنجلس نیە، بەڵکو لە ناوەرۆکدا بەرهەمی چارلس فۆریوری، Charles Fourier ، فەرەنســی و ڤیکتۆر کۆنســێدرانتە و مـارکس و ئەنگلس بیرۆکەکانی ئەوانیان وەرگرتووە و پوختیان کردووە پاش دەسـتپیاهێنانێك بە فۆرمێکی تایبەتی خۆیان، نووسیویانەتەوە.

لە ڕاستیدا مانیفێستی کۆمۆنیستیی ڕاگەیاندنێکی شۆڕشگێڕانە نەبووە و نیە،

چونکە بۆ جارێکیش باس لە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کاری کرێگرتە ناکات، باس لە کۆمۆنیزم بە مانای کۆمۆنیزم ناکات، بەشە سیاسی و ئابوورییەکەی زیاتر قسە لەسەر سۆشیالیستی دەوڵەتی دەکات. بۆ سەلماندنی قسەکەم تکایە بەردەوام بە لە خوێندنەوەی وتارەکە.

لە بەشی یەکەمی بەیانەکەدا کۆمەڵگەی سەرمایەداری بەسەر بۆرژوازی و پرۆلیتاریادا دابەش بووە و ئەم دابەشبوونە بە دەرئەنجامی ململانێی چینایەتی پێناسە کراوە. ئەمە لە کاتێکدا زۆرێك لە نووسینەکانی مارکس ئاماژە بە پرۆلیتاریا تەنها وەکو کرێکارانی کارگەکان، بەشی پیشەسازیی دەکات، نەك سەراپای ئەوانەی کە بە دەستی سیستەمی سەرمایەدارییەوە یاخود پاشماوەی فیوداڵیزمەوە دەناڵێنن یاخود ئەوانەی کە مارکس بە " ریتەوپتەی کۆمەڵ" ناویان دەبات. بەشێکی زۆری ئەم بەیانە تەرخانکراوە بۆ بە ستایشکردنی بۆرژوازی و شکۆی و سەرسامبوون بەو پێشکەوتنە گەورەیەی کە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی. لەوێدا ستایشی ئەوە دەکات کە شارەکان دەوربەر و گوندەکانیان قووتداوە.

بەرای من ئەم قسەیە بۆ ئەو سەردەمە هەڵەبووە، سەرمایەداری بەو ڕادەیە گەشەی نەکردووە کە پاوانەی گوند و گوندنشینەکان بکات، بەڵکو ئاشکرایە کە هەرچی شارەکان بووە وابەستەی لادێکان و گوندنشینەکان بوون. ئەم دیاردەیە هەتا پێش ساڵانی پەنجاکانی چەرخی ڕابوردووش لە بەریتانیاش هەر وابووە.

هەر لەو بەشەی مانیفێستەکەدا هاتووە و دەڵێت

" بۆرژوازی، بەخێرا باشترکردنی هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بە ئامرازە ئاسانکارییە بێئەندازەکانی پەیوەندیکردن، هەموو نەتەوەکان، تەنانەت بەربەریترین نەتەوەشی، بۆ ناو شارستانیەت ڕادەکێشێت".

دەستخۆشی لە سەرمایەداری دەکرێت و درێژە بەم ئایدیا دەدرێت و دەنووسرێت

" بۆرژوازی دەوروبەری شـــارەکان و لادێکانی خســـتۆتە ژێر دەســـەلاتی شـار و شـــارۆچکەکانەوە، شـــارە زەبەلاحەکانی دروســـت کردووە، ژمارەی دانیشـــتوانی شـــارەکانی زۆر زیاد کردووە بە بەراورد لەگەڵ گوندنشـــینەکان و بەم شـــێوەیە بەشـێکی بەرچاوی دانیشـتوانی لە گەمژەیی ژیانی گوندنشـینیی ڕزگار کردووە. وەک چۆن لادێکانی وابەسـتەی شـارۆچکەکان کردووە، بە هەمان شـێوە گوندنشـینانی بەربەری و نیمچە بەربەری وابەستەی شارستانی کردووە، هەر ئاواش جوتیارانیشی بە بۆرژوازییەوە، ڕۆژهەلات بەرۆژئاواوە وابەستەکردووە."

پییەر ڕامیس، Pierre Ramus، لە وەڵامی ئەمەدا دەلێت ئەم لێدوانە ســـەبارەت بەو دیاردەیە هەڵەیە

" چونکە گەمژەیی کۆیلەی کارگەی پرۆلیتاریا لە شـــاردا کەمتر نیە لە کرێکاری هەژاری کشتوکاڵیی، بەپێچەوانەشەوە، بیری تەسکی بۆرژوازییەکی پیشەسازیی یان بـازرگـانیی لە شـــاردا، لە بیری تەســـکی چوارگۆشـــەیەك کە بۆ ڕوانـدنی هێرب بەکاردەهێنرێت لە دەرەوەی شـــار گەورەتر نیە. ژیانی لادێ بە ســـروشـــتی خۆی لە ژیانی شـــار باشـــترە و هەر بۆیە ئەو بارودۆخەی ئێســـتا بەهۆی ســـەرمایەدارییەوە دروست بووە، جێگەی پەشیمانیە نەک شکۆمەندیی" [٢]

لە بەشی بۆرژوازی و پرۆلیتاریادا ، دووبارە بەیانەکە دەڵیت

" بۆرژوازی، لە ڕووی مێژووییەوە، بەشـێکی زۆر شـــۆڕشـــگێڕانەی هەبووە". دواتر دەوترێت ".......هیچ پەیوەندییەکی دیکەی لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤدا نەهێشـتۆتەوە جگە لە بەرژەوەندیی خۆپەرستی ڕووت، جگە لە 'پارەدانی پارەی بێبەزەیی.."

ئەوەی راســتی بێت مێژوو نیشــانی دەدات نە ئەو ســەردەمەی کە مانیفێســتی کۆمۆنیســتیی تێدا نووســراوە و نە ئێســتاش پەیوەندی نێوان هەرە زۆرینەی مۆرڤەکان نامرۆڤانە نەبووە و دوورە لەو بەربەرییەتەی کە بەیانەکە باسیان دەکات.

گەر چی ئەم برگەیە لە بەیانەکەدا هەندێك راستی سەبارەت بە بۆرژوازی تێدایە، بەڵام بەڵگەیەك ناخاتە روو کە شــۆرشــگێر بووبێت، هەروەها ئەوە زیادەرۆییەکی زۆر گەورەیە کە دەڵێت

" هیچ پەیوەندییەکی دیکەی لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤدا نەهێشــتۆتەوە جگە لە بەرژەوەندیی خۆپەرستی رووت، جگە لە 'پارەدانی پارەی بێبەزەیی.."

بەڵام وەکو لە ســەرەوە وتم بە تێپەرینی ئەم هەموو ماوە درێژە هێشــتا پەیوەندی مرۆیانە گەرم و گورە و لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا بوونی هەیە. دوای ئەوەش ئەم قســە بێ بنەمایە و لە خۆیدا نکوڵی کردنە لە ئەنجامدانی شــۆرش لە لایەن کرێکارانەوە چونکە ئەگەر " شــۆرشــی بۆرژوازی" تەواوی مرۆڤایەتی خۆپەرســت کردبێت و پەیوەندی مرۆیانەی نەهێڵابێتەوە، ئیتر دەبێت چ هیوایەك بە شــۆرشــکردن و روودانی هەبێت؟ کرێکاران و تاکەکانی نێو کۆمەڵ ئەگەر ئەمە کاراکەتەر و تایبەتمەندییان بێت، چۆن چاوەروانی شۆرشیان لێدەکرێت؟

مانیفێســتەکە کە لە لایەن مارکس و ئەنجلســەوە نووســراوە و زمانحاڵی ئەوانە ئەوەندە ســەرسامی گەشــەی چینی بۆرژوازین بە رادەیەکی زۆر پێیدا هەڵدەدەن و بە کردنەوەی دەروی خێر و خۆشی بەرووی مرۆڤایەتیدا بە هەموومانی دەناسێنن بە بێ ئەوەی کە حســابی ئەوە بکەن کە رەنگە لە هەندێك رووەوە چەندێك خۆشــگوزەرانی بۆ خەڵکی هێنابێت زۆر زۆر لەوە زیاتر کارەســات و لەناوبردنی بۆ مرۆڤایەتیی هێنابێت، ئەمە جگە لە وێرانکردنی ژینگەش. دیاردەی وێرانکاری

گەشەکردنی بۆرژوازی زۆر بە ڕوونی لەم سەردەمەدا، لە سەردەمی گەشەی گەورەی سەرمایەداریدا بە باشی دەیبینین.

بەیانەکە جوتیاران و گوندنشینان بە گەمژە و چین و توێژی کۆنەپەرست دەزانێت هەر لەبەر ئەوەی کە بەرگری لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان و کۆمەڵەکانیان دەکەن و بەرەوڕووی ئەو گەشەکردنانە دەبنەوە کە بۆرژوازی هێناویتیە ئاراوە کە تەواوی ژیان و کۆمەڵە نەریتیەکانی ئەوان لەناودەبات، وەکو لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد.

مانیفێستەکە کە باس لە قۆناغی بۆرژوازی دەکات قسە لەسەر ئەوە دەکات ئەوانە هەمووی دەبێتە هۆی خولقاندنی بارودۆخێك کە بۆرژوازی هەژموونی زیاتر بەسەر بارودۆخەکەدا دەکات، لەو بارەشدا کرێ نزم دەبێتەوە لەبەر ئەوەی کە بەکارهێنانی ماشێن و ئامێرە تازەکان هەموو جیاکارییەکانی کار دەسڕنەوە. دەڵێت

" پەرەسەندنی کێبڕکێی نێوان بۆرژوازییەکان، و قەیرانە بازرگانیەکانی دەرئەنجامەکەی کرێی کرێکاران زیاتر دەگۆڕێت. باشتربوونی بێوچانی ئامێرەکان، کە تادێت خێراتر گەشە دەکەن، بژێوی ژیانیان زیاتر و زیاتر ناجێگیر دەکات"

لە پەرەگرفێکی دیکەدا بە جۆرێکی دیکە درێژەی پێدەدرێت و ڕوونتر کراوەتەوە و نووسراوە

" لەگەڵ ئەم گەشەکردنەی پیشەسازیشدا پرۆلیتاریا نەك هەر بە ژمارە زیاد دەکات؛ بەڵکو لە بارستاییەکی زیاتردا چڕ دەبێتەوە، هێزەکەی گەشە دەکات و زیاتر هەست بەو هێزە دەکات. بەمشێوەیە بەرژەوەندی و بارودۆخە جۆراوجۆرەکانی ژیان لە ڕیزەکانی پرۆلیتاریادا زیاتر و زیاتر یەکسان دەبن، بە ڕێژەیەک کە ماشێن هەموو جیاکارییەکانی کار دەسڕێتەوە و نزیکەی لە هەموو شوێنێك کرێ بۆ هەمان ئاستی نزم کەم دەکاتەوە...."

با لێرەدا هەڵوێستەیەك بكەین و بزانین ئایا تا چەندێك ئەوەی سەرەوە دروستە و بە دروستی ماوەتەوە. ئەوەی كە ئێستا لە واقیعدا دەیبینن زۆر زۆر جیاوازە لەوەی كە مانیفێستەكە قسەی لەسەر كردوە. كارگە و كارخانە و كۆمپانیاكان لە ئەمڕۆدا چەند بەشێكیان هەیە: وەك بەشی ڕێكلام، دۆزینەوەی بازاڕ، بەرهەمهێنان، ئای تی، یاسایی، پاككردنەوە و سكوێرێتی، چاودێری ماشێنەكان و خزمەتكردنیان، بەشی دانانی كرێكار و كارمەندی نوێ. لە هەموو ئەمانەدا كرێكاران بە گوێرەی شارازایی و پێداویستی كارگەكان و كۆمپانیاكان كار دەكەن و جیاكراونەتەوە. كەواتە جیاوازییەكان نەك هەر نەسڕاونەتەوە بەڵكو پێشەوەچوونی تەكنەلۆجیا و سەقامگیریی زیاتری سەرمایەداریی وای كردوە كە جیاوازی نێوان بەشەكان و زیادبوونی بەشی زیاتری كاركردن زیاتر بووە و هەموو كارەكان شارەزایی و لێوەشاوەییان پێویستە. هەموو ئەمانە هەلومەرجی سەر كارەكانیانی لە هەموو ڕویەكەوە جیاكردۆتەوە بۆیە هیچ بەشێك لەو بەشانەی كارگە و كۆمپانیاكان هەمان ماف و كرێ و موچەی ئەوانی دیكەیان نیە.

لە لایەكی دیكەوە لە مانیفێستەكەدا هاتووە كە كرێ كەم دەبێتەوە، لە ڕاستیدا كرێ و مووچە هەمیشە لە بەرزبوونەوەدایە، بەڵام نەك بە گوێرەی هەڵكشانی هەڵاوسانی پارە. هاوكاتیش بە بەردەوامی نرخی كاڵاكان و تێچوونیان و كرێی شوێنەكانی سەر كار لە بەرزبوونەوەدایە. ئا لەم بارەدا ناكرێت كە كرێ لە كەمبوونەوەدا بێت چونكە توانای كڕینی كاڵا كە داهاتی كرێ و مووچە دروستی دەكات پێویستە بۆ كڕینیان كە لە بازاڕدان، بۆیە بەڕای من شیكارەكانی نێو هەردوو بڕگەكە هەڵەن.

ئەمەی سەرەوە لایەنێكە، لایەنێكی دیكەی مانیفێستەكە ئەو دەربڕینەمان دەداتێ بە پێشەوەچوونی بۆرژوازی، پرۆلیتاریا وەكو چینێكی شۆڕشگێری خۆگر دەمێنێتەوە. گرفتەكە لێرەدا ئەوەیە كە پێناسەی ماركس و باسكردنی كرێكاران

لێرە و لە زۆر نووسـین و بڵاوکراوەی دیکەیدا ئەوەندەی من بزانم تەنها کرێکارانی کارگەکان دەگرێتەوە چونکە لای مارکس کە لە چەند شـوێنی تریشـدا وەکو پێشـتر وتم جوتیاران و پیشـەگەری بچوك و کاسـبکاران و دوکانداران بە پیتی بورجوا ڕیزکردووە و هاوکاتیش هانی کرێکارانی داوە کە هاوپشتی بورژوا بن لە دژایەتیکردنی ئەم چین و توێژانەدا. ڕاگەیاندنی مانیفیسـتی کۆمۆنیسـتی دەکەوێتە ناکۆکیەکی گەورەوە لەگەڵ ئەوەی پێشـتردا و لە بڕگەیەکی دیکەدا پاسـاوی کۆنەپەرسـتی ئەو توێژانە دەدات و دەڵێت

" بەشـی خوارەوەی چینی نـاوەڕاسـت، بەرهەمهێنەری بـچووك، دوكـانـدار، پیشـەگەران، جوتیاران، هەموو ئەمانە دژی بۆرژوازی دەجەنگن، بۆ ئەوەی خۆیان لە ناوچوون بپارێزن وەك بەشـەکانی چینی ناوەڕاسـت. لەبەر ئەوە ئەوان شـۆڕشـگێڕ نین، بەڵکو کۆنەپەرسـتن. بەڵێ ئەوان کۆنەپەرسـتن، چونکە هەوڵدەدەن چەرخی مێژوو بگەڕێننەوە دواوە. ئەگەر بە ڕێکەوت شـۆڕشـگێڕ بن، ئەوا تەنیا لە ڕوانگەی گواستنەوەی نزیکەوە بۆ ناو پرۆلیتاریا ئەوەندە نزیکدەبنەوە ئەمەش بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی ئێسـتـای خۆیـان نیە، بەڵکو بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی داهاتوویان دەکەن، پێگەی خۆیان جێدەهێڵن و خۆیان لە هەڵوێسـتی پرۆلیتاریادا دەبیننەوە."

ئەمە جگە لەوەی کە لە لاپەڕەی پێشـوودا شـتێکی دیکە وتراوە کە ناکۆکی پێوە دیارە. لەم بارەدا مەگەر هەر خودی مارکس و ئەنجلس خۆیان سەری لێدەربکەن

" لە هەموو ئەو چینانەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی بۆرژوازی وەسـتاون، پرۆلیتاریا بە تەنیا چینێکی شـۆڕشـگێڕە بەڕاستی، چینەکانی تر لە بەرامبەر پیشـەسازی مۆدێرن دەڕووخێن و دواجار نامێنن؛ پرۆلیتاریا بەرهەمی تایبەت و جەوهەری خۆیەتی."

ئەو سێ دێڕەی سەرەوە پرسیارێك دێنێتە پێشەوە: بۆچی پرۆلیتاریا بەرهەمی تایبەت و جەوهەری خۆیەتی؟ کە لە ڕاستیدا بەرهەم و جەوهەری چینی سەرمایەدارییە، هەر لەبەر ئەمەشە کە سەرمایەداری هەڵوەشێنرایەوە و پرۆلیتاریاش وەکو چین و وەکو تاك هەڵدەوەشێتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو چین و توێژانەش کە دەڵێت لە بەرامبەر پیشەسازی مۆدێرندا خۆیان ناگرن و دەڕوخێن، ئەی ئەمان لە کوێوە هاتوون؟ ئەمانیش تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و بەرهەم و داهاتی خۆیان هەیەو هەر ئاواش لە بەرانبەر چینی سەروەران و باڵادەستاندا ڕاوەستاونەتەوە تا ئەو کاتەی کە یا بێ کار دەبن یا دەچنە ڕیز و بەرەی ئەوەی کە مارکس پێیان دەڵێت پرۆلیتاریا.

ئەوەی کە ئێمە ئەمڕۆ دەیبینین گەشەکردنی گەورەی سەرمایەدارییە بەو ڕادەیەی ئەوانەی کە مارکس بە کۆنەپەرست و دژە شۆڕشیان دەزانێت ئەگەر لەناوی نەبردبن بە دڵنیاییەوە دایخزانوونەتە ڕیزی کرێکارانەوە و مانەوەی ئەم سیستەمە باوە بە هیچ شێوەیەك لە قازانجی ئەوانیش نیە، هەر ئەوەشە کە دەبینین بەشێکی نارەزاییەکان و خۆپیشاندانەکان لە هەموو ئەوروپادا ئەمان پێکدەهێنن.

مانیفێستی پارتی کۆمۆنیستی ئەو ڕستانەی سەرەوە، وەکو ئەوەی لە پەرەگرفەکەی خوارەوەدا دەیبینین بەوە کۆتایی دەهێنێت، کە سەرمایەداری گۆڕهەڵکەنی خۆیەتی هۆکارەکەش ئەو بارودۆخەیە کەخودی سەرمایەداریی دروستی دەکات، هەر لە زیادکردنی ژمارەی کرێکاران و پێشەوەچوونی هۆشیارییان و دارمانی چینی ناوەڕاست و کەوتنە ناو قەیرانە بەدوایەکەکانی ئابوورییەوە. مانیفێستەکە دەڵێیت

" پێشکەوتنی پیشەسازی کە بەرەوپێشبردنی نائیرادی بۆرژوازییە، جێگەی گۆشەگیریی کرێکاران دەگرێتەوە، بەهۆی کێبڕکێیەوە، بە پێکەوەگرتنی شۆڕشگێڕانەیان، بەهۆی پەیوەستبوونەوەی بە کۆمەڵیانەوە. گەشەسەندنی

پیشەسازی مۆدێرن، ئەو ڕێسایە بە کەم دەگرێت کە چۆن بورجواکان پارە دروست دەکەن و خۆیان دەگرن. کەواتە ئەوەی بۆرژوازی بەرهەمی دەهێنێت، لە سەرووی هەمووشیانەوە، گۆڕ هەڵکەنەکانی خۆیەتی و ڕووخانی، سەرکەوتنی پرۆلیتاریا بە هەمان شێوە دەکاتە شتێکی حەتمی."

ئاشکرایە ئەوەی کە مانیفێستی کۆمۆنیستی بە ئێمەی دەڵێت پێچەوانەکەی راستە، چونکە گەشەکردنی سەرمایە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی پێشتری زیاتر گەشەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا نە کرێکارانی کردۆتە شۆڕشگێڕ و نە سەرمایەداریشی دەستەپاچە کردووە لە چارەسەرکردنی گرفت و قەیرانەکانیدا. بە پێچەوانەوە ئەوەی کە لە ئێستادا دەردەکەوێت ئەوەیە هەتا سەرمایەداری گەشەی زیاتر بکات بزوتنەوەی کرێکاران لاواز و لاوازتر دەبێت. ئەم راستیەش بە روونی لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیادا دەبینین کە لە ساڵانی هەشتاکانەوە دوای مانگرتنە گەورەکەی کرێکارانی کانە خەڵووزەکان لە پاشەکشەدایە.

لە شوێنێکی دیکەدا مانیفێستی کۆمۆنیستی سەبارەت بە مێژوی مرۆڤایەتی دەڵێت

"..... ئەم تۆمەتە خۆی لە چیدا کورت دەکاتەوە؟ مێژووی هەموو کۆمەڵگەی ڕابردوو لە پەرەسەندنی دژایەتی چینایەتی پێکهاتووە، دژایەتیەك كە لە سەردەمە جیاوازەکاندا فۆرمی جیاوازیان وەرگرتووە"

بێ گومان لێرەدا مەبەستی بەیانەکە مێژووی ململانێی نێوانی چەوساوەکان و چەوسێنەرەکانە، ستەملێکراوان ستەمکارانە. بەڕای من ئەمە مێژووی تەواوی مرۆڤایەتی نیە، بەڵکو بەشێکی کەمێتی. ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین دەبینین ئەوەندەی بەیەکادان و شەڕ و ئاژاوە لەنێوان توێژەکانی یا لایەنەکانی خودی چینی

دەســـەڵاتدارانداهەبووە، ئەوەندە لە نێوان دەســـەڵاتداران/ فەرمانڕەوایان و بێ دەســـەڵاتان و فەرمانپێکراواندا نەبووە. هەر دوور نەڕۆین جەنگی ١٩٦٧ و ١٩٧٣ ی نێوانی ئیســـرائیل و هەندێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکان، جەنگی عیراق و ئێران ، جەنگی فۆکلەنـد، جەنگی کەنـداوی یەکەم و دووەم، جەنگی ئێســـتـای نێوانی ئۆکرانیـا کە بە نـاڕاســـتەوخۆ جەنگی نـاتۆ و روســـیـایە. لەم جەنگـانەدا هیچ جەمسەرێك لە جەمسەرەکان چەوساوە نەبوون، هەردوولای بەشداری جەنگەکە باڵادەســـت و چەوســـێنەر و زۆردار بوون. گرفتی گەورەی مانیفێســـتی کۆمۆنیســـتی بەڕەهایی قســـەکردنە لەســـەر هەموو ئەو باس و خواســـانە، کە خودی ئەوەش نادروستە.

لە بەیانەکەدا لە بەشی کۆمۆنیستەکان و پرۆلیتاریادا، کە بە رای من ڕاگەیاندنەکە قسە لە یەك لایەنی بوونی پرۆلیتاریا دەکات کە دەڵێت

" کرێکـاران هیچ وڵاتێکیـان نیە. نـاتوانین ئەوەی بەدەســـتیـان نەهێنـاوە لێیـان وەربگرینەوە. بەو پێیەی پرۆلیتاریا دەبێت پێش هەموو شـتێك باڵادەسـتی سـیاسـی بەدەســـتبهێنێت، دەبێت ســـەرهەڵبدات بۆ ئەوەی ببێتە چینی پێشـــەنگی نەتەوە، دەبێت خۆی وەك نەتەوە پێکبهێنێت، تا ئێســـتا، خۆی نیشـــتمانیە، هەرچەندە بە مانای بۆرژوازی وشەکە نیە".

لەم پەرەگرافەدا تەنها لایەنی کارکردنی کرێکـاران ڕەچـاوکراوە، بەڵام لایەنەکانی دیکەی وەکو زمان و کەلتور و فەرهەنگ و ئاین و لایەنی کۆمەڵایەتی و پاشـــخانی مێژوویی و پەیوەســـتبوونەوەی کرێکاران بە خاك و خێزانیانەوە فەرامۆش دەکات. ئەمە جگە لەوەی کە لە واقیعدا دەبینین ئەوەی کە نیشتمانی نیە سەرمایەدارانن، ئەوە ئەوانن کە پارە و ســـەرمایەکەیان پەســـاپۆرتە بۆیان و هیچ ڕێگرییەك نیە لە چوونی خۆیان و ســـەرمایەکەیان بۆ هەر شـوێنێك بیانەوێت. هەرچی کرێکارانیشـە

شـــانازی بە پەیوەســـتبوونی نەتەوەیی یان ئیتنیکی خۆیانەوە دەکەن و شــەڕی بۆ دەکەن و خۆیانی بۆ دەدەن بە کوشـــت و لە رووی ئابووریشـــەوە بەرەو پێشـــەوەی دەبەن.

لە کۆتایی ئەو بەشــەیدا، ڕاگەیاندنی مانیفێســتی کۆمۆنێســتیی ئەنجامگیرییەکەی بەوە دەگات کە دەڵێت

" پرۆلیتاریا، باڵادەستیی سیاسی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی پلە بە پلە هەموو سـەرمایەیەك لە بۆرژوازی وەربگرێت، بۆ ناوەندکردنی [ سێنترەلایزکردنی] هەموو ئـامرازەکانی بەرهەمهێنـان لە دەســتی دەوڵەتـدا، واتە پرۆلیتـاریـا کە وەک چینی دەسەڵاتدار ڕێکخراوە بۆ زیادکرنی کۆی هێزی بەرهەمهێنەر بە خێرایی". درێژە بەمە دەدات تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێت " بێگومان ئەم ڕێوشوێنانە لە وڵاتە جیاوازەکاندا جیاواز دەبن".

دواتر پێشنیاری هەندێک ڕێوشوێن دەکات بۆ جێبەجێکردن، لەوانە:

١- هەڵوەشـــاندنەوەی موڵکداری ســـەر زەوی و بەکارهێنانی هەموو کرێی زەوی بۆ مەبەستی گشتی.

٢- دانانی باجی قورس لەسەر داهات و وردە وردە بەرزکردنەوەی.
٣- هەڵوەشاندنەوەی هەموو مافێکی میرات و نەهێڵانی میراتگریی.
٤- دەستبەسەرداگرتنی موڵك و ماڵی هەموو کۆچبەران و یاخیبووان.
٥- بەنـاوەنـدکردنی قەرز لە دەســتی دەوڵەتـدا، لە ڕێگەی بـانکی نیشـــتمـانی کە سەرمایەی دەوڵەتی و قۆرخکاری تەواوە.
٦- بەناوەندکردنی ئامرازەکانی پەیوەندی و گواستنەوە لە دەستی دەوڵەتدا.

٧- زیادکردنی کارگە و کەرەســتەی بەرهەمهێنان کە دەوڵەت خاوەنداریێتی دەکات؛ بەکارهێنان و کێڵانی زەوییەکانی کە ماونەتەوە و بەکارنەهێنراون و باشــترکردنی خاکەکەی بەگشتی بەپێی پلانێکی هاوبەش.

٨- بەرپرســیارێتی هەمووان بە یەکســانی بەرامبەر بە کار. دامەزراندنی ســوپای پیشەسازی بەتایبەت لە بواری کشتوکاڵیدا.

٩- ئاوێتەکردنی کشــتوکاڵ بە پیشــەسازییەکانی بەرهەمهێنان؛ هەڵوەشــاندنەوەی وردە وردەی جیــاوازی نێوان شــــار و لادێ، بە دابەشــکردنی یەکســــانیــانەی دانیشتووان بەسەر دەوروبەری شارەکان و لادێکاندا.

١٠- خوێندنی خۆڕایی بۆ ســـەرجەم منداڵان لە قوتابخانە گشــتیەکان/ دەوڵەتیی. هەڵوەشاندنەوەی فۆرمی ئێستای کاری منداڵان لە کارگەدا .ئاوێتەکردنی پەروەردە بە بەرهەمی پیشەسازی و هتد.

ئەم خاڵ و داخوازیانە لە بەیانەکەدا بنەمای دروسکرتدنی دەوڵەتی سۆشیالیستیە و پلانی ســەرەکیە لەبری هەڵوەشــاندنەوەی سیســتەمی کاری کرێگرتە و بیناکردنی ســۆشــیالیزم. ئەم بەرنامەیە بە زیادەوە نەك هەر لە دەوڵەتە ســۆشــیالیســتیەکانی وەکو ڕوســیا و بلۆکی ڕوســیــای جاران جێبەجێکرابوون، تەنانەت ســۆشـــیـال دیمۆکرات لە هەر شــوێنێکی ئەوروپادا دەســەڵاتی گرتبێتە دەســت باشــتر و ڕێکخراوانەتر و لەو خاڵانەش زیاتری کردووە.

وەکو پییەر ڕامیس دەڵێت هەموو ئەم خاڵانە

" بەپێی مانیفێســتی کۆمۆنیســتی لە دەوڵەتی ســۆشــیالیســتیدا بەم شــێوەیە دەردەچێت: ئەوان، ســـەرکردە هەڵبژێردراوەکان، فەرمان دەکەن، حوکم دەکەن، بەڵام دوورن لە کاری بەرهەمدار، جەماوەر بە فەرمان لەژێر هێزی چەکدا کار دەکات، هاوشــێوەی ئەوەی پێشــتر کە ئێســتا لە زیندانەکان و ســەربازگەکان و

شـــوێنەئـاینیەکانی وەکو کەنیســـە و مزگەوتەکـانـدا دەکرێـت. ئەم بیرۆکـانە کۆنەپەرســتانەن، تەنانەت تازە و ئەســڵیش نین. ئیدارەی بەڕێوەبردنی لاتیفۆندیا، Latifundia ، لەلایەن کۆمەڵێک کۆیلەی زەبەلاحەوە لە ئێستادا چالاکیی کشتوکاڵی باڵادەســتی ئەو موڵکە گەورە وێرانبووە بوو لە ڕۆمای کۆن، کە زیاتر لە سێ ســەدە لە پێش مەســیحدا بوو. کەواتە گەڕانەوە بۆ بارودۆخی پێش مێژوو و ترســناکە و بە مانای مارکســـیزم دێت و وەك چۆن ڕۆما دەبوو لەو بارودۆخەدا لەو کاتەدا لەناو بچێت. هێنانەکایەی ئەم ســیســـتەمە تەنیا بە مانـای کۆیلەکردنی مرۆڤـایەتی و دیسانەوە ڕووخانی دەبێت" [٣]

لە ڕاستیدا وەکو پییەر ڕامیس هەستی پێکردووە ئەمە زۆر مەترسیدارە کە پاساو بۆ هێرشکاری ئیمپریالیسستی هێناوەتەوە. ڕامیس دەڵێت

" ئەمەش بە ڕوونی سیاسـەتی ئیمپریالیستی دەوڵەتانی سـەرمایەداری ڕەوا دەکات. دوو جەنگی جیهانی لە سەدەی بیستەمدا و جەنگە بە وەکالەتەکانی دواتر تا ئێستا جـارێکی دیکە نیشـــانیـان داین کە بە هیچ شـــێوەیەك لە ڕووی بەربەرییەتەوە ناتوانرێت لە گەلانی بەناو شارستانی تێپەڕێنرێن. پێچەوانەی ئەوەی مارکس دەڵێت ڕاســتە، ســەرمایەداری بە شـێوەیەکی ترســناك مرۆڤایەتی ئاوارە کردووە؛ ئەگەر بەردەوام بێت لە بوونی، هەڕەشــەی لەناوبردنی دوا پاشــماوەی مەیلی ســروشـتی باشــی مرۆڤەکان و یارمەتیدانی یەکتر و هـاودەنگی هـاوبەشـــتی ئـازاد دەکات. ئەم تایبەتمەندییە پێویســتانە بۆ ســۆســیالیزم لە نێو گەلانی ســەرەتاییدا زۆر باشــتر پەرەیان پێدراوە. هەموو بۆچوونەکانی مارکس زۆر کۆنەپەرستانەن". [٤]

پێچەوانەی ئەوەی کە هەندێك لە مارکسـیـیەکان، مارکس بە حیزبی نازانن و دەیانەوێت بڵێن مارکس دژ بە حیزب و دروسـتبوونی حیزب بووە. بە ڕای ئەوان هەر ئەوەش خاڵێکی جیاکەرەوەی نێوان ئەو و لینین بووە. ڕەنگە لە هەندێك شـوێندا کە زۆر کەمن مارکس لەگەڵ بوونی حیزبدا نەبووبێت، بەڵام وەکو پێشـتر وتم مارکس تێکەڵەیەك بووە لە سـۆشـیالیسـتی دەسـەڵاتخواز و دژە دەسـەڵات ( ئەنارکیست) ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە ساڵی ١٨٤٨وە لە بڵاوکردنەوەی مانفێستی کۆمۆنیستیەوە و زۆرێك لە نووسینەکانی دیکەیدا، ئەو بە تووندی جەختی لەسەر دروستبوونی حیزب بۆ کرێکاران و بۆ کۆمۆنیستەکانیش کردۆتەوە و دڵنیایی ئەوەی داوە کە چینی کرێکاران بێ حیزب ناتوانن خۆیان ڕێکبخەن و دەسـەڵات بەدەستبهێنن.

لە لایەکی دیکەوە مارکس و ئەنجلس لەو ڕاگەیاندنەدا ئەوە دەردەخەن کە کۆمۆنیسـتەکان بەشـێکی جیاوازن لە کرێکاران/ پرۆلیتاریا و هەمیشـەش لە لایەن مارکس و ئەنجلسـەوە حسابێکی تایبەتیان بۆ کراوە. ئەگەرچی ئەمان وەکو لینین بە زەقی قسـەیان لەسـەر هەناردەکردنی هۆشـیاریی لە لایەن کۆمۆنیسـتەکانەوە بۆ ناو ڕیزەکانی کرێکاران نەکردووە، بەڵام هەموو ئاماژەدانەکانیان بە کۆمۆنیسـتەکان هەر هەمان دەربڕین و مەبەست بووە کە لینین کردویەتی.

من لەم بەشـەدا هەوڵـدەدەم بەڕوونی پەنجە بخەمە سـەر ئەو ڕاسـتیە کە جیاوازییەك لە نێوان مارکس و ئەنجلس لەگەڵ لینین نەبووە. لینین کردەییتر و چالاکانەتر بووە لە کاری مەیدانیدا، ئەو بارودۆخەش کە لە ڕوسـیا سـەری هەڵدابوو زۆر بە باشـی بیرۆکەکەی مارکس و ئەنجلسـی خسـتە قاڵبی جێ بەجێکردنەوە.

هەموومان دەزانین لە خودی ڕاگەیاندنەکەیان ' مانیفێستی پارتی کۆمۆنیستیی ' نکوڵی لەوە ناکەن بۆیە چەند جارێك لەو ڕاگەیاندنەدا قسە لەسەر حیزب و پێویستبوونی بوونی حیزب دەکرێت.

هەر لە سەرەتای دەسپێکردنی ڕاگەیاندنەکەوە لە لاپەڕەی یەکەمدا لە خاڵی دووهەمدا دەربارەی ئەوەی کە ئیتر وەختی ئەوە هاتووە کە کۆمۆنیستەکان بۆچونی خۆیان دەربڕن نووسراوە

" کاتی ئەوە هاتووە کۆمۆنیستەکان بە ئاشکرا، لەبەردەم هەموو جیهاندا، بۆچوونەکانیان، ئامانجەکانیان، مەیلەکانیان بڵاوبکەنەوە و بەرخوردی ئەم چیرۆکە لە دایکبووەی سێبەری کۆمۆنیزم بە مانیفێستێکی خودی حیزب نمایش بکەن."

لە بڕگەیەکی دیکەی مانیفێستەکەدا سەبارەت بە ڕێکخستنی کرێکاران دەڵێت

" ئەم ڕێکخستنەی پرۆلیتارییاکان بۆ چینێك و لە ئاکامدا بۆ حزبێکی سیاسی، بە بەردەوامی بەهۆی ململانێی نێوان خودی کرێکارانەوە دیسان سەختتر دەبێتەوە. بەڵام هەمیشە جارێکی تر هەڵدەستێتەوە، بەهێز و بەهێزتر و پتەوتر دەبێتەوە. ناچاربوونی دانپێدانانی یاسایی بە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی کرێکاران بە سوودوەرگرتن لە دابەشبوونەکانی نێوان خودی بۆرژوازی، ئەمەش بووە هۆی جێبەجێکردنی یاسای دە کاتژمێر کارکردن لە ئینگلتەرەدا."

جۆن مۆلینیکس،John Molyneux ، کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی پارتی سۆشیالیستی کرێکاران لە بەریتانیا و دواتر پارتی سۆشیالیستی کرێکارانی ئیرلەندە دەڵێت

" بەڵام کاتێك کە یەکێك لەســـەر تیۆرییەکانی مارکس ســـەبارەت بە پارت دەدوێت، بابەتەکە باســـی پارتە ســـیاســـیەکان بەگشـــتی نییە، بەڵکو پارتە شـــۆڕشـــگێڕەکەیە کە ئامانجی ئەو، هەڵگێڕانەوەی ســـەرمایەداریە بەتایبەت کەسێك کە قسە لەسەرتێزی مارکسی سەبارەت بە پارتێکی سیاسی پرۆلیتاریانە دەکات، چونکە بە دڵنیاییەوە ئەوە دیدی ئەوە کە " بە تەنها پرۆلیتاریا، بەڕاســتی چینێکی شـــۆڕشـــگێڕن" مۆلینیکس هەر لە درێژەی ئەو نووســـینەیدا لە شـــوێنێکی دیکەدا دەڵێت " ....لە ڕاســـتیدا مارکس زۆرجار پێشـــنیاری ئەوەی کردووە لە تەواوی مانای وشـــەدا، بە هەســـتێکی تەواوەوە، ناتوانرێت کرێکاران بەچین وەرگیرێن هەتا پارتی جیاوازی خۆیان بینانەکەن" [٥]

لە کۆنفرانســی نێونەتەوەیی یەکەم، لە لەندەن ســـاڵی ١٨٧١ دووبارە جەخت لەسەر دروستبوونی حیزب کراوەتەوەو دەڵێت

" پرۆلیتاریا دەتوانێت تەنها بە دامەزراندنی پارتێکی ســـیاســـی جیاوازبۆ خۆی، وەک چین، کاربکات".

مارکس و ئەنجلس لە بەیانەکەدا ئەو دەربڕینەیان گەیاندووە کە ئەوان باوەڕیان بەوە هەبووە کە دەبێت کۆمۆنیســـتەکانیش حیزبی خۆیـان هەبێـت. جگە لەوەش ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمۆنیســـتەکان بەشـــێکی یـا کۆمەڵێکی جیـاوازن لە کرێکاران و پرۆلیتاریاکان. ئەم ڕاســـتیەش بە ڕوونی لە مانیفێســـتەکەدا لە بەشـــی پرۆلیتاریا و کۆمۆنیستەکاندا هاتووە کە دەڵێت

"کۆمۆنیستەکان پارتێکی جیا دروست ناکەن دژ بە پارتە کرێکارییەکانی تر".

هەر بە دوای ئەوەدا ئامانجی کۆمۆنیستەکان دیاری دەکات، ئەگەر چی ئەم دوو لایەنە وەك یەك نین و جیاوازن، بەڵام دەکرێت ئامانجی هاوبەشیان هەبێت. ئاشکرایە مارکس و ئەنجلس باوەڕیان وایە پرۆلیتاریاکان نابنە چینێك گەر خۆیان لە ڕێکخستنی حیزبیانەدا ڕێکنەخەن بۆ ئەوەش دەبێت دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست

". ئامانجی دەستبەجێی کۆمۆنیستەکان هەمان ئامانجی هەموو پارتە پرۆلیتاریاکانی ترە: پێکهێنانی پرۆلیتاریا بۆ چینێک و ڕووخاندنی باڵادەستیی بۆرژوازی و بەدەستگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە"

بەیانەکە لەوێدا ناوەستێیت، باس لە خەبات و تێکۆشانی کۆمۆنیستەکان دەکات لەشانی پارتە بۆرژوازییەکانەوە لە وڵاتانی جیا جیادا. منیش لێرەدا نموونەی ئەو وڵاتانەی کە لە بەیانەکەدا هاتووە وەکو خۆی دەنووسمەوە. ئەوەی کە لێرەدا گرنگە کە خوێنەر دەرکی پێبکات ئەوەیە کە ناکرێت و هەڵەشە کە مارکسیەکان سەرکۆنەی لینینیەکان و لینین بکەن لەوەی کە خودی لینین یا حیزبە لینینیەکانی بەشێکی زۆر لە وڵاتان دەستیان لەگەڵ حیزبی بۆرژوازی نیشتیمانی تێکەڵ کردو بوونە هاوپەیمانیان. ئەمەی خوارەوەش دەقی ئەو نموونانەن کە لە مانیفێستەکەدا هاتوون:

" کۆمۆنیستەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە دەستبەجێیەکان خەبات دەکەن بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندییە هەنووکەیەکانی چینی کرێکار؛ بەڵام لە بزوتنەوەی ئێستادا نوێنەرایەتی داهاتووی ئەو بزوتنەوەیەش دەکەن و ئاگاداری دەبنەوە. لە فەرەنسا کۆمۆنیستەکان خۆیان لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکان هاوپەیمانن دژی بۆرژوازی کۆنەپەرست و توندڕەو، بەڵام مافی خۆیان دەپارێزن کە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بەو دەستەواژانە و وەهمانە بگرنەبەر کە بە شێوەیەکی

نەریتی لە شۆڕشی گەورەوە گواستراونەتەوە.....لە سویسرا پشتگیری لە ڕادیکاڵەکان دەکەن، بەبێ ئەوەی ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرن کە ئەم پارتە لە توخمە دژبەرەکان پێکهاتووە، بەشێکیان لە سۆشیالیستە دیموکراتیەکانن، بە واتای فەرەنسییەکان،بەشێکی بۆرژوازی ڕادیکاڵ. لە پۆڵەندا پشتگیری لەو حزبە دەکەن کە پێداگری لەسەر شۆڕشی کشتوکاڵی دەکات وەك مەرجی سەرەکی بۆ ڕزگاری نیشتمانی، ئەو حزبەی کە لە ساڵی ١٨٤٦ دا یاخیبوونی کراکۆڤی وروژاند. لە ئەڵمانیا لەگەڵ بۆرژوازییەکاندا خەبات دەکەن دژی دەسەڵاتی پاشایەتی ڕەها و فیۆداڵی و بۆرژوازی بچووك، لەگەڵ بۆرژوازیدا خەبات دەکەن هەرکاتێك بۆرژوازی بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە مامەڵە بکات."

تێڕوانینی ورد لەو نموونانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پەیام و ئامانجی کۆمۆنیستەکان شۆڕشی سۆشیالیستی نەبووە بەڵکو بەجێهێنانی ئەرکی نیشتمانی بووە لەگەڵ حیزب و لایەنەکانی دیکەدا. جگە لەمەش مانیفێستەکە جەختی زیاتر لەسەر حیزب و جیاوازییەکانیان لە خەباتدا دەکاتەوە. لەم بارەشدا جیاوازی نێوان کۆمۆنیستەکان لە حیزبە کرێکارییەکانی دیکە لەم خاڵانەدا دەبینێت کە دەڵێت:.

" ١- لە خەباتی نەتەوەیی پرۆلیتاریاکانی وڵاتانی جیاجیادا ئاماژە بە بەرژەوەندی هاوبەشی تەواوی پرۆلیتاریا دەکەن، لەگەڵ هێنانە کایەی بەرەیەك کە سەربەخۆ بێت لە هەموو نەتەوەیەك.

٢- لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی گەشەکردندا کە خەباتی چینی کرێکار دژی بۆرژوازی دەبێت ، هەمیشە و لە هەموو شوێنێك نوێنەرایەتی بەرژەوەندی بزوتنەوەکە بە گشتی دەکەن."

له ئەنجامگیری ئەو دووخاڵەداڕاگەیاندنەکە دەگاتە مەبەستی خۆی و لە پاساودانی ئەو دوو خاڵەدا دەڵێت

" لەبەر ئەوە کۆمۆنیستەکان لە لایەکەوە، بە کردەوە، پێشکەوتووترین و بە ئیرادەترین توێژی حزبە کرێکارییەکانی هەموو وڵاتێکن، ئەو بەشەی کە هەموو ئەوانی دیکە پاڵدەنێتە پێشەوە؛ لە لایەکی دیکەوە، لە ڕووی تیۆرییەوە، ئەوان بەسەر جەماوەری گەورەی پرۆلیتاریادا ئەو سوودەیان هەیە کە بە ڕوونی لە هێڵی ڕێپێوان و بارودۆخەکان و دوا ئەنجامە گشتیەکانی بزوتنەوەی پرۆلیتاریایی تێبگەن."

له درێژەدان بەو پرسەدا مارکس و ئەنجلس دەگەنە سەرەنجامێك کە هۆکاری خەباتی کۆمۆنیستەکان دەخەنە ڕوو. هەر لێرەشدا قسە لەسەر بۆرژوازی و بێ توانایی و ناشایستەیی ئەو چینە دەکەن کە چیتر توانای بەڕێوەبردن و فەرمانڕەواییان نیە بە هۆی ئەوەی کە نوقم بوون لە بارودۆخێکی خراپی چەقیوی ئاواددا کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ کرێکاران کە جێگای ئەو بگرێتەوە. ئەمەش لەم بڕگەیەی خوارەوەدا بە ئاشکرا دەبینین، کە دەڵێن

" بە کورتی کۆمۆنیستەکان لە هەموو شوێنێک پشتیوانی لە هەموو بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە دەکەن لە دژی ئەو نەزمە کۆمەڵایەتی و سیاسیەی شتەکان کە هەن......... لە کۆتاییدا لە هەموو شوێنێکدا بۆ یەکێتی و ڕێککەوتنی پارتە دیموکراتیەکانی هەموو وڵاتان زەحمەت دەکێشن.

کرێکاری مۆدێرن، بە پێچەوانەوە، لەبری ئەوەی لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازیدا هەڵسێتەوە، قووڵتر و قووڵتر لە ژێر بارودۆخی بوونی چینەکەی خۆیدا نوقم دەبێت .دەبێتە هەژار و هەژارییش خێراتر لە ژمارەی دانیشتووان و سامان گەشە

دەکات. لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بۆرژوازی چیتر ناشـــایســـتە بۆ ئەوەی ببێتە چینی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگەدا و مەرجەکانی بوونی خۆی وەك یاسایەکی سەروەر بەســـەر کۆمەڵگەدا بســـەپێنێت. ناشـــایســـتەیە بۆ حوکمڕانی چونکە بێتوانایە لە دڵنیـابوون لە بوونێـك بۆ کۆیلەکەی لەنـاو کۆیلایەتیەکەیـدا، چونکە نـاتوانێـت یـارمەتی بـدات لە ڕێگەدان بە نوقمبوونی لە دۆخێکی وادا کە نـاچـارە خۆراکی پێبـدات، لەبری ئەوەی لەلایەن ئەوەوە خۆراك بـدرێـت. کۆمەڵگە چیتر نـاتوانێـت لەژێر ســـایەی ئەم بۆرژوازییەدا بژی، بە واتایەکی تر بوونی ئەو لەگەڵ کۆمەڵگەدا ناگونجێت".

## مارکس: پرۆلیتاریا، تەکنەلۆجیا، ئابووریی

پێش ئەوەی بێمە ناو ئەم باسەوە پێویستە پێناسەی باو بۆ پرۆلیتاریا بنووسمەوە کە مارکس و زۆرێکی تر لە چەپ و سۆشیالیستەکان لەسەری ڕێکن. پرۆلیتاریا زاراوەیەکی تایبەتە بۆ چینی کرێکار لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریدا، بە تایبەتی جەخت لەسەر چینی کرێکاری پیشەسازی دەکاتەوە. خودی مارکس ئەم دەستەواژەیەی بۆ وەسفیکردنی ئەو کەسانە بەکارهێناوە کە تەنیا هێزی کاری خۆیان هەیە بۆ فرۆشتن و خاوەنی هیچ سەرمایە و خاوەندارێتیەکی بەرچاو لە ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا نین. لە ڕوانگەی مارکسەوە پرۆلیتاریا وەك چینێک تەماشا دەکرێت کە دواجار هۆشیار دەبێتەوە لە چەوساندنەوەی و بەکارهێنانی لە لایەن چینی بۆرژوازیەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی خەباتێکی شۆڕشگێڕانە دژی سیستەمی سەرمایەداریی.

ڕۆح و جەوهەری هزری مارکس لە خۆئامادەکردندا بۆ شۆڕش و هێزە بزوێنەرەکەی، لە چینی پرۆلیتاریا و گەشە و پێشەوەچوونی تەکنەلۆجیادا چڕبووەتەوە. هەر ئەمەش بووە کە سەرجەمی لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی مارکس لەسەر تەکنەلۆجیا و پێشکەوتنی و سەرمایەداریی و کەڵەکەبوونی سەرمایە و زێدەبایی و ململانێی نێوانی پرۆلیتاریا و بۆرژوازی بووە، تاکو بیسەلمێنێت کە کۆمەڵی ئایندەی سۆشیالیزم لەسەر دەستی کرێکاراندا دروست دەبێت، ئەمەش یانی سۆشیالیزم نایەتەدی هەتا کۆمەڵ بە قۆناغی سەرمایەدارییدا تێنەپەڕێت. لەم ڕوانگەوە مارکس نەك هەر بەهایەکی لە هێجگار زۆری بۆ کرێکاران لە کۆمەڵ و ڕۆڵی شۆڕشگێڕییان داناوە، بەڵکو دەسەڵاتداریشیان دەکات و دەیانخاتە پێگەی دەسەڵاتەوە. هیوای مارکس ئەوەندە بە کرێکاران گەورە بووە، تا ئەو ڕادەیەی وەکو بوکچین دەڵێت

"مارکس نووسیویێتی و دەڵێت ئەگەرهەرکاتێك پرۆلیتاریا سەرمایەداریی-

سەرمایەداری بە سرووشتی قەبوڵکرد، ئەوە هەموو هیواکان بۆ شۆڕش ون دەبن"[٦]

پاش تێپەڕینی سەدە و نیوێك بەسەر مردنی مارکس و تیۆرییەکانیدا، جێگای داخە تا ئێستاش چەپەکان و مارکسیەکان و تەنانەت بڕێك لە ئەنارکیستەکانیش سەرسامن بە تیۆرییە ئابوورییەکەی. هەندێك لە ئەنارکیستەکان تیۆرییە سیاسیەکەی مارکس کە پرسی دەوڵەتە لە سای دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریادا ڕەتدەکەنەوە.

ڕەتکردنەوەی ئەو لایەنە تیۆرییەی مارکس و پەسەندکردنی ئەمەی دیکەیان لە ڕاستیدا لەخۆیدا تێنەگەیشتنە لە تیۆرییە ئابوورییەکەی مارکس. مارکس لە پرسە ئابوورییەکەیدا و گرێدانەوەی بە کۆمەڵی سۆشیالیستی ئایندەوە لەسەر مەسەلەیەکی زۆر گرنگ پێی داگرتووە. ئەویش گەشەکردن و پێشکەوتنی پیشەسازییە کە لێرەدا ئومێدی مارکس بە پیشەسازیکردنی وڵات بووە و ئومێدبوونیش بەم پیشەسازییە دروستکردنی چینی کریکاران و پێشەوەچوونی ئەم چینە لە ڕووی ژمارە و چۆنێتییەوە کە ئەم دووانە لای مارکس پێویست بوون بۆ بینای سۆشیالیزم و دواتریش گەیشتن بە کۆمۆنیزم لە ڕێگای دیکتاتۆریەتی پرۆلیتارياوە.

بە بڕوای مارکس ئابووریی بنەمای کۆمەڵگەیە و بەوە ناسراوە کە ژێرخانی کۆمەڵایەتیە و سەراپای دیاردەکانی دیکە وەکو سیاسەت و کەلتور و نەریت و وێژە و هونەر و فەرهەنگ و ئایین و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و هەموو شتەکانی دیکە سەرخانی کۆمەڵایەتیە. ئەمەش ئەو مانایە دەدات کاتێك کە گۆڕانکاری لە بنەما ئابوورییەکەدا دەکرێت ئیدی گۆڕانکارییەکانی دیکە لە سەرخانی کۆمەڵگەدا

بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بە بڕوای من ئەم تێڕوانینە لە تێڕوانینێکی تاکلایەنە زیاتر هیچی تر نیە چونکە چەندێك پرسە ئابوورییەکە گرنگە ئەوەندەش پرسەکانی دیکە گرنگن هەردووکیان لە شانی یەکدییەوە دەڕۆن و ڕەنگدانەوەی یەکدی دەبن. ژیانی کۆمەڵایەتی فێرمان دەکات کە هەموو پرۆسەکانی ژیان لە هاوشانی یەکترەوەن و یەکسانن.

گەر زیاتر ئەمە روونبکەمەوە دەڵێم ئەگەر گۆڕانکاری لە بواری کۆمەڵایەتی و کەلتور و فەرهەنگدا ڕوونەدەن، چەندێك گۆڕانکاری ئابووریش ڕووی دابێت ئەوە شکست دەهێنێت. هەر هەموو ئەمانە بە گوێرەی گرنگی خۆیان ڕۆڵیان هەیە لە ئاسانکاری تەواوی گۆڕانکارییەکاندا بۆ نموونە ئەمڕۆ کۆمپانیایەك بدەرە دەست کرێکارەکانی و تەواو ئازادیان بکە ئەوان پاش ماوەیەکی کەم خۆیان چاودێر و بەڕێوەبەر هەڵدەبژێرنەوە بە گوێرەی شێوەی کارەکانیش کرێی هەمووان دادەنرێت و دیاردەی پشك پشکێنە و قازانجی کارگەکە و دابەشکردنی دەبێتە هەوڵی سەرەکی کرێکاران. لە باشترین دۆخدا لە لایەن خۆیانەوە کارگەکە بەڕێوەدەبرێت، گریمانی ئەوەش هەیە هەر پاش ماوەیەك هەر وەکو پێشتری لێبێتەوە، بەڵام بە ناوێکی جیاوازەوە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە چونکە کرێکاران لەژێر زهنیەت و کەلتور و نەریتی ئەو سەردەمەدان و گۆڕانکاریان بەسەردا نەهاتووە.

باکۆنین سەبارەت بەمە و دەسەڵاتی سیاسی لای مارکس و مارکسیەکان دەڵێت

" بۆ پشتگیریکردن لە بەرنامەکەی بۆ دابینکردنی دەسەڵاتی سیاسی، مارکس تیۆرییێکی زۆر تایبەتی هەیە، کە تەنها دەرئەنجامی لۆژیکی تەواوی سیستەمەکەیە. ئەو پێی وایە کە بارودۆخی سیاسی هەر وڵاتێك هەمیشە بەرهەم و دەربڕینی ڕاستەقینەی بارودۆخە ئابوورییەکەیەتی؛ بۆ گۆڕینی یەکەمیان تەنها پێویستە

دووەمیـان بگۆڕدرێـت. هەموو نهێنی پەرەسـەنـدنی مێژوویی بە گوێرەی مـارکس لەوێدایە. ئەو هیچ حسـابێك بۆ فاکتەری دیکەی مێژوو ناکات، وەک کاردانەوەی هەمیشـەیی دامەزراوە سـیاسـی و یاسـایی و ئایینیەکان لەسـەر دۆخی ئابووری. دەڵێت: "هەژاریی کۆیلایەتی سـیاسـی بەرهەم دەهێنێت،واتە دەوڵەت." بەڵام ڕێگە نادات ئەم دەربڕینە بگۆڕدرێت، تا بڵێت: "کۆیلایەتی سـیاسـی، دەوڵەت بە نۆرەی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و هەژاری وەك مەرجێـك بۆ بوونی خۆی دەپـارێزێـت؛ بەجۆرێك کە بۆ لەنـاوبردنی هەژاری، پێویسـتـە دەوڵەت لەنـاوبچێت!" هەروەک سـەیر لەوەدایە مارکس ڕێگا لە خەلیفەکانی دەگرێت کە کۆیلایەتی سـیاسـی لەبەرچـاو بگرن، دەوڵەت وەك هـۆکـارێکی ڕاسـتەقینەی هەژاریی، فرمـان بە قوتابییەکانی دەدات لە پارتی سـۆسـیال دیموکراتدا کە دەسـت بەسـەرگرتنی دەسـەڵاتی سـیاسـی بە ڕەهایی پێویسـت و مەرجی سـەرەتاییە بۆ ڕزگاری ئابووریی [٧]"

گەر بە وردی ئە و چەمکەی کە پێشـتر بـاسـم کرد لێکبدەینەوە ئەم بۆچوونە وەهمێکی زۆر گەورەتری بۆ سـەراپای چەپەکان خولقاندووە، کە لەم تێڕوانینەوە توانراوە بوونی دیکتارۆییەتی بەلشـەفی/ دیکتاتۆرێتی پرۆلیتار لە ڕوسـیادا لەسـەر دەسـتی لینین پاسـاو بدات. هەروەها سـتالین-یش توانی ئەم چەمك و لێکدانەوەی مـارکس و لینین فراوانتر بکـات و زۆر بە جوانی فیکرەکەی ئەوان ڕونبکـاتەوە لە دابەشکردنی قۆناغی مرۆڤایەتی بەرەو کۆمۆنیزم بە قۆناغەکانی: کۆمەڵی سەرەتایی، کۆیلایەتی، فیوداڵی، سەرمایەداریی، سۆشیالیستی و دواتر کۆمۆنیزم.

تەکنەلۆجیا و چڕبوونەوەی چینی پرۆلیاتاریا و گەیشـتن بە قۆناغی سـەرمایەداری هیچ وەختێك و هەرگیزیش تـەنـانـەت مەرجی لاوەکیش نەبوون و نین بۆ بینـاکردنی کۆمەڵی سۆشـیالیستی/ ئەنارکیستی. ئەوەی کە بنەما پێویستەکانی خەباتکردن بۆ

بنیاتنانی ئەو کۆمەڵە دەسەپێنێت، کۆمەڵێکی پڕ لە کەمایەتییەکی دەستەبژێر، لە هەرەمبەندی/ پلەبەندیی، لە باڵادەستی و دەسەڵات و پاوانکردنی کۆمەڵ و خێر و خۆشییەکانی سروشت و ناو کۆمەڵ، لەگەڵ هەبوونی زۆرینەیەکی بندەست و فەرمانپێکراو و ڕەنجدەر و چەوساوە و بەشخوراو لە کۆمەڵدا. ئەمانەش لە هەموو قۆناغەکانی کە لەسەرەوە باسمکردن، جگە لە قۆناغی کۆمەڵی سەرەتایی، کۆمۆنوێڵی، بوونیان هەبووە، ئیدی ئەوە گرنگ نیە لە سەردەمێکدا کۆیلە، جوتیار یاخود کرێکار بوون. ڕاستە شێوەی چەوساندنەوەکان، تایتڵی چەوساوەکان و کۆمەڵەکان گۆڕاون، بەڵام جەوهەری چەوساندنەوەکان، کە لە ڕێی هەبوونی کۆمەڵە چینایەتییەکە و پێکهاتەی کۆمەڵی هەرەمیەوە بەرقەرار بووە، هەر ماوەتەوە و زیاتریش چڕتر بووەتەوە. لەم بارەشەوە باکۆنین دەڵێت :

" کۆیلایەتی دەتوانێت فۆرمەکەی و ناوەکەی بگۆڕێت ، بەڵام بنەماکەی وەك خۆی دەمێنێتەوە. ئەم بنەمایانەش بەم وشانە دەربڕراون: کۆیلەبوون ناچارکردنە بەکارکردن بۆ کەسانی دیکە- وەك کەسانی سەروەر و باڵادەست کە لە ژیانکردنیاندا لەسەر کاری مرۆڤەکانی دیکە دەژین. لە سەردەمی کۆندا، وەك ئەمڕۆ لە ئاسیا و ئەفریقا، بە سادەیی بە کۆیلە ناودەبرا. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ناوی "خزمەتکار"یان پێداون، ئەمڕۆ پێیان دەوترێت "مووچەخۆر " کە زیاتر کۆیلەن، بەڵام زۆر یا کەم بەهۆی برسێتی و هەروەها لەلایەن دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانەوە ناچارکراون کە بە کاری زۆر قورس بە ڕەهایی یان ڕێژەیی، تەمەڵیی ئەوانی دیکە بپارێزن. بەرەنجامەکەی کۆیلایەتیە و کۆیلەن، بەگشتی، هیچ دەوڵەتێك، چ کۆن و چ هی سەردەمی چەرخەکانی پێشوو بێت یاخود مۆدێرن، هەرگیز نەیتوانیوە و هەرگیزیش ناتوانێت بەبێ زۆرەملێی کاری کرێگرتەی جەماوەر بوونی

هەبێت، ئیدی چ مووچەخۆر بێت یاخود کۆیلە، وەک بنەمایەکی سەرەکی و ڕەهای پێویستی ئازادی و کولتوری چینی سیاسی: کە هاووڵاتین." [٨]

جەوهەر و بناغەی تیۆرییەکەی مارکس لەبەرچاوگرتنی سۆشیالیزمە، کە کۆمەڵگەکان لای ئەم ئەستەمە بگەنە سۆشیالیزم هەتا بە قۆناغی سەرمایەداریدا گوزەر نەکەن. سەبارەت بەم ڕاستیەش باکۆنین دەڵێت

" بیرکردنەوەی مارکس بە دژایەتیەکی ڕەها کۆتایی دێت. بە لەبەرچاوگرتنی تەنها پرسیاری ئابووری، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە تەنها ئەو وڵاتە پێشکەوتووانە، ئەو وڵاتانەی کە بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییان گەورەترین گەشەسەندنی بەدەستهێناوە، توانای ئەوەیان هەیە شۆڕشی کۆمەڵایەتی بکەن. ئەم وڵاتە شارستانیانە، بەدەر لە هەموو ئەوانی تر، زۆرتر توانایان هەیە کە دەستپێشخەری و هەڵگرتنی ئەم شۆڕشە بن. ئەم شۆڕشە یان بە ئاشتیانە، یان وردە وردە، یان بە ڕێگەی توندوتیژی، خاوەن موڵك و سەرمایەدارەکان ناچار دەکات بەدەستبەرداربوونی ئەوەی هەیانە..." [٩]

ئەم جۆرە تێڕاونین و بیرکردنەوەی مارکس و مارکسیەکان چەند تێروانینێکی هەڵەی بۆمان دروستکرد و لە هەندێك شوێنیشدا کارەساتی بەدوای خۆیدا هێنا، کە لێرەدا هەر بە کورتی ڕۆشنایی دەخەمە سەر هەندێك لەو چەمکانە کە وابەستەی چەمکەکەی مارکس و لینین و ستالین بوون.

**یەکەم**: ئەگەر سۆشیالیزم / ئەنارکیزم سەرەنجامی خەباتی چینایەتی بێت لە نێوانی سەروەران و باڵادەستان، ئیدی لەژێر هەر ناو و تایتڵێکدا بووبێتن لەگەڵ چین و توێژە چەوساوەکاندا لە تەواوی هەموو کۆمەڵەکاندا جگە لە کۆمەڵی کۆموونەی سەرەتایی، کاتێکیش ئەو خەباتەش بۆ لابردنی دەسەڵاتی چینایەتی بوو

بێت، باشــە خۆ ئەو ململانێ توند و تیژە لە هەموو کۆمەڵەکان دا هەبووە، کەواتە بۆچی دروســتکردنی کۆمەڵی ســۆشــیالیزم نەبووەتە ئامانج؟ کەموکورتیەکی دیکەی ئەم فیکرە فەرامۆشــکردنی کۆمەڵی پلەبەندیە/ هەرەمایەتیە کە لە لایەن هیچ کام لەوانەوە یا باس نەکراوە یا بە بەدەگمەن ڕێیان تێکەوتوە، کە پلەبەندیی بناغەی کۆمەڵی چینایەتی و مامانی کۆمەڵی چیانیەتیە.

ئایا لێرەدا ئەم تێفیکرین و کردنی ئەم چەمکانە بە ڕێسا و یاسایەك لێدان نەبووە لە بزوتنەوەی کرێکاران و باقی چەوســاوەکانی دیکە و دواخســتنی کۆمەڵی سۆشیالیزم؟

**دووەم:** هەر ئەم تیۆرییە بوو کە لە وڵاتانی بەناو جیهانی سێیەم ( ئاسیا و ئەفەریقا و ئەمریکای لاتین/ جیهانی پیشەسازی دواکەوتوو ) باوەڕی پێهێنراو لەو شوێنانە کە حیزبە کۆمۆنیســت و ســۆشــیالیســتەکان هاوپشــتی و هاوکاری حیزبە بۆرجوا دەســەڵاتدارەکان بوون تاکو کۆمەڵ بەرەو کۆمەڵی ســەرمایەداری لە ڕێگەی بۆرژوازی نیشتمانیەوە بەرن یاخود لە هاتنە سەر حوکمی هەندێك لەو حیزبانە لە هەندێك وڵاتدا بەناوی: دیمۆکراتی و دیموکراتی میللی و دیمۆکراتی نیشــتمانیی، دەســەڵاتیان بەڕێ دەکرد. بە حســابی ئەوان ئەمە ڕێخۆشــکەرە بۆ ســۆشــیالیزم چونکە قۆناغێك کۆمەڵ دەباتە پێشــەوە. ئەمەش کارێکی وایکرد ئەگەر چی پارتە کۆمۆنیست و بەلشەفیکەکانی جیهان باوەڕ و دروشمیشیان کۆمەڵی سۆشیالیزم بووبێت، بەڵام بە کاری کردە خەبات و تێکۆشــانیان بۆ بە پیشــەســازیکردنی وڵات کردووە، بۆ زیاتر کۆیلەکردنی کرێکاران و ڕەنجدەران و بەشخوراوان بووە.

بە کورتی ئەمەی سەرەوە، کە بەشێکی گرنگی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا کە بۆ مارکس و مارکسیەکان لە بنیاتنانی سۆشیالیزمدا زۆر گرنگ بووە، بە واتایەکی دیکە هاتنی

تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو لای ئەوان پێداویستییەکی مێژوویی بووە بۆ دروستکردنی هێزە بزوێنەرەکەی شۆڕش کە کرێکارانە، هەر ئاواش بۆ دەربازبوون لە کێشەی کەمبەرهەمیی. مارکس کەمبەرهەمیی بە نەبوونی تەکنەلۆجیای پێشکەوتووەوە گرێداوە، ئەو مەترسی ئەوەی هەبووە بەرهەم بەشی دانیشتوان ناکات. کەواتە لێرەدا ئەو هۆکارە گرنگە دەبینین کە بۆچی مارکس پێداگری لەسەر تەکنەلۆجیا کردووە.

بێ گومان مارکس هەر زوو گرنگی تەکنەلۆجیای بۆ دەرکەوتووە چونکە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا پتەوکردن و پێشەوەچوونی بۆرژوازییە و ڕۆیشتنە بەرەو قۆناغی گەشەکردنی پیشەسازیی. هاوکاتیش ئەمە بووە کە مارکس ئەوەی کە بۆرژوازی کردویەتی بە شۆڕشی زانیوە و پشتگیری کردووە و تا ئێستاش لەناو مارکسیەکاندا ئاوا باوە کە بۆرژوازی لەو سەردەمەدا چینێکی شۆڕشگێر بووە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم بۆچوونە برەو بە بیرۆکەی دابەشبوونی قۆناغەکانی مرۆڤایەتی دەدات بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم وەکو پێشتر باسم کرد.

لێرەدا دەکرێت باوەڕ بهێنین ئەوەشی کە لەسەردەمی 'لینین' و دوای ئەویش پەیڕەودەکرا، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەڵگانەی کە لەسەرەوە پەنجەم بۆ ڕاکێشان، مارکس سەرچاوەکەیەتی. بەو شێوەیە قسە و بۆچون و تیۆرییەکانی مارکس لەسەر دەستی لینین و شوێنکەوتووانیدا گەشەیان پێدراوە و خراونەتە پراکتیکەوە. جگە لەوانەش ئاشکرایە کە دەردی ئایدۆلۆجیا هیچ دەرفەتێکی بۆ مارکسیەکانی ئەو سەردەمە و ئێستاش نەهێلاوەتەوە تاکو سەر لە دووتوێی کتێبەکان بەرزبکەنەوە و بە مێشکی خۆیان تۆزێك بیر بکەنەوە و بزانن ئایا ڕاستی ئەمە لە کەتواردا دەبینرێت یا نا؟ پرسیارێك لە خۆیان بکەن خۆ ئەگەر ئەمە ڕاستی تیادا بێت ئەوە شۆڕشی

سۆشیالیستی لە وڵاتانی پیشەسازی دواکەوتودا هەرگیز ڕوونادات؟ ئەی ئەو شۆڕشە چۆن ڕوودەدات؟ هەنگاوە عەمەلییەکان بۆ ئەم پرۆسەیە چین؟

هاوکات واقیع و ئەزموونەکانیش ئەوەیان سەلماند نە حیزب دەتوانێت ئەمە بکات و نە چینی پرۆلیتاریاش تا ئێستا توانیوێتی یەکبگرن و دیکتاتۆری پرۆلیاتاریا بنیات بنێن. خۆئەگەر ئەوەش ڕوویدا ئەی چۆن ئەم قۆناغی چینایەتیە لە ڕێگای دەسەڵاتەوە،لە ڕێگای دەوڵەتەوە، دەگوێزرێتەوە بۆ قۆناغی دەرەوەی دەسەڵاتی ناچینایەتی؟ ئەمانە و کۆمەڵە پرسیارێکی دیکە هەن کە لە واقیعدا بۆ مارکسیەکان گرانە وەڵامیان بدەنەوە، مەگەر وەڵامەکەی تەنها لە بڕگەی کتێبەکاندا بدۆزنەوە.

ئەوە ١٤٠ ساڵ زیاتر بەسەر ڕۆیشتنی مارکس و شیکارییەکانیدا تێپەڕیوە، ئێستا زۆرێك لە ئێمە دەزانین کە سەرمایەداری لە حەفتاکانی چەرخی رابوردووە تا ئێستا رۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر و کاراتر دەرکەوتووە، لە بەرانبەریشدا بزوتنەوەی کرێکاران و جەماوەر لاوازو لاوازتر بووە تا ئەو ڕادەیەی لە هەندێك وڵاتی ئەوروپادا نوزەیان لێبراوە. ئەوەشی کە نەوەکانی پێش خۆی بەدەستی هێنابوو، وردە وردە لێی دەسەندرێتەوە، خەباتی کرێکاران تەنانەت ڕیفۆرمکردنیش نیە، بەڵکو هەوڵی ڕێگرتنە لە زەوتکردنەوەی ئەو ماف و دەستکەوتانەی کە پێشتر هەیانبووە یاخود ئێستا هەیانە.

دەتوانین بڵێین کە پێشبینیەکەی مارکس نەهاتەدی کە وای دەبینی بە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و زۆربوونی ژمارەی کرێکاران و ڕوودانی قەیرانە یەکبەدوایەکەکانی ئابوریدا، زەنگی لێدانی شۆڕش نزیکتر دەکاتەوە، سەرمایەداریش گۆڕهەڵکەنی خۆی دەبێت.

لەگەڵ وتنی ئەمانەشدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە جێگای سەرسورمان نیە مارکس

ئەوەندە دڵخۆش بووە بەگەشەی سەرمایەداری کە گەشەی پرۆلیتاریا لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە پێشبینیەکانی ئەو بە باش و خراپەوە لەسەر دیاردە و رِوداو و ئەزموونەکانی سەردەمی خۆی بووە ، بەڵام نە دەبوایە مارکس ئەمەی گشتگیر بکردایە. لەم رِووەوە بووکچین دەڵێت

" مارکس وای بینیوە کەسەرمایەداری پەیامێکی مێژوویی پێیە بۆ پێشخستنی تەکنەلۆجیا بۆ ئاستێك کە ئیدی دەتوانێت پێداویستیەکانی مرۆڤایەتی دابین بکات" [١٠].

دووبارە لە لاپەرِە ١٩٠دا، دەڵێت

" لەوەش زیاتر، مارکسیزم پەیگیرانە دەسەڵاتخواز بووە. مارکس و ئەنجلس تەماشای دەسەڵاتیان واکردووە کە بنچینەیە بۆ دسپلینکردنی پرۆلیتاریا و گوێرایەڵبوون." هەتا مارکس سەرمایەداری وا دەبینی کە بە وێرانکردنی فۆرمە ئابوویەکانی پێشینە و گەشەپێدانی تەکنەلۆجیا، رِۆڵێکی مێژوویانەی پێشکەوتنخوازانەی بینیوە. ئەو وا بیریکردۆتەوە کە کۆمەڵی چینایەتی پێویستی مێژوویە بۆ دروستکردنی بناغەی ئازادی مرۆڤایەتی"

بوکچین سەبارەت بەم تێزە و بۆچوونەی مارکس دەڵێت مارکسیزم

" پێشکەوتوترین ئایدۆلۆجیایە لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا" [١١]

سەرەرِای هەموو ئەوانەی سەرەوە تێرِوانینی مارکس بۆ چینی کرێکاران بەرِای من زۆر ناکۆك بووە کە لە کاتێکدا وتویەتی "دەوروبەر هۆشیاری چینایەتی دروست دەکات" ئەگەر لەم تێزەوە بۆ کرێکاران و هوشیاریان برِوانین ئەوە ناکرێت هۆشیاری کرێکاران و خەباتیان زیاتر لە سنووری سەندیکاکەیان تێپەرِ بکات،

کەچی مارکس لێرەدا چەمکەکەی خۆی لەبیر دەکات، کرێکاران دەکاتە هەڵتەکێنەری سیستەمەکە و دەوڵەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریان پێ دروست دەکات.

پێشکەوتنی سەرمایەداری کە لە خۆیدا بووەتە هێزێکی ویرانکەری کۆمەڵ و کۆمۆنتیەکان و وڵات و ژینگە، چەندەها توێژی کۆمەڵایەتی دروستکردووە، هەندێکیانی فڕێداوتە پەراوێزی کۆمەڵەوە. لەبەر ئەوە دەتوانین بلێین کرێکاران کە خاوەن کارن و موچەیان هەیە و زۆرێکیان شوێنێکی نیشتەجێبوونیان بەکرێ یاخود قەرزی بانق یا خاوەندارێتی هەیە. ئەم کرێکارانە لە چاو توێژە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو خانەنشینان و بێ کاران و قوتابیان و دایکان و باوکانی تەنیاباڵ و خەڵکانی بێ خانووبەرە، کە زۆربەیان نە کاریان هەیە و نە مووچە، خاوەنی ئیمتیازن. هەر ئەمەشە کە ئەو توێژانەی دیکە زیاتر لە کرێکاران دەچنەوە بە گژ دەسەڵاتدا بە بەردەوامی لەسەر شەقامەکانن بۆ ماف و زامنکردنی پێداویستیەکانی ژیانیان. بیرکردنەوەی ئێستام و بارودۆخی ئێستای کرێکاران ئەو هۆشیارییەم دەداتێ کە کرێکاران داینەمۆی شۆڕش نین، لانی کەم لە ئێستادا ، بەڵام بێ ئەوانیش شۆڕش ناکرێت و ڕوونادات.

جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان ئێستا و سەردەمی مارکس و باکۆنین. ئەو کاتە بارودۆخەکە زۆر جیاواز بووە لە لایەکەوە نە سەرمایەداری ئەوەندە پێشکەوتووە، نە کرێکارانیش ئەوەندە ژمارەیان زیاد بووە، هاوکاتیش بزوتنەوەی سۆشیالیستی بە هەموو باڵەکانیەوە لە برە و گەشەکردندا بووە. توخمە سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکان هەژموون و کارایی زۆریان لەسەر سەرجەمی کرێکارەکانی بەشە جیاوازەکاندا هەبووە تا ئەو رادەیەی بەرنامەکانی ئەمان گوێیان

لێگیراوە و کرێکاران بە دەم بانگەشەکانیشیانەوە چوون. بەڵام لە ئێستادا ئەوانەی سەرەوە هەمووی پێچەوانە بوونەتەوە.

بەو هۆکارەوە بووە کە مارکس بە ئەرکی سەرشانی کرێکارانی زانیوە و باوەڕی وابووە کە کرێکاران دەبێت شوورا و کۆمیتە و ئەنجوومەنەکانی خۆیانیان لە کارگە و کارخانەکانیاندا هەروەها لە شوێنەکانی دیکەشدا هەبێت، وەکو ئەنجوومەنێك، لیژنەیەکی باڵا و دەسەڵاتدار. خودی ئەمەش یانی دەسەڵاتدانە دەستی کرێکاران بەسەر بەشەکانی دیکەی کۆمەڵدا. ئاشکراشە دروستکردنی دەسەڵاتێك لە شێوەیەکی بچوك یا گەورەدا ڕێگاخۆشکردنە بۆ نەبوونی یەکسانی و دادوەری کۆمەڵایەتی و دروستبوونی کەسان و توێژی خاوەن ئیمتیاز. بووکچین لە دیمانەکەیدا لەگەڵ Janet Biehl ی برادەری، سەبارەت بە کۆمیتەی کرێکارییەکان دەڵێت

"ئەگەر کرێکاران لە پرۆژەکەیاندا خۆیان وەکو هاووڵاتیان لەبری کرێکاران نەبینن، کەواتە ئێمە دەرگا بۆ گریمانەیەکی بەهێز دەکەینەوە کە ئەوان بانگەشەی دەسەڵات لە شوێنەکانیاندا، لەسەر حسابی ئەنجوومەنە جەماوەرییەکان دەکەن. ئەمەش یانی کێشانەوەی دەسەڵات لە ئەنجومەنە جەماوەرییەکە و دانی بە شوێنی سەر کار، ئا بەو شێوەیە تۆ درز لە یەکێتی ئەنجوومەنە جەماوەرییەکە دروستدەکەیت و هەروەها ئەگەری زیاتری شوێنی سەر کار وەک توخمێکی سەرپەرشتیکار لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئەنجوومەنە جەماەرییەکەدا"

بوکچین درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت لێمگەڕێ با ئاسانی بکەم

" كە شوێنی سەرکار دەسەڵاتی زۆری هەبوو، ئەنجوومەنی جەماوەری دەسەڵاتی کەمە- هەروەها دەسەڵاتی کەمتر کە شوێنی سەرکار هەیەتی، ئەنجوومەنە جەماوەرییەکە دەسەڵاتی زۆرتری هەیە" [12]

مارکس ئەوەی باش زانیوە کە لەو سەردەمەی ئەودا کرێکاران لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا زۆر کەمایەتیبوون و لە دەرەوەی ئەو وڵاتانەشدا یا هەر نەبوون یاخود ئێکجار کەم بوون. کاتێك کە مارکس گەشەی کرێکارانی بە گەشەی تەکنەلۆجیاوە بەستۆتەوە، ئیدی ئەو هەستەی خۆی ناشارێتەوە کە گەشەی وڵاتان لە ڕوی تەکنەلۆجیاوە کە بەرهەمهێنەری کرێکارانە، ئەگەر ئەمەش لەسەر وێرانی وڵاتەکەش و پلیشانەوەی خەڵکەکەی و هەڵوەشاندنەوەی کۆمۆنتیەکانیشیان بێت، لای ئەو گرنگ نەبووە. باشترین نمونەیەکیش 'کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندییە' لە چەرخی نۆزدەدا کە مارکس زۆر دڵی پێیخۆشبوو.

لەگەڵ ئەو هەموو هیوابوونەی مارکس بە گەشەی سەرمەیاداری و ڕوودانی پشێوی ئابووری کە گوایە سەرمایەداری بەهۆی بێ پلانی و شەپۆلدانەوەی کاڵاکان لە بازاڕدا، لە پاڵ گەشەی چینی کرێکاران و هاتنی قەیرانە یەك بەدوای یەکەکانی ئابووریدا چی تر سەرمایەداری ناتوانێت دەوام بکات.

واقیع پێمان دەڵێت کە پێشبینیەکانی مارکس نەهاتنە دی. ڕاستە قەیرانەکان ڕوودەدەن بەڵام ئەوە دەسەلمێنن، کە ڕووداوگەلێکن هەمیشە پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی بەرهەمهێنانیان دووبارە دروستکردۆتەوە و بەگوڕ و تینێکی زیاترەوە نمایشی خۆی کردۆتەوە. گرفتی نەبوونی یاخود نەکردن و نەتوانینی پلاندانانیش لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، ئەوە چارەسەر کراوە. ڕاستیش ئەوەیە کە سەرمایەداران زۆر بە پلان کارەکانیان ئەنجام دەدەن، زۆر بە باشیش

دەتوانن بەسەر قەیرانە ئابوورییەکاندا سەرکەون، قەیرانێك کە هاتۆتە پێشەوە ئەوان توانیویانە ڕووبەڕوی کرێکاران و تەواوی دانیشتوانی وڵاتەکانیان بکەنەوە، لە ئێستاشدا ئەوە دەکەن. نەك هەر ئەوە بەڵکو خۆیان ناو بەناو بەمەبەستێك قەیران دروست دەکەن تاکو ئەوەندەی دیکە بزوتنەوەی کرێکاران و خەڵک لاواز و لاوازتر بکەن. هاتنی پەتاکان و دروستکردنی جەنگەکەکان بەڵگەی تەواون بۆ ئەوەی کە دەیڵێم.

بەڵگەی زیاتر هەیە بۆ پلانکردنی سەرمایەداری. دەتوانین پەنجە بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا ڕابکێشین کە توانی بە باشی بەرهەمهێنان پلان بکات و ڕێگا نەدات کاڵای زیادە لە بازاڕەکاندا کەڵەکە ببێت. ئەمەش بە کردنی کلیکێك لە هەر شوێنێك کە هەناردەی کاڵاکانی بۆ کرابێت دەزانرێت چەندێك لە کاڵاکان فرۆشراوە و دەفرۆشریت. هەروەها دەزانرێت لە بازاڕی چ وڵاتێکدا چەندێکیان پێویستە و ڕەواجی کاڵاکانی لە چ ئاستێکدایە. بە هەمان شێوەش سەرمایەدار، خاوەنکارگە و کۆمپانیا، بە هەمان ڕێگە بە گوێرەی فرۆشتنی کاڵاکان، دەزانن چەند کرێکاریش لەو شوێنەدا پێویستە.

وەکو لە سەرەتادا نووسیم مارکس هیچ دۆزینەوەیەکی نەکردووە، هیچ قسەیەکی نەکردوە کە پێشتر نەکرابێت. ڕاستیەکی سەلمێنراو هەیە کە قازانج دەستناکەوێت ئەگەر ئەوەی دروست دەکرێت یا دەگۆڕرێتەوە بە هەمان نرخی تێچووی خۆی بفرۆشرێت یاخود بگۆڕرێتەوە.

دەتوانم بڵێم هەر ئەوانەی سەرەوە کورتبینی مارکس نەبووە. لە زۆر ڕووی دیکەوە قسەکانی یاخود شیکردنەوەکانی مارکس کورتیان هێناوە. هەر بۆ نموونە کاتێك کە

قسەی لەسەر بۆرژوازی کردووە لە مانیفێستی کۆمۆنیستیدا دەڵێت لەبەر ئەوەی کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە توانیوێتی کرێکاران بچەوسێنێتەوە.

ئەمەی مارکس دەیڵێت تەنها بینینی یەکلایەنەی پرسەکەیە. ئەوەی کە هاوکاری ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی لە دەستی چینی بورژوادا کردووە بوونی دەسەڵات بووە. دەسەڵاتی ئیداری و جیهازی دەوڵەت ، کەلتوریی، فەرهەنگیی ، یاسایی، کۆمەڵایەتی بووە کە لە شانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە ڕۆڵی خۆیان بینیوە، ئەگینا هەرگیز چینی بۆرژوازی نەیدەتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ دەوام بکات. دڵنیابوونی دەسەڵات بۆ مانەوەی موڵك و ماڵ و پشتگرتنی بە بەکارهێنانی توندوتیژی و سەرکوتکردن هۆکاری سەرەکی مانەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بووە لە دەستی سەرمایەداراندا.

لە لایەکی ترەوە مارکس لە سەرمایەدا باس لە لایەنی بێکاری کرێکاران دەکات. ئەو وا پێشبینی کردووە کە بە پێشەوەچوونی سەرمایەداری ڕێژەی بەتاڵە زیاتر دەبێت و کرێی کرێکارانیش کەمتر دەبێتەوە، هەر وەهاش قازانجیش کەمتر دەبێتەوە. تێپەڕینی کات و پێشەوەچوونی تەکنەلۆجیا تا ئێستا، کە هێشتا ڕۆبۆت و زیرەکی دەستکرد بە تەواوی جێگای کرێکارانیان نەگرتۆتەوە، ژمارەی بێ کارانی بەگوێرەی ژمارەی هێزی کار لە بازاڕدا بەو رادەیە زیادی نەکردووە هەر بەوجۆرەش کرێی کار یاخود مووچە بە بەردەوامی لە بەرزبوونەوەدایە ئەگەرچی لە خوار ڕێژی هەڵاوسانی پارەوەیە. ئەمە جگە لەوەی کە ڕێژی قازانجی کۆمپانیا گەورەکان ساڵانە لە بەرزبوونەوەدایە. ئەمانە هەموو ئەوانە دەسەلمێنن کە گرفتی مارکس، بە ڕەهایی قسەکردن بووە لەسەر ئابووری و لەسەر چینی کرێکاران و گشتگیریکردنیان.

خاڵێکی دیکەی شیکردنەوە ئابوورییەکەی مارکس ئەوە بووە کە پێوەرەکانی کاری مرۆڤ بەهای هەموو شتەکان دیاری دەکات. لەم خاڵەشدا مارکس هەر کورتی

هێناوە، با هەر لێرەدا چەند نموونەیەك بهێنمەوە. زۆر جار پارچە زەوییەك كە هیچ كارێكی تێدا نەكراوە، واتە بەكارنەهێراوە زۆر نرخی زیاترە لە پارچە زەوییەك كە بینایەكی لەسەر دروستكراوە یا بەكارهێنراوە. هەروەها بەكارهێنانی ئاو و هەوا كە هیچ كارێكی مرۆڤی تێدا بەرجەستە نەبووە تا ئەو كاتەی كە بوون بە بەشێك لە بزنسێكی سوودمەند. لەمانەش زیاتر كاری بیرو رۆشنبیری و فیكرییە، نووسینە كە كەس ناتوانێت بەهای ئەم كارانە بە بەكارهێنانی كاتی كاركردن لەسەریان بخەملێنێت.

ماركس لە بواری ئابووریدا كاتێك كە جەختی لەسەر پیشەسازی و پێشكەوتنی كردۆتەوە، لێرەدا كە لایەنی سەرەكی لایەنی كشتوكاڵییە تا ڕادەیەك فەرامۆشی كردووە یاخود وەك پرسێكی لاوەكی تەماشای كردووە. لە ڕاستیدا پێچەوانەكەی ڕاستە، ئەوە لایەنی پیشەسازییە كە لە پلەی دووەمدا دێت، بەڵام بەرهەمی كشتوكاڵی فۆرمی سەرەكی هەموو بەرهەمهێنانێكە و هاوكاتیش بنەمای لایەنە پیشەسازییەكەیە. ئەگەر بەرهەمهێنانی كشتوكاڵی نەبوایە ژیان نەدەبوو هەر ئاواش پیشەسازییش بوونی نەدەبوو. تەمەنی پیشەسازیی لەچاو تەمەنی بەرهەمی كشتوكاڵیدا هەر زۆر زۆر كورتە.

ماركس و ئەنجلس لە بەشێكی مانیفێستی كۆمۆنیستیدا دەڵێن " تا ئێستا هەموو فۆرمەكانی كۆمەڵگە، وەک پێشتر بینیمان، لەسەر دژایەتی چینە چەوسێنەر و چەوساوەكان دامەزراوە. بەڵام بۆ ئەوەی چینێك بچەوسێنرێتەوە، دەبێت هەندێك مەرجی بۆ دڵنیا بكرێتەوە كە لەژێر ئەو مەرجانەدا لانیكەم بتوانێت درێژە بە بوونی كۆیلەیی خۆی بدات. كۆیلە، لە سەردەمی كۆیلایەتیدا، خۆی بۆ ئەندامێتی لە كۆمۆندا نواند هەروەک چۆن بۆرژوازی بچووك، لە ژێر نیڵەی فیوداڵیدا، توانی گەشە بكات و ببێتە بۆرژوازی. كرێكاری مۆدێرن، بە پێچەوانەوە، لەبری ئەوەی

لەگەڵ پێشـکەوتنی پیشـەسـازیدا هەسـتێتەوە، قووڵتر و قووڵتر لە ژێر بارودۆخی بوونی چینەکەی خۆیدا نوقم دەبێت. دەبێتە هەژار و هەژاریش خێراتر لە ژمارەی دانیشتووان و سامان گەشە دەکات. لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بۆرژوازی چیتر ناشایستەیە بۆ ئەوەی ببێتە چینی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگەدا، و مەرجەکانی بوونی خۆی وەك یاسایەکی سەروەر بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت. شایستەی حوکمڕانی نیە چونکە بێتوانایە لە دڵنیابوون لە بوونێک بۆ کۆیلەکەی لەناو کۆیلایەتیەکەیدا، چونکە نـاتوانێـت یـارمەتی بـدات لە ڕێگەدان بە نوقمبوونی لە دۆخێکی وادا کە نـاچـارە خۆراکی پێبـدات، لەبری ئەوەی لەلایەن ئەوەوە خۆراك بـدرێـت. کۆمەڵگە چیتر نـاتوانێـت لەژێر سـایەی ئەم بۆرژوازییەدا بژی، بە واتـایەکی تر بوونی ئەو لەگەڵ کۆمەڵگەدا ناگونجێت."

لە ڕاسـتیدا ئەم بڕگەیە مانایەکی ئاوا نابەخشـێت، هەروەها چەند پارادۆکسـێك لێرەدا هەیە. یەکەم ڕاگەیاندنەکە ئەوە نیشان نادات کە چۆن کۆیلەکان توانیویانە ئاسـتی خۆیان وا بەرز بکەنەوە ببنە ئەندامی کۆمۆنەکە. دووەم: لە چەند دێڕێکی ئەو بڕگەیەدا باسـی شـکسـتهێنانی بۆرژوازی دەکات و بێ توانایی لە حوکمکردن و حوکمڕانیدانیشـان دەدات. ئەمە لە کاتێکدا لە سـەردەمی مارکس و ئەنجلس دا بۆرژوازی لە هەموو ڕوویەکەوە لە گەشـەی بەردەوامدا بووە و ئاسـۆی داڕمانی لە هیچ شـوێنیکەوە دیار نەبووە، تەنانەت ئەو ئاسـۆیە لە ئێسـتاشـدا هەر نادیارە و سـەرمایەداریی لە گەشـە و پێشـەوەچووندایە. هەر لەو بڕگەیەدا ئەو باسـەی کە ئەوان بۆ کرێکارانی دەکەن، کرێکاران دەبەنە ئاستێکی ئاواوە کە تەنانەت ناتوانێت بژێوی خۆی بە دەسـتبهێنێت. ئەمەی کە لێرەدا هاتووە پرسـیارێك دروسـت دەکات کە کرێکارێك لەو بـارودۆخەدا بێـت چۆن دەتوانێـت شـۆڕش بکات ؟ خۆ ئەگەر شـۆڕشـی کرد ئایا دەزانێت چی دەوێت و چی بینا دەکات، بەو بارودۆخەوە دەتوانێت بەردەوامی بەمانەوەی خۆی بدات؟

## پرسی ناوەندگەرایی و دەسەڵاتخوازیی

مایەی سەرسوڕمان و تێڕامان نیە کە دەبینین مارکس باوەڕی بە ناوەندگەرایی هەبووە و کاریشی لەسەر کردووە چونکە خۆی دەسەڵاتخواز بووە. مارکس هەر وەك چۆن لە پرسە سیاسیەکەیدا کە لە بەشێکی دیکەی ئەم نامیلکەیەدا دێمەوە سەری دەسەڵاتخواز و دەسەڵاتویست بووە هەر ئاواش لە بواری ئابووریشدا ناوەندگەرایی لای گرنگ بووە، هەر وەکو چۆن پرسی بە پیشەسازیکردنی وڵات بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە لای ئەو.

مارکس تا ئەو کاتەشی کە مرد پەیگیری لەسەر ئەو دوو مەسەلەیە دەکرد و بە دوو بناغەی گرنگی دادەنا بۆ بیناکردنی سوشیالیزم. هەر لەبەر ئەوەش هەردوکیان ( مارکس و ئەنجلس) نەك هەر لایەنگر و شەیدای ناوەندگەرایی لە بواری سیاسیدا بوون بەڵکو لە بواری پیشەسازی و ئابوریشدا هەر وابوون، خۆشیان هەرگیز نکوڵییان لەم ڕاستییە نەکردووە. من لە سەرەوە باسم لە ناوەندگەرایی لە بواری سیاسیدا کرد.

ئەوان تەماشای دەسەڵاتیان واکردووە کە شتێکی بنچینەییە بۆ دسپلینکردنی پرۆلیتاریا و گوێڕایەڵی بوون. ئەنجلس زۆر ڕاشکاوانە ئاوا وەسفی کارگە دەکات

" قوتابخانەیەکی هیرراشی / هەرەمیە بۆ گوێڕایەڵێتی و فەرمانکردن" [١٣]

لە شوێنێکی دیکەدا بووکچین دەڵێت

" مارکس و ئەنجلس نەك هەر لە سیاسەت بەڵکو لە بواری کۆمەڵایەتی و پیشەسازیشدا، سێنترالیست بوون. هەرگیز ئەم ڕاستییەیان نکوڵی نەکردووە، نووسینەکانیان و دیراسەکانیان لەتەك وەسفە ڕاستەوخۆکانیان بۆ سیاسەت و

ڕێکخراوێتی، نایشارنەوە. هەر زوو لە سەرەتای مانگی ئازاری ساڵی ١٨٥٠ دا بوو، لە پەیامەکەی لە کۆمیتەی ناوەندییەوە بۆ گروپی کۆمۆنیست، Central Council to the Communist League ، مارکس " بانگشەی ئەوەی کرد کە کرێکاران بە تەنها تێنەکۆشن بۆ یەکتایی و تاکێتی کۆماری ئەڵمانی، بەڵکو دەبێت تێکۆشانیشیان بە زۆری و لێبڕاوانە بۆ ناوەندگەرایی دەسەڵاتیش لە دەستی دەسەڵاتی دەوڵەتتدا، بێت"

.... هەر لەو پەرەگرافەدا سەر لە نوێ دووبارەبووەتەوە و ئەنجامگیری ئەوەی کردووە

" هەر وەك لە فەرەنسای ١٧٩٣ دا ئەڵمانیای ئەمڕۆش کە بە ڕێگای ناوەندگەرییەکی پتەو و ڕێك و پێکدا تێدەپەڕێت کە ئەمەش لە حەقەتدا مەهامی پارتێکی شۆڕشگێڕە" لە سالانی دوای ئەوەش هەمان شت بەردەوامبووە، کە جەنگی فرانکۆ و بروسیا دەستی پێکرد، بۆ نموونە، مارکس بۆ ئەنجلسی نووسی" فەرنسییەکان پێویستیان بە بەزاندن هەیە. گەر برۆسیەکان بیبەنەوە، ناوەندگەرایی ( مەرکەزییەتی ) دەسەڵاتی دەوڵەت بەسوود دەبێت بۆ سێنترەلایزکردنی چینی کرێکارانی ئەڵمانیا" [14]

مارکس کە کەسی یەکەم و سەرەکی بووە لە دروستکردنی نێونەتەوەییدا، لەوێشدا خۆی کەسی یەکەم بووە لەسەر و هەرەمەکەوە، خۆی خاوەن بڕیار بووە. بە حوکمی توانا و لێهاتوییەوە توانیوێتی کە زۆرینەیەك لە ئەندامانی کۆنگرە و دانیشتنەکان بە ڕاو بۆچوونەکانی خۆی ڕازی بکات بەوەی کە ویستویەتی بیسەپێنێت. هەر ئەو مەیلە دەسەڵاتخوازی و ناوەندگەرییە بووە کە توانی باکۆنین و هاوڕێکانی لە نێونەتەوەیی بەدەربنێن. دواجاریش بۆ بەرگریکردن لە ڕاو بۆچوونی خۆی باکۆنین بکاتە سیخوڕی دەوڵەتی ئەو سەردەمەی ڕوسیا.

دەیڤد ئادەم، David Adam ، لە پاسـاوی بەکارهێنـانی چەمکی نـاوەنـدگەرایی مارکس-دا دەیەوێت پێمان بڵێت گرفتەکە ئەوەیە کە ئێمە لە مارکس تێناگەین و نازانین مەبەستی ئەو لە بەکارهێنانی ئەو چەمکە چییە. دەیڤد دەڵێت

" زۆر کەس مارکس وەك داکۆکیکارێکی سـۆسـیالیزم - لە سـەرەوە بیردەکەنەوە، چونکە وشـەی "ناوەندگەرایی" دەبیسـتن و وا دەزانن مارکس بانگەشـە بۆ جۆرێك لە ڕێکخسـتنی تاکرەوانە دەکات...... مارکس پێی وابوو هەم ناوەندگەرایی (پلانێکی هـاوبەش) و هەم کۆنترۆڵی دیموکراسـی لە خوارەوە پێویسـتن بۆ بنیـاتنـانی سۆسیالیزم." [15]

سـەربـاری ئەوانەی سـەرەوەش بەڵگە هەیە کە مـارکس دانبەخـۆداگرتـن و تێگەیشـتنی بۆ هـاوڕێیـان و ئەوانەی کە لە دەوروبەری بوون کەم بووە چونکە هەمیشـە خۆی بەڕاسـت زانیوە و بە توانای فیکری ئاسـتی بەرزی جەدەلکردنی و ڕازیکردنیان لەخۆبایی بووە.

## پرسی شۆڕش و پەرلەمان

مارکس و ئەنجلس هەر لە سالی ١٨٤٨وە لە دەرکردنی مانیفێستی پارتی کۆمۆنیستەوە لەسەر هێلێکی ڕێك یاخود پێناسەیەکی دیارکراو سەبارەت بە شۆڕش و ئامانجی شۆڕش نەوەستاونەتەوە. ئەوان لە هەوڵی بنەبڕکردنی جیاوازی چینایەتی و هاندانی کرێکاران بۆ دەسەلاتگرتنە دەستی دەوڵەت لە لایەکەوە جارێك دژایەتی بۆرژوازییان کردوە بە تایبەت پیتی بورژوا و جارێکی دیکە بە شان و شەوکەتی بۆرژوازی و شۆڕشی بۆرژوازی و دەستکەوتەکانی ئەو شۆڕشەدا هەڵیان داوە و قسەیان لەسەر شۆڕشی دیموکراتی نیشتمانی کردووە بۆ کارئاسانیکردن بەرەو قۆناغی سۆشیالیزم.

پرسی پەرلەمانتاری لە کۆنگرەی لاهای ساڵی ١٨٧٢وە بە بەشداریکردنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە پەرلەماندا هاتۆتە پێشەوە. بەڕای ئەوان گونجاو بووە کە کرێکاران لە هەندێك وڵاتدا، وەکو بەریتانیا و هۆڵەندە دەکرێت و دەتوانێت لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتی دەوڵەت بگرنە دەست. ئەم ئاڵوگۆڕی فیکری و ناکۆکییانە لە هەڵوێستی هەردوکیاندا بە ئاشکرا دیار بووە.

لە کۆنگرەکەدا بڕیارنامەیەك پەسەندکرا کە پشتیوانی لە بەشداریکردنی کرێکاران لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و چالاکیە سیاسیەکان کرد وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. ئەمەش گۆڕانکارییەکی ستراتیژی بوو بەرەو پەیوەندیکردن لەگەڵ سیستەمی سیاسی هەبوودا، بەو هیوایەی لە ناوەوە کاریگەری خۆی هەبێت. بڕیارەکە گوزارشتکردن بوو لەو باوەڕە کە دەتوانرێت بەرژەوەندی چینی کرێکار لە ڕێگەی سیاسیەوە بەرەوپێش بچێت، لەنێویاندا نوێنەرایەتی پەرلەمانی.

سەبارەت بە وتارەکەی مارکس دەربارەی هەڵبژاردن و دەنگدانی کرێکاران باکۆنین دەڵێت" مەحاڵە باوەڕم پێی هەبێت دوای ئەوەی ئەو وتارەم خوێندەوە کە بەم دواییە لە ئەمستردام پێشکەشی کرد، کە تیایدا وتی لە هەندێك وڵاتدا، ڕەنگە لە خودی هۆڵەندا، دەتوانرێت پرسی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ئاشتیانە، یاسایی، بەبێ هێز، بە شێوەیەکی دۆستانە چارەسەر بکرێت ، کە ناتوانێ جگە لەم مانایە هیچ مانایەکی تری هەبێت کە دەتوانرێت بە زنجیرەیەك سازانی سەرکەوتوو، ئاشتیخوازانە، خۆبەخشانە و دادپەروەرانە، لە نێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریادا چارەسەر بکرێت .مازینی ، Giuseppe Mazzini[٢] هەرگیز شتێکی جیاواز لەمە نیە." [16]

لەم بارەوە پاساوێکی زۆر و لە لایەن زۆرێك لە مارکسیەکانەوە بۆ ئەو بیرۆکەیەی مارکس دەهێنرێتەوە سەبارەت بە هەڵبژاردن و گرتنە دەستی دەسەڵات لەو ڕێگایەوە. لەوانە دەیڤد ئادەمە David Adam، کە دەڵێت

"بەڵام هەڵەکە کاتێک دێتە ئاراوە کە وا دادەنرێت مادام مارکس بانگەشە بۆ ئەو جۆرە بەشداریکردنە دەکات، هەروەها باوەڕی بە هێشتنەوەی فۆرمەکانی حوکمی دەوڵەتی بۆرژوازی هەبووە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی پرۆلیتاریی." [17]

بەڵام ئەگەر مارکس باوەڕی بەوە نەبووبێت بۆچی بانگەشەی بۆ دەکات؟ هۆکار چییە کە ئەو ڕێگایە دەخاتە بەردەمی کرێکاران و چەواشەیان دەکات؟ هاوکات لۆژیك پێمان دەڵێت کاتێك کە مارکس باوەڕی بەدەسەڵاتی سیاسی، دەوڵەت

---

٢ جوزێپی مازینی سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانێکی ئیتاڵی بوو بۆ یەکخستنی ئیتالیا، سەرکردەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ئیتالیا بوو. لە ٢٢-٠٦-١٨٠٥ دا لە دایک بووە لە ١٠-٠٣-١٨٧٢ دا کۆچی دوایی کردووە

هەبووە بۆ کرێکاران، ئیتر ئەوە ئاشـــکرایە کە مارکس ئەم ڕێگایەی وەکو پرســـێکی تـاکتیکی هەڵبژاردووە بۆ گەیشـــتن بە ســـتراتیژییەتی کرێکاران کە دروســـتکردنی دەوڵەتە.

ئەم هەڵوێســـتە بە پێچەوانەی ڕوانگەی ئەنارکیســـتی باکۆنین و هاوڕێیانی بوو، کە بیرۆکەی بەکـارهێنـانی ئـامێری دەوڵەتیـان بە تەواوی بە پەرلەمـانیشـــەوە ڕەت کردۆتەوە. جیـاوازییە ئـایدیۆلۆژییەکانی نێوان مـارکســـیەکان و ئەنـارکیســـتەکان لەســـەر ڕۆڵی دەوڵەت و چالاکی سـیاسـی، بەشـداریان کرد لە دابەشـبوون لەناو کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکـاران و کـاریگەرییەکی بەردەوامی لەســـەر ڕێڕەوی بزوتنەوە سۆشیالیستی و ئەنارکیستەکان هەبوو.

باکۆنین و هاوڕێیانی هێڵێکی ڕاستی بێ پێچ و پەنایان هەبووە کە بۆ کۆتاییهێنان بە سیستەمی کاری کرێگرتە و دروستبوونی کۆمەڵی سۆشیالیستی دژایەتی هەموو جۆرە دەسەڵاتێك و هەموو ناوەندگەراییەك، هەموو دەسەڵاتخوازییەك، هەموو بەرنامەیەکی سیساسی کە هی کۆمۆنیستەکان بووە، کردووە و بە جیا لە ئامانج و بەرنامەی کرێکارانیان زانیوە.

هەر لە بارەی ئەو جیاوازییەوە باکۆنین دەڵێت

" هەر لەم خاڵەدا دابەشـــبوونێکی بنەڕەتی لە نێوان ســـۆشـــیالیســـت و کۆمەڵە شـۆڕشـگێڕەکان لە لایەك و کۆمۆنیسـتە پاوانخوازەکان کە پشـتگیری لە دەسـەڵاتی ڕەهای دەوڵەت دەکەن لە لایەکی دیکەدا ســـەرهەڵدەدات. ئامانجی کۆتایی ئەوان یەکسـانە. هەردووکیان بە یەکسـانی ئارەزووی دروسـتکردنی نەزمێکی کۆمەلایەتی نوێ دەکەن کە ســەرەتا لەســەر بنەمای ڕێکخســتنی کاری دەســتەجەمعی، کە بە هێزی ســروشــتی ڕووداوەکان بەســەر هەریەکەیان و هەموویاندا ســەپێنراوە، لە ژێر

بارودۆخێکی یەکسان بۆ هەمووان و دووەم، لەسەر بنەمای خاوەندارێتی بەکۆمەڵ لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.

جیاوازییەکە تەنیا ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان خەیاڵ دەکەن کە دەتوانن بە پەرەپێدان و ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار و بە شێوەیەکی سەرەکی پرۆلیتاریاکانی شارەکان بە یارمەتی ڕادیکالیزمی بۆرژوازی بگەنە ئامانجەکەیان .لە بەرامبەردا سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان پێیان وایە تەنیا لە ڕێگەی پەرەپێدان و ڕێکخستنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ناسیاسی یان دژە سیاسی چینی کرێکار لە شار و وڵاتدا، تەنانەت بەو مرۆڤە نیازباشانەشەوە کە سەر بە چینی باڵادەستن و پەیوەندییان لەگەڵ پێشینەیاندا، ڕابووردوویاندا دەبچڕێنن و بە ئاشکرا خوازیاری هاتنەڕیزەوەن و بەرنامە شۆڕشگێڕییەکە بە تەواوی پەسەند دەکەن" [١٨]

باکۆنین لە هەمان نووسین دا لە شوێنێکی دیکەدا زۆر بە ڕوونی دووبارە قسە لەسەر جیاوازییەکانی نێوانی خۆیان و کۆمۆنیستە دەسەڵاتخوازەکان دەکات کە تاکتیکی جیاواز دەگرنەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، واتە ستراتیژەکەیان.

ئەو لەم بڕگەیەی خوارەوەدا زۆر بەجوانی پەنجە دەخاتە سەر ئەو تاکتیکانە و دەڵێت

"ئەم جیاوازییە دەبێتە هۆی جیاوازی لە تاکتیکەکاندا. کۆمۆنیستەکان بەپێویستی دەزانن هێزی کرێکاران بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت ڕێکبخەن. سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان بە مەبەستی لەناوبردنی – یان ئەگەر بەشێوەیەکی بەڕێزترەوە بڵێین – پاکتاوکدن و نەهێڵانی دەوڵەت ڕێکخستن دەکەن. کۆمۆنیستەکان بانگەشە بۆ پرەنسیپ و پراکتیکەکانی دەسەڵات دەکەن، سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان هەموو باوەڕ و متمانەی خۆیان دەخەنە سەر بوونی

ئازادیی. هەردوولایان بە یەکسانی لایەنگری زانستن، کە بریتیە لە نەهێشتنی خورافات و جێگرتنەوەی باوەڕی ئایینی، یەکەمیان حەز دەکات بە زۆر زانست بسەپێنێت؛ ئەمەی دووەمیان هەوڵی پڕوپاگەندە دەدا بۆ ئەوەی گروپە مرۆییەکان، کاتێك قەناعەتیان پێکرا، بە ئارەزووی خۆیان و بە ئازادیی، لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بە ویستی خۆیان و بە ڕاستگۆیی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیان، خۆیان خۆڕسکانە و فیدراڵییانە ڕێکبخەن، هەرگیز پلانێکی پێشوەختەی ڕێکخراو کە بەسەر جەماوەری "نەزان"دا سەپێنراوە، پەیڕەو ناکەن کە لە لایەن چەند عەقڵێکی "باڵاتر"ەوەیە". [١٩]

باکۆنین ئەمەی لە ساڵی ١٨٧١ نووسیوە واتە پێش کۆنگرەی لاهای هۆڵەندە. بەڵام دوای ماوەیەکی کورت ناکۆکیەکانی مارکس و مارکسییەکان و باکۆنین و هاوڕێکانی تیژتر دەبێتەوە بە هۆی گۆڕانکاری زیاترەوە کە لە مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا، ١٨٧١ ، بە ڕوونی ڕوویدا. لەو مانگەی ئەو ساڵەدا ئەنجوومەنی گشتیی نێونەتەوەیی بە سەرۆکایەتی مارکس کۆنفرانسێکی لە لەندەن سازکرد کە تیایدا کۆمەڵێک بڕیارنامە پەسەندکرا، لەوانە بڕیارێك (هەندێك جار بە بڕیارنامەی ژمارە ٩ ناسراوە) کە تێیدا هاتبوو

" کە ئەم فۆرمەی چینی کرێکاران پێویستە بۆ چینی کرێکاران تاکو خۆی لە پارتێکی سیاسی دا خۆی ڕێکبخات بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و گەیشتنە دوا ئامانجی، هەڵوەشاندنەوەی چینەکان."

ئەمە لەلایەن زۆرێکەوە بە مانای گۆڕانکارییەکی گەورە بوو لە ناوەرۆکی ئاراستەی ڕۆڵی گشتیی نێونەتەوەییدا.

ئەم بڕیارنامەیە لە زۆرێک لە بەشەکانی نێونەتەوەییدا سەرسوڕمانی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، بەتایبەتی لە ئیتالیا و بەشە فەرەنسی زمانەکەی سویسرا و ئیسپانیا، چونکە وەك ڕێ وشوێنێك سەیر دەکرا کە سەربەخۆیی بەشە ناوخۆییەکان نەهێڵێت و ئەنجوومەنی گشتی بکاتە ئۆفیسێکی سیاسی ناوەندیی. خودی کۆنفرانسەکە لەلایەن ئەمانەی سەرەوە بە نارێك دادەنرا، کە پێیان وابوو ئەم جۆرە بڕیارانە تەنها لە کۆنگرەی ئاسایی نێونەتەوەیی ڕەوایی هەیە تاکو بڕیاریان لەسەر بدرێت.

تەنانەت ئەنجلس-یش لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا پرۆسەی دروستکردنی حیزبی کرێکارانی دووپات کردۆتەوە. ئەو لە هەڵبژاردنەکەی ئەو دوایەی ئەڵمانیادا لەو بارەوە وتویەتی "سەرەڕای کەموکوڕییەکانی، هەڵبژاردنەکە ئەرێنی بوو. لە وڵاتێکدا کە تازە هاتۆتە ناو بزوتنەوەکە، یەکەم هەنگاوی بەڕاستی چارەنووسساز پێکهێنانی حزبێکی سیاسی سەربەخۆیە لەلایەن کرێکارانەوە، گرنگ نیە چۆن بێت، بە مەرجێك وەك پارتێکی کرێکاری جیابکرێتەوە. ئەم هەنگاوە زۆر زووتر لەوەی چاوەڕێمان دەکرد نراوە و ئەوەش شتێکی سەرەکیە. ئەوەی کە یەکەم بەرنامەی ئەم حزبە هێشتا سەرلێشێواوی و لەڕادەبەدەر ناتەواوە کە دەبوایە هێنری جۆرج وەکو سەرۆکێکی وێنەکێشراو [پەیکەر] هەڵبژێرێت، ئەگەر چار نەبوایە کە تەنیا وەکو کارێکی خراپ ڕاگوزەر بێت، ئەمە شتێکی حەتمییە. جەماوەر دەبێت کات و دەرفەتی پەرەسەندنی هەبێت. لە کاتیکدا ئەو دەرفەتەیان دەست ناکەوێت مەگەر بزوتنەوەیەکی تایبەت بە خۆیان هەبێت- گرنگ نیە فۆرمەکەی چۆن بێت، بە مەرجێك بزوتنەوەی خۆیان بێت- کە تێیدا بەهۆی هەڵەکانی خۆیانەوە پاڵدەنرێن بۆ پێشەوەو بە ئەزموونی تاڵ فێربن." [20].

شکستی کۆمۆنەی پاریس لە مانگی حوزەیرانی ساڵی پێشتردا، ١٨٧١، و ئەو وانانەی کە لێوەی وەرگیران جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو لایەنەی گەورەتر و فراوانتر

کردەوە. مارکس لەناميلکەی ' شەڕی ناوخۆ لە فەرەنسا'دا پێی وابوو کە وانەی سەرەکی لە کۆمونەی پاریسەوە ئەوە بوو کە زۆر گرنگە پرۆلیتاریا کۆنترۆڵی دەوڵەت بکات و بەمجۆرە نێونەتەوەیی دەبێت ببێتە پارتێکی سیاسی ڕاستەقینەی پرۆلیتاریا. ئەو لەو کتێبەدا سەبارەت بە کۆمونەی پاریس دەڵێت

"فۆرمێکی سیاسی تەواو فراوان، لە کاتێکدا هەموو فۆرمەکانی پێشووی حکومەت بێ هیچ مشتومڕێك سەرکوتکەر بوون. نهێنی ڕاستەقینەی ئەمە بوو. لە بنەڕەتدا حکومەتێکی چینی کرێکار بوو، بەرهەمی خەباتی بەرهەمهێنەر لە دژی چینی دەسەڵاتدار، ئەو فۆرمە سیاسیەی کە دواجار دۆزرایەوە کە لە سایەیدا کار لەسەر ڕزگارکردنی ئابووریی کار بکرێت."

لەگەڵ وتنی ئەمەشدا بەڵام مارکس لە ڕەشنووسی یەکەمیدا تایبەتمەندی کۆمونەی وەك " شۆڕشێك دژی خودی دەوڵەت" بەیان کردووە.

ئەگەر چی مارکس لەوێدا ئاوا دەربارەی کۆموونە دەنووسێت ، بەڵام لە شوێنێ دیکەدا وەسفی ئەوە دەکات کە لە کۆمونەدا دەسەڵاتی بڕیاداران و دەسەڵاتی جێبەجێکەران کراونەتە یەك، کە بەڕای بوکچین مارکس لەوێدا بەردی بناغەی دەوڵەتی دانا. بوکچین دەڵێت

" کارل مارکس لە شیکردنەوەکانی کۆموونەی پاریس دا، ١٨٧١ ، بیردۆزێکی کۆمەڵایەتی ڕادیکالانەی هێنایە ئاراوە، کە خزمەتێکی گەورەی خراپ بوو، کاتێك ئاهەنگی ئەو ڕاستییەی گێڕا کە کۆموون بڕیاردانەکان و بەجێگەیاندنی سیاسەتەکانی لەلایەن ئیدارەکانیەوە کرد بەیەك. لە ڕاستیشدا گرێدانەوەی ئەم دوو کارە یاخود ئەرکە، شکستی سەرەکی ئەو ئیدارەیە [کۆموون] بوو ، چونکە لە کاتێکدا خەڵکانێك کە لە ئیدارەدان هاوکاتیش بڕیارە سیاسیەکان دەدەن ، ئیدی

بەمە بناغەی دەوڵەت دانراوە: دەستەبژێر لە پرۆسەی گەیشتن بە دەسەڵاتدایە بەجێگرتنەوەی هاووڵاتیان کە دەسەڵاتی بڕیاردانیان هەیە" [21]

بە پێچەوانەی مارکسەوە، باکۆنین گرینگترین خاڵی کۆموونەی پاریس-ی بە ڕەتکردنەوەی دەوڵەت لەلایەن کرێکارانی پاریسەوە دەبینی، ئەو سەبارەت بە پرسی دەوڵەت و هەموو شێوەکانیەوە وەك یەك دەیبینین و بە بەردەوامی پێداگری لەسەر هاوپەیمانی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و جووتیاران لە ڕێکخراوێکی نانێوەندگەراییدا دەکرد.

لە کۆنگرەکەی لاهای ٢ تا ٧ مانگی ئەیلولی ١٨٧٢ کارنامەیەك پەسەندکرا کە بریتی بوو لە پێداچوونەوەی گشتی بە پەیڕەوی ناوخۆی نێونەتەوەییدا. لەو کۆنگرەیەدا مارکس ڕایگەیاند کە پرۆلیتاریا دەبێت دەست بەسەر دەوڵەتدا بگرێت بۆ شۆڕشێکی سەرکەوتوو، بانگەشەی ئەوەی کرد کە کۆنگرە بۆ بەرزڕاگرتنی ئەم بۆچوونە دەکرێت دەنگ بدات. ئەنارکیستەکان بە سروشتی نارەزایەتیان دەربڕی. دوای ئەوەی کۆنگرە پێشنیارەکەی مارکسی قبوڵ کرد هەر لەوێدا میخائیل باکونین و جەیمس گیلۆم، James Guillaume ، بەهۆی نارەزایەتیان دژ بەو بڕیار و کارنامەیە دەرکران. خودی باکونین بە هۆی نەخۆشییەوە لە کۆنگرەکەدا ئامادە نەبوو بەڵام بە غیابی دەرکرا.

دوای دەرکردنی باکونین و جەیمس گیلۆم لە کۆنگرەی لاهای، ئەنارکیستەکان کۆنگرەکەیان بە نارەوا دایە قەڵەم و بە گردبوونەوەیەکی پووچەڵیان ڕاگەیاند. پاشان فراکسیۆنی ئەنارکیستەکان (لەوانەش فیدراسیۆنی جوورا بەشە فەرەنسییەکەی سویسرا، فیدراسیۆنەکانی ئیسپانیا و ئیتالیا و بەلجیکا) چەند

ڕۆژێك دواتر كۆنگرەی تایبەتی خۆیان لە ســـانت ئیمێر، Saint-Imier، ئەنجامدا، كە نێونەتەوەیی ئەناركیستی سانت ئیمیێریش لەو كۆنگرەیەوە سەریهەڵدا.

ســـەبارەت بە كۆنفرانســـەكەی لاهای لە كۆتای ئەو ســـاڵەدا، ١٨٧٢ ، باكۆنین نووسیویێتی :

" شـەرعیەتی ئەم كۆنفرانسـە ململانێی لەسـەر بووە. ماركس، زۆرزانێكی سیاسی زۆر بەتوانا، بێ گومان بە پەرۆش بوو بۆ ئەوەی بۆ جیهانی بســـەلمێنێت كە هەرچەندە چەكی ئاگرین و تۆپی نەبوو بەڵام هێشـــتا دەتوانرێت جەماوەر بە درۆ و بە بوختان و فیتنە بەڕێوەبچێـت، كـاتێـك كە لە ئەیلوولی ١٨٧٢ دا كۆنگرەی لاهـای خۆی ڕێكخسـت كە بەزەحمەت دوو مانگ بەسـەر ئەم كۆنگرەیە تێپەڕیوە و لە ئێسـتاوە لە هەموو ئەوروپا (جگە لە ئەڵمـانیـا كە كرێكاران بە درۆی ســـەركردەكانیـان و چاپەمەنیەكانیان مێشـكیان دەشـۆردرێتەوە) و فیدراسـیۆنە ئازادەكانی بەلجیكی، هۆڵەندی، ئینگلیزی، ئەمریكی، فەرەنسی، ئیسپانی، ئیتاڵی هەروەها با فیدراسیۆنی نـایـابی جوورا [ســـویســـرا]مـان لەبیر نەكەین – هـاوارێكی تووڕەیی و بێزاری و ســووكایەتیكردن بەسـەر ئەم گاڵتەجاڕییەدا سـەریهەڵداوە، كە دەوێرێت خۆی بە كۆنگرەی ڕاســـتەقینەی نێونەتەوەیی ناوببات. بەهۆی زۆرینەیەكی ســـاختەكاری و خەیاڵیەوە، كە تا ڕادەیەك تەنیا لە ئەندامانی ئەنجومەنی گشـتی پێكهاتووە، كە بە زیرەكی ماركس بەكاری هێناوە، هەمووی گاڵتەیان پێكراوە، سـاختە كراوە، مرۆیانە نەكراوە. دادپەروەری، عەقڵی بـاش، ڕاســـتگۆیی و شـــەرەفی نێونەتەوەیی بە بێ ئەدەبی ڕەتكرایەوە، هەر بوونی خۆی لە مەترسـیدایە – هەموو ئەمانە باشـترە بۆ دامەزراندنی دیكتاتۆریەتی ماركس. ئەوەش تەنیا تاوانكاری نیە – شـێتیەكی تەواو و پوختە. بەڵام ماركس كە خۆی وەك باوكی نێونەتەوەیی (بێ گومان یەكێك بووە لە دامەزرێنەرانی نێونەتەوەیی) بیری لێدەكاتەوە، كەمترین گرنگی پێنادات، و ڕێگە بە هەموو ئەمـانە دەدات. ئەمەیە كە بێهودەیی كەســی و ئـارەزووی دەســـەڵات و لە

سەرووی هەمووشیانەوە خواست و ویستی سیاسی دەتوانێت بەرەو ئەوەی بەرێت. بۆ هەمووی ئەم کردەوە ناخۆشانە، مارکس بە شێوەیەکی کەسی بەرپرسیارە. مارکس سەرەڕای هەموو کارە خراپەکانی، بەبێ ئاگاداری خزمەتێکی گەورەی بە نێونەتەوەیی کردووە، بەو پێیەی بە دراماتیکترین و دیارترین شێوە نیشانی دەدات کە ئەگەر شتێك بتوانێت نێونەتەوەیی بکوژێت، ئەوە هێنانە ناوەوەی سیاسەتە بۆ ناو بەرنامەکەی."

باکۆنین درێژە بەوە دەدات و دەڵێت

" ئایا جێگای سەرسوڕمان نیە کە مارکس پێی وابووە کە دەتوانرێت وزەیەك لە شێوەی پێوەکردنی ترش و خوێدا بکات بەم بەیاننامەوە، کە ڕەنگە خۆی نووسیبێتی، سۆسیالیزمە زانستیەکەی؟ ئەمەش بۆ – ڕێکخستن و حوکمڕانی کۆمەڵگەی نوێ لەلایەن زانستخوازە سۆشیالیستەکانەوە – خراپترین حکومەتە ستەمکارەکانە"

دوای یازدە ساڵ پاش ڕاگەیاندنەکەی لاهای تا مردنی مارکس و هەتا ئێستاش، سەرمایەداری لە گەشەی زیاتر و زیاتر دایە بەڵام هیواکانی خۆی و ئەنجلس نە لە ڕێگای پەرلەمانەوە و نە لە ڕێگای ئەو پلان و ستراتیژییەتەی کە بۆ کرێکارانیان دادەنا نەهاتنە دی، حیزبیش لە ڕێگەی خۆیەوە لەو سەردەمەی ئەواندا نەیانتوانی هێزی پرۆلیتاریا بەرێتە پێشەوە، بەڵکو زیاتر تێکیشکاند.

بەتێپەڕینی کات وردە وردە دروشمەکانی مارکس و ئەنجلس سەبارەت بە شۆڕش و دەسەڵاتگرتنە دەستی دەوڵەت لەو ڕێگایانەی کە پێشتر باسیان کردووە کاڵ بووەوە. ڕۆدۆلوف ڕۆکەر لە نووسینێکیدا بە ناوی ' مارکس و ئەنارکیزم' دەڵێت

" بەڵام ئەمە هەمووی لەو ساتەدا بە تەواوی گۆڕا کە مارکس و ئەنجلس دەستیان کرد بە هاندانی فیدراسیۆنە نەتەوەییە جیاوازەکان بەرەو چالاکیی پەرلەمانیی مل بنێن، کە بۆ یەکەمجار لە کۆنفرانسی خەماویی لەندەن لە ساڵی ١٨٧١ ڕوویدا"

ڕۆکەر درێژە بە نووسینەکەی دەدات و جەخت لەسەر ئەوەی سەرەوە دەکاتەوە دەڵێت

"کۆنگرەی شەرمەزارکەری لاهای لە ساڵی ١٨٧٢ تاجی نایە سەر ئەو کارانەی مارکس و ئەنجلس ئەنجامیان دا، بە گۆڕینی نێونەتەوەیی بۆ ماشێنێکی/ئامرازێکی هەڵبژاردن، لەنێویاندا بەندێکی کارا بە پابەندکردنی بەشە جیاوازەکان بە خەباتکردن بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی سیاسی. کەواتە مارکس و ئەنجلس تاوانبار بوون بە کەرتکردنی نێونەتەوەیی لەگەڵ هەموو دەرئەنجامە زیانبەخشەکانی بۆ بزوتنەوەی کرێکاری و هەر ئەوان بوون کە لە ڕێگەی چالاکی سیاسیەوە چەقبەستن و شێواندنی سۆسیالیزمیان هێنایە ناوەوە."

بەم شێوەیە مارکس و ئەنجلس بەردی بناغەی خەباتی پەرلەمانتاریان بۆ کرێکاران دانا. وەکو پێشتر وتم ئەمان باوەڕیان وابووە کە لە هەندێك وڵات وەکو بەریتانیا و هۆڵندە دەکرێت کرێکاران لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتی دەوڵەت بگرنە دەست.

هەر لەم بارەیەوە پۆڵ داماتۆ، Paul D'Amato، لە نووسینێکیدا دەڵێت "... لە لایەکی دیکەوە ئەنجلس ئەوەندە تەمەنی درێژ بوو کە شایەتحاڵی پەرەسەندنی دەنگەکانی هەڵبژاردنی پارتی ئەڵمانی بوو. لە ساڵی ١٨٨٤، ساڵێك دوای مردنی مارکس، پارتەکە زیاتر لە نیو ملیۆن دەنگی بەدەستهێنا.. لە ساڵی ١٨٩٠ دەنگەکانیان دوو هێندە زیادی کرد، لە ساڵی ١٨٩٨دا دووبارە دوو هێندە زیادی کرد و تا ساڵی ١٩١٢ دیسانەوە بۆ زیاتر لە چوار ملیۆن دەنگی بەدەستهێنا. یاساکانی دژە

سۆشیالیستی کە لە نێوان ساڵانی ١٨٧٨ و ١٨٩١دا کاریگەر بوون و ئامانجیان سنووردارکردنی کاریگەری سۆشیالیستیی بوو، لە ڕاستیدا ناوبانگی سۆسیال دیموکراسی وەك پارتی ئۆپۆزسیۆن بەرزکردەوە. ئەنجلس بە سەرکەوتنەکانی پارتەکە دڵخۆشبوو، لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا ئامرازێکی درەوشاوەی دەبینی بۆ ئەوەی پارتەکە کاریگەری سیاسی و ئەندامێتی خۆی درێژ بکاتەوە. ئەنجلس لە پێشەکیەکەی ساڵی ١٨٩٥ بۆ کتێبەکەی مارکس ' خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا'، گرنگی بەکارهێنانی هەڵبژاردنەکانی ڕایشستاگی، لەلایەن سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیاوە کورتکردەوە:

ئەگەر مافی دەنگدانی گشتی هیچ سوودێکی دیکەی پێشکەش نەکردبێت ئەوە ڕێگەی پێدایین سێ ساڵ جارێك ژمارەکانمان بژمێرین؛ بە بەرزبوونەوەی خێرای بەردەوام و چاوەڕواننەکراو لە دەنگەکانماندا، بە ڕێژەیەکی یەکسان دڵنیایی سەرکەوتنی کرێکاران، بێزاری نەیارەکانی زیاد کرد و بەم شێوەیە بوو بە باشترین ئامرازی پروپاگەندەمان؛ کە بە وردی لە هێزی خۆمان و هەموو لایەنە دژبەرەکانی ئاگاداری کردینەوە، و بەو هۆیەوە ڕێژەی پلەی دووەمی بۆ هەڵسوڕانەکانمان دابین کرد. ئەوەندەی لە ترسنۆکی کتوپڕ دەمانپارێزێت بە هەمان ئەندازە لە گەمژەیی کتوپڕیش دەمانپارێزێت ئەگەر ئەمە تەنها تاکە شت بووایە ئەوە ئەو سوودەی کە لە مافی دەنگدان بەدەستمان هێنا، هێشتا زۆر زیاتر بوو لەوەی بەسمان بوو. بەڵام لەوەی زۆر زیاتر کرد. لە پروپاگەندەی هەڵبژاردندا ئامرازێکی بۆ دابین کردین، کە لە پلەی دووەمدایە، بۆ ئەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ جەماوەری خەڵکدا هەبێت کە تا ئێستاش لە ئێمە دوورکەوتوونەتەوە؛ لە ناچارکردنی هەموو لایەنەکان بۆ بەرگریکردن لە بۆچوون و کردارەکانیان لە بەرامبەر هێرشەکانمان لەبەردەم هەموو خەڵکدا و زیاتریش سەکۆیەکی بۆ نوێنەرانی ئێمە لە ڕایشستاگ دابین کرد

که بتوانن لێیەوە لەگەڵ نەیارەکانیان لە پەرلەمان و لەگەڵ جەماوەری دەرەوە قسە بکەن، بە دەسەڵات و ئازادییەکی تەواو جیاواز لە ڕۆژنامەگەری یان لە کۆبوونەوەکاندا. یاسای دژە سۆشیالیستییان بۆ حکومەت و بۆرژوازی چ سوودێکی هەبوو کاتێک بانگەشەی هەڵبژاردن و وتارەکانی سۆشیالیستی لە ڕایشستاگدا بەردەوام یاسایان دەشکاند؟"[٢٢]

سەرەڕای ئەوانەش ئەنجلس لە ئامۆژگارییەکانیدا بۆ سۆشیالیستەکانی ئەمریکا، جەختی لەسەر گرنگی پشتیوانیکردن و بەشداریکردنیان لە هەر بزوتنەوەیەکی چینی کرێکاردا کردەوە کە سنوورداربوونی هەرچییەك بێت، یارمەتی بدات بۆ پەرەپێدانی پارتی سیاسی سەربەخۆی خۆی.

هەر بە گوێرەی نووسینەکەی پۆڵ داماتۆ " لە ساڵی ١٨٨٦ یەکێتی ناوەندی کرێکاران لە نیویۆرك پارتی کرێکارانی سەربەخۆی نیویۆرك و دەوروبەری پێکهێنا بە مەبەستی بەشداریکردن لە کێبڕکێی سەرۆکایەتی شارەوانی شاری نیویۆرکدا. "پارتە نوێیەکە هێنری جۆرجی بەکاندید هەڵبژارد. ئەو داکۆکی لە سەپاندنی تاکە باجێك دەکرد لەسەر زەوی و موڵك. لەم دواییانەدا کتێبێکی بەناوبانگی بە ناوی پێشکەوتن و هەژاری نووسیبوو کە هێرشی کردبووە سەر هەژاری و نایەکسانی. لەو کتێبەدا کە بانگەشەی بۆ تاکە باجەکە دەکرد کە لەسەر موڵك و ماڵی زەوی وەك چارەسەرێك بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی نەخۆشییەکانی کۆمەڵگە دەکرد. ئەوی وەك کاندیدی خۆی هەڵبژارد. جۆرج خۆی لە بزوتنەوەی کرێکاری نەبوو. بەڕاستی ئەو پۆپۆلیستێکی چینی ناوەند بوو. لە کێبڕکێیەکی گەرمدا کە چینی دەسەڵاتداری ناوخۆیی هەوڵی ڕێگریکردنی سەرکەوتنی حیزبی کرێکارانیان دا، جۆرج لە پێشبڕکێیەکی سێ لایەنەدا بە ٣١٪ی دەنگەکان پلەی دووەمی بەدەستهێنا."

جێی سەر سوڕمانە کە لە ماوەی ساڵێکدا ئەنجلس بۆچوونی جیا جیای هەبووە کە هەر یەکەیان ناکۆکە لەگەڵ ئەوی تریان. ئەو لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (بنەچەی بنەماڵە و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت) کە لە نێوانی مانگی ئازار و ئایاری ١٨٨٤ نووسی، بەڵام لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا بڵاوی کردەوە نووسیوێتی و دەڵێت

" لەبەرئەوەی دەوڵەت دەوڵەتی بەهێزترین چینی باڵادەستی ئابوورییە، مافی دەنگدان ناتوانێت ئامرازێك بێت بۆ هێنانی کرێکاران بۆ دەسەڵات، بەڵکو تەنها دەتوانێت پێوەرێك بێت بۆ کاریگەری سۆشیالیستیی لەناو چینی کرێکاردا."

لەوە دەکات ئەنجلس هەر دوای ماوەیەکی کورت دووبارە بۆچوونەکانی خۆی گۆڕیبێت و ئەمجارەیان پێچەوانەی ئەوانەی کە پێشتر وتونی قسە بکات، هەر وەکو ئەوەی کە ڕوداوی کۆموونەی پاریس دوای قسەکانی پێشوی رووی دابێت. ئەو لە ساڵی ١٨٩١ دا لە پێشەکیەکەی کە بۆ کتێبەکەی مارکس 'شەڕی ناوخۆی فەرەنسا' ی نووسیوە، دەڵێت

" کۆموون ناچار بوو دان بەوەدا بنێت کە چینی کرێکار کاتێك هاتە سەر دەسەڵات، ناتوانێت بە ئامێری کۆن و ئامرازەکانی دەوڵەت بەردەوام بێت لە بەڕێوەبردن؛ کە چینی کرێکار بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تاکە باڵادەستی دادپەروەرانەی بەدەستهاتووی خۆی لەدەست نەدات، دەبێت لە لایەکەوە هەموو ئەو ماشێنە سەرکوتکەرە کۆنانەی پێشتر لە دژی خۆی بەکاردەهێنرا، لەناو ببات و لە لایەکی دیکەشەوە خۆی لە نوێنەر و بەرپرسەکانی خۆی بەئاگا بێت و ئەوەی پێیان دەسپێررێت، هەموویان بەبێ جیاوازی قابیل بە کشانەوە و بانگکردنەوەن لە هەموو ساتێکدا"

## ماركس و پرسی نەتەوایەتی

سەردەمی ژیانی لاوێتی ماركس و ئەنجلس و گەشەی فیكرییان و قسەكردن لەسەر شتگەلێكی زۆر، نەیاندەتوانی خۆیان لە گەرمەی پرسی نەتەوایەتی و بزوتنەوە نەتەوەییەكانی ئەو سەردەمە لابدەن. ئەو سەردەمە كێشەی پۆڵۆنیا كە بۆ ساڵانی ١٧٩٥ دەگەڕایەوە و هەبوونی كێشەی ئێرلەندە كە چەند سەدەیەك كۆڵۆنی بەریتانیا بووە و لە ساڵی ١٨٠١ بەتەواوەتی بە بەریتانیاوە گرێدراوە. هەروەها جولەكە و چیك و هەنگاری و بولگارییەكان و سلاڤەكان، كێشەیەكی گەرم بوون و دواتریش كە شۆڕشی فێبرووەری ١٨٤٨ ی فەرەنسا ڕوویدا، ئیدی ئەمە هەم گورێكی گەورەی بە كێشەی ئەو نەتەوانە داو هەم چینی بۆرژوازیشی لای ماركس و ئەنجلس گرنگتر كرد، كە پێناسەی ئەوان بۆ ئەو شۆڕشە شۆڕشێكی بۆرژوازی دیمۆكراتیە و خەبات بۆ ئازادی نەتەوە دەكات

"لەو كاتەدا ماركس و ئەنجلس باوەڕیان وابوو كە بۆرژوازی دەتوانێت ڕۆڵی مێژوویی پێشكەوتوو لە پاكۆدانی فیوداڵیزمدا بگێڕێت، وێڕای ئەوەی نیشانەی ڕوونی ئەوە دەركەوتبوو كە ئامادەیە سازش لەتەك كۆنە كۆماندەكاندا بكات چونكە ترسی ئەوەی هەبوو كە هێزی چینی كرێكارانی گەشەكردو هاوپەیمانە بۆ خەباتی دژە فیوداڵ".

ماركس و ئەنجلس هەر لێرەدا نەوەستاون، كاتێك كە هاتنە سەر قسەكردن لەسەر ئەڵمانیا

" ئا لەو كاتەدا ماركس و ئەنجلس كە قسە لەسەر ئەڵمانیا دەكەن، شرۆڤەی ئەوەیان كرد كە ئەمەش مانای وایە كە چینی كرێكاران دەبێت لەگەڵ بۆرژوازیدا بەیەكەوە هەركاتێك كە بۆرژوازی كار لە ڕێگای شۆڕشگێڕانەوە دەكات، شەڕ دژی

پادشایی ڕەها و هەموو فیوداڵ و هاوشانەکانی و هەروەها پیتی بۆرژوازیش بکەن "[٢٣]

لێرەدائەم پرسیارە خۆی دەسەپێنێت: بۆچی دەبێت هاوپەیمانی بۆرژوازی دژ بە پیتی بورژوا بێت؟ ئەی بۆ هاوکاری پیتی بورژوا نەکات دژی بۆرژوازی؟"

بێگومان ئەم بۆچونانەی ئەوان لەو ڕوانگەیەوە سەری هەڵداوە کە یەککگرتن و پشتیوانیکردن لە بۆرژوازی لە بەرژەوەندی کرێکاران دەشکێتەوە، بە تایبەت لەم قۆناغەدا، بەڕای ئەوان ئامانجی سۆشیالیزم نزیك دەخاتەوە. هەر ئەم هەڵوێستەش بووە کە مارکس لە کێشەی هندستاندا لەگەڵ بۆرژوازیدا بووە چونکە بە چینێکی زانیوە کە پێشکەوتن و گەشەکردنی سەرمایەداری بەخۆی لە هیندستاندا هەڵگرتووە ئیدی بێ گوێدانە پلیشاندنەوەی خەڵکەکەی.

لە کێشەی پۆڵۆنیادا مارکس و ئەنجلس کە پەیگیرییان لە سەربەخۆیی و مافی چارەنووسی کردوە ئەو دوو فاکتەرەیان ناسیوە، واتە ستەمکار و ستەملێکراو، لەو بارەشدا نەتەوەی ژێردەست و زۆرلێکراویش دەبێت مافی چارەنووسی هەبێت. لە مانگی نۆڤەمبەری١٨٤٧دا لە یادکردنەوەی ڕاپەڕینی پۆلۆنیەکاندا لە کۆبونەوەکەی لەندەندا، ئەنجلس قسەی لەسەر ڕزگاری پۆلۆنیا کرد، لەوێدا ئەوەی یادی بەشداربووان و ئامادەبووان خستەوە کە ئەمان وەکو ئەڵمانی بەرژەوەندییان لە ڕزگاری پۆڵۆنیادایە چونکە ئەمان پۆڵۆنیا دەچەوسێننەوە و دوای ئەوەش ئەڵمانیا خۆی لەم خاڵی شەرمەزاریە پاکدەکاتەوە. ئەڵمانیا ناتوانێت ئازاد بێت بە چەوساندنەوەی پۆلۆنیا

" نەتەوەیەك ناتوانێت ئازاد بێت، هاوکات بەردەوام بێت لە سەرکوتکردنی نەتەوەکانی دیکەدا"

لەگەڵ ئەو گوتارە گەرموگوڕەشدا ئەنجلس ئەو مافەی کە بۆ پۆلۆنیەکان و ئەڵمانیەکان و ئیتالییەکان و هەنگارییەکان کە بە " نەتەوە مێژووییە مەزنەکان" ناسرابوون، ڕەوا بینیوە کەچی بۆ هەندێك نەتەوەی دیکەی بە ڕەوا نەبینوە، کە یەکێك لەوانە 'سلاڤییەکانە'، بیانوی ئەنجلس لەمەدا

" ئەو تێبینی ئەوەی کردووە کە مەیلی سەرمایەداریی بەرەو ناوەندگەرایی دەڕوات و دروستبوونی دەوڵەتە گەورەکان، مەیل و خەباتی نەتەوە بچووکەکانی لە دژی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بۆ هەبوونی دەوڵەتی خۆیان، بەکەم دەگرت- گرتنەبەری ڕێگای لەنێوبردنی سنوورە نەتەوەییەکان ڕەنگە یەکەمجار پێویست بکات بە زیادکردنی زاوزێ، ( واتە زیادکردنی ژمارەی هاووڵاتیان)- لینین دواتر ئەم فاکتەی ڕەچاو کرد " [24]

سەبارەت بە ئێرلەندەش مارکس هەڵوێستی جیا جیای هەبووە کاتێك کە دەڵێت

" بۆ ماوەیەکی درێژ بڕوام وابووە کە گریمانی ڕوخاندنی ڕژێمی ئیرلەندەییەکان لە ڕێگای سەرکەوتنی چینی کرێکارانی ئینگلیزەوە پەیوەستە. توێژینەوەیەکی قوڵ لە ئێستادا، پێچەوانەکەی قەناعەت پێکردم. چینی کرێکارانی ئینگلیزی هەرگیز شتێك بەدەستناهێنێت، هەتا خۆی لە ئیرلەندە ڕزگار نەکات" [25]

لە نامەیەکیدا، مارکس، کە لە ساڵی ١٨٦٧ دا بۆ ئەنجلسی ناردوە، ئاوا دەست پێدەکات

"وا ڕاهاتبووم جیابوونەوەی ئیرلەندە لە ئینگلتەرە لە لام مەحاڵ بوو.....ئێستا وا بیردەکەمەوە کە ئەوە حەتمییە، گەرچی ڕەنگە فیدرەیشن بەدوای جیابوونەوەدا بێت" [26]

ئەم پشکنینەی مارکس و ئەنجلس-م بۆیە کرد تاکو ئەوە بڵێم کە لە ڕاستیدا ئەوان زۆر سەرقاڵی پرسی نەتەوایەتی بوون و کە وەکو قۆناغێکی پێشەوەچوونیان لە نەتەوەی سەردەست و هەروەها لە نەتەوەی بندەستیشا. بەڕای ئەمان ئەمە پێویستیەکی مێژووییە بۆ بردنە پێشەوەی پرسە چینایەتیەکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمان لێرەدا ئەوەندە گرنگییان بەوە نەداوە کە کاتێك ناکۆکی چیانیەتی و کێشەی پلەبەندیی لابەلادەبێتەوە ئیدی چی تر چەوساندنەوەی نەتەوایەتیش نامێنێت. ئەمەی کە ئەمان کردویانە هاوکاری و پشتگیریی بۆرژوازی نیشتمانییان کردوە، واتە بۆ تێپەڕبوونی قۆناغی دیموکراتی نیشتمانی تاکو پێیەك لە سۆشیالیزم نزیك ببینەوە ئەمە جگە لەوەی ئەمە نیشانەی ناکۆکیە لە هەڵوێست و کاری ئەواندا کە لە لایەکەوە دژ بە بۆرژوازین و لە لایەکی دیکەوە بە پاساوی پرسی نەتەوایەتی و کردنی شۆڕشی دیموکراتی نیشتمانی پشتگیری دەکەن.

بوکچین لە نامیلەکەی 'گوێڕادێرە ئەی مارکسی؟'دا دەڵێت " مارکس لە سەردەمی خۆیدا تەنها سەرقاڵی گرفتەکانی " شۆڕشی پرۆلیتاریا " نەبووە ، بەڵکو سەرقاڵی شۆڕشەکانی بۆرژوازیش بووە بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و ئیسپانیا و ئیتالیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیش. ئەو مامەڵەی لە تەك کێشەکانی گواستنەوەی سەرمایەداری بۆ سۆشیالیزم لە وڵاتانێکی سەرمایەداریدا کردووە، کە لە تەکنەلۆجیای خەڵووزی بەردینەوە لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازیدا تێپەڕی نەکردووە. هەروەها مامەڵەی کێشەکانی گواستنەوەی قۆناغی دەرەبەگایەتی- فیوداڵیزم بەرەو سەرمایەداری- کاپیتاڵیزم لە وڵاتانێك کە بەئەستەم پیشە دەستیەکان و سیستەمی سەندیکایی ئەوانەی تێپەڕاندووە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بایاخ پێدراوانەی مارکس فراوانتر، دەتوانین بڵێین ئەو لە سەرو هەموو ئەوانەشەوە سەرقاڵی پێشمەرجەکانی ئازادیی بووە، ( تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو ، یەکێتی نەتەوەیی ، زۆری ماتریاڵە پێویستەکان)

کەمتر لەســەر خودی مەرجەکانی ئازادیی ( نانێوندگەرایی، دامەزراندن و پێکهاتنی کۆمۆنێتیەکان، ڕەهەندی مرۆڤایەتی، دیمۆکراســی ڕاســتەوخۆ) دواوە. تیۆرییەکانی مارکس هێشــتا لە مەیدانی مانەوەدا ( مانەوەی مرۆڤدا) هەڵنیشــتوون ، نەك لە مەیدانی خودی ژیاندا."

ئا لێرەدا دەکرێت ئەو پرسیارە بکەین بڵێین ئایا ئەوەی لینین-یش کردی داهێنانی خۆی بوو یاخود سەرچاوەکەی مارکس و ئەنجلس بووە و ئەم فراوانتری کردووە و لە واقیعیشدا کاری لەسەر کردووە؟

مەسەلەی کۆڵۆنیالیکردن و دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی بە تایبەت لە سەردەمی لینین و نووسینی پەرتووکی" **بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ڕۆژهەڵات**" بووە بەڵگەنامە و ڕێپیشاندەر بۆ پاشڕەوانی خۆی بە گەڕانەوە بۆ بۆچوون و دیدی مامۆستاکانی هەر وەکو چۆن کتێبی " **دەبێت چی بکرێت؟**" بووە ڕێنماییکەرێك بۆ بینای حیزبی کۆمۆنیستیی. ئیدی ئەم کێشەیە زیاتر برایە پێشەوە و باوەڕ بە مافی چارەنووسیی بە مافی دروستکردنی دەوڵەتیشەوە، خرایە ناو پەیڕە و پرۆگرامی زۆرینەی حیزبە کۆمۆنیستەکانەوە، گەرچی لە زۆر وەختدا ئەم پرنسپڵە دەکرایە قوربانی پەیوەندی نێوانی شورەوی جاران و "حکومەتە نیشتمانیەکان" یاخود پەیوەندی نێوانی حیزبە کۆمۆنیستەکانی ناو خودی وڵات و" بۆرژوازی نیشتمانی"، ئا لەم دۆخانەدا زیاتر ڕەچاوی پرۆسەی گونجاندن (تەوافوق) لە نێوانی پارتە بۆرژوازییەکان،"بۆرژوازی نیشتمانی"و حیزبە کۆمۆنیستەکاندا، لە بەرژەوەندی شورەوی جاران کراوە و کەمتر باس لە ڕۆڵی کرێکاران و دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا کراوە.

ئەوەی سەرەوە خۆی مەسەلەیەکەو چەندەها وتاری دەوێ، بەڵام ئەوەی کە من دەمەوێت لەم بەشەی ئەم نامیلکەیەدا سەرنجی خوێنەری بۆ ڕابکێشم ئەوەیە کە مەسەلەی نەتەوایەتی و ڕزگاری نیشتمانیش، وەکو پێشتر وتم، داهێنانی لینین نییە، ڕاستە لینین گەشەی بەمە داوە و تا ڕادەیەك گشتگیری کردەوە بەڵام لە ڕاستیدا لینین ئەم تیۆرییەی لەسەر بناغەی کێشەی پۆڵۆنیا و ئێرلەندە داناوە.

ڕەنگە دروست بێت گەر بڵێین ئەگەر مارکس باسێکی لە ئێرلەندە و پۆڵۆنیا نەکردایە، ئەوە لینینیش نەیدەتوانی وا پەیگیری لە تیۆرییە نەتەوەییەکەی بکات، یا هەر هیچ نەبێت گشتگیری نەکات.

## ماركس و كۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران ١٨٧٢

لە ٢٨ی ئەیلولی ١٨٦٤دا یەکەم نێونەتەوەیی بە ناوی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی پیاوانی کرێکارانەوە، International Working Men's Association ، لە لەندەن دامەزرا کە ڕۆڵی سەرەکی سەرکردەکانی سەندیکا کرێکارییەکانی بەریتانیا و فەرەنسای ئەو کاتە بوو. ماركس هیچ ڕۆڵێکی نەبوو لە دروستبوون و ڕێکخستنیدا، لەگەڵ ئەوەشدا بە یەکێك لە ٣٢ ئەندامەکەی ئەنجوومەنی گشتی کاتیی کۆمەڵەکە هەڵبژێررا و دواتریش بووە کەسی یەکەمی.

دامەزراندنی نێونەتەوەیی یەکەم گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو. لە سەرەتادا ماركس ڕۆڵێکی گەورەتر و جیاوازتری لە ئەندامەکانی دیکەی ئەنجوومەنە گشتیەکە نەبوو. ئەم نێونەتەوەییە وەکو نێونەتەوەیی ساڵی ١٨٧٢ نەبوو، کار و چالاکیەکانی جیاواز بوو ئەنجوومەنەکەی ئەم دامەزراوە خۆی لە کاروباری فیدراسیوێنەکان هەڵنەدەقورتان. ئەوان وەکو باکۆنین دەڵێت ئازاد بوون و ئۆتۆنۆمی خۆیانیان هەبوو، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو هیچ کامێك لە فیدراسوێنەکان بە تایبەت دوای بزوتنەوەی خۆڕسکی فەرەنسا و ئیتالیا و ئیسپانیا و سیوسرا، گوێڕایەڵی ئەنجوومەنی گشتییان نەدەکرد. هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو کە بزوتنەوەکان کە خۆڕسک بوون یاخیش بوون، نەدەتوانرا لە ناو ڕێکخستنێکی هەرەمی خاوەن دسپلیندا و لە چوارچێوەیەکدا گیریان بدەن. ئەمان خاوەنی نەریتی شۆڕشگێڕانەی خۆیان بوون بە دوور لە دەستەمۆیی و جێبەجێکردنی کوێرانەی فەرمانەکانی سەرو خۆیان. ئەمان پێچەوانەی کۆمۆنیستە دەسەڵاتخوازەکانی ئەڵمانیا بوون کە دەسەڵاتگرتنە دەست لای ئەوان ئەرکی سەرەکی پرۆلیتاریا بوو.

ئەمان زیاتر لەژێر هەژموونی فیکری باکۆنین و هاوڕێکانیدا بوون کە دژ بە هەموو جۆرە دەســەڵاتێک بوون، دژ بە دەوڵەت بوون لەگەڵ هەڵوەشــاندنەوەیدا بوون. پێچەوانەی تاکتێك و ئامانجی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی بوون. لەو کاتەدا باکۆنین بە ناڕاستەوخۆ و دووبارەش وەکو پێشنیارێکیش بۆ کۆمەڵەی نێونەتەوەیی دەڵێت

" کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران ئەگەر ئـامانجی هەڵوەشـــاندنەوەی دەوڵەت نەبێت، بە تەواوی بێ مانا دەبێت. جەماوەر تەنها بۆ ئاسانکاری لەناوبردنی دەوڵەت ڕێکـدەخـا. ئەمە چۆن دەکـات؟ بەڵام نەك لە ســەرەوە بـۆ خـوارەوە، نەك بە بەرتەسککردنەوەی ئەرکە فرەچەشنەکانی کۆمەڵگە کە ڕەنگدانەوەی هەمەجۆریی کارن، نەك بە ناچارکردنی ژیانی ســروشـتی جەماوەر بۆ ناو گەرووی دەوڵەت، نەك بە ســەپاندنی یەکێتیەکی خەیاڵی بەســەریاندا. بەپێچەوانەوە لە بنەوە بۆ ســەرەوە ڕێکیان دەخات، لە ژیانی کۆمەڵایەتی جەماوەر و خواســتە ڕاســتەقینەکانیانەوە دەست پێدەکات و هانیان دەدات بۆ گروپ و هاوئاهەنگ و هاوپشتی و هاوسەنگی هێزەکانیان بەگوێرەی هەمەجۆریی ســروشـتی کار و پیشــە و هەلومەرجەکانیان...... ئەمە ئەرکی ڕاستەقینەی بەشی سەندیکاکانە" [٢٧]

ئەگەرچی باکۆنین ڕەخنەی لە نێونەتەوەیی کرێکاران هەبوو ، لەگەڵ ئەوەشــدا لە ســاڵی ١٨٦٨ پەیوەندی پێوەکردن، پێش پەیوەندیکردنی باکۆنین کۆمەڵێکی زۆر لە ئەنارکیســتەکان لەوێ بوون، بەڵام چوونی باکۆنین ســەنگێکی گەورەی دا بە ئەو گروپە ئەنارکیستیە و کارایی خۆی داناو بە خێرایی گەشەی پێدا.

لە یەکێـك لە دۆکۆمێنتەکـانی کۆنگرەی هەیـگ / لاهـای ســەبـارەت بە کـار و چالاکیەکانی پێشتری کۆمەڵەی نێونەتەوەیی، بەستنی کۆنگرەی لەندەن بوو. ئەمە

بووە هۆی دروســتبوونی گرفت لای مارکس و ئەنجلس و ئەندامە ســەرەکیەکانی دیکەی ئەنجوومەنە گشتیەکە. لە یەکێك لەو دۆکۆمێنتەدا هاتووە.

" ئەو ڕاپۆرتە درێژەی کە ئەنجلس لەســەر ئیدارەی ئەنجوومەنی گشــتی لە ســەردەمی کۆنفرانســی لەندەن ١٨٧١ دا ئامادەی کردبوو ســەبارەت بە بوجە و هاوســەنگی گشــتی داهات و خەرجیەکان، تانەلێدانەکانی ڕۆژنامە بۆرژوازیەکان و باکونینیەکان دژی ئەندامانی ڕابەری ئەنجوومەنی گشــتی ڕەتدەکاتەوە، کە بە نابەرپرســیارێتی خۆیان لە خەرجکردنی ئەو پارەیەی کە لەلایەن کرێکارانەوە کۆکراوەتەوە، تۆمەتباریان دەکەن. مارکس تێبینی ئەوەی کردووە" لە کاتێکدا کە وەك لە حیســاباتەکاندا دەردەکەوێت، تاکەکانی ئەندامانی ئەنجوومەنی گشــتی گیرفان و جانتاکانیان بۆ ڕێکخراوەکە بەتاڵ دەکردەوە، بەڵام بە درۆ دەگوترا کە ئەوان لەسەر پارەی کرێکاران دەژین " [ ٢٨ ]

کۆنگرەی لاهای ساڵی ١٨٧٢ خاڵی گەورەی وەرچەخاندن بوو سەبارەت بە هەبوونی ململانێی ســەختی نێوان باکونین و مارکس کە ئەو جەدەلە خۆی بەســەر کۆنگرەکەدا زاڵ کرد و لە کۆتایشــدا لێکەوتەی کەرتکاری ڕووی دا. ئەمە جگە لە پێشنیارکردنی گرتنەبەری خەباتی نوێ بۆ دەسەڵاتگرتنە دەستی دەوڵەت لە لایەن پرۆلیتاریاوە- لە بەشی دواتردا دێمەوە سەر ئەو باسە.

مارکس کە کەســایەتیەکی ســەرەکی بوو لە ئەنجومەنی گشــتی نێونەتەوەییدا، بانگەشــەی بۆ بەکارهێنانی دەوڵەت دەکرد بۆ هێنانەدی ســۆســیالیزم. هاوکاتیش باکونین و هاوڕێ ئەنارکیستەکانی بە بەردەوامی بانگەشەیان بۆ گۆڕینی دەوڵەت بە فیدراسیۆنەکانی شوێنی کار و کۆمونە خۆبەڕێوەبەریەکان دەکرد.

کاتێکیش کە ئەو جەدەلە بوو بووە جەدەلی بنەڕەتی نێوانی مارکس و مارکسیەکان لەگەڵ هاوڕێیانی باکۆنین-دا، خودی باکۆنین نەیتوانی لە کۆنگرەکەدا بەشدار بێت بەهۆی نەخۆشیەوە نەگەیشتە هۆڵەندا و گەڕایەوە بۆ سویسرا. ئەنارکیستەکانیش لە ئامادەنەبوونی ئەودا مشتومڕەکەیان دۆڕاند. ئەوەش بووە هۆی بەدەرنانی باکونین لە نێونەتەوەیی بە بیانووی ئەوەی کە مارکس باوەڕی وابوو بوونی باکۆنین لە کۆمەڵەکەدا پارێزگاری لە ڕێکخراوێکی نهێنی دەکات و پاگەندە بۆ ئەو ڕێکخراوە دەکات. هەر لەو ساڵەدا، ١٨٧٢ دوای دەرکردنی لە کۆمەڵەی نێونەتەوەیی، باکۆنین لەگەڵ هاوڕێکانیدا نێونەتەوەیی دژە دەسەلاتخوازی و پاوانخوازیی دامەزراندو بەردەوامبوو لە نووسین و کۆبوونەوە و کاری مەیدانی وەکو بەردەوامبوون و تێکەڵبوون بە بزوتنەوەی کرێکاران و جوتیارانی ئەوروپا.

باکۆنین خاوەنی ڕاو بۆچوونی خۆی بوو لە سەر هەموو لایەنەکان وەکو ڕۆڵی کرێکاران و بزوتنەوەکەیان و دروستکردنی حیزب و ناوەندگەرایی و نێونەتەویی کرێکاران، لەبەر ئەوە زۆر بە ڕوونی لەسەر هەر یەکێک لەو بابەتانەی نووسیوە.

باکۆنین لە پرۆگرامی هاوپەیمانانداا، ١٨٧١، سەبارەت بە نێونەتەویی دەنووسێت

" ئەگەر نێونەتەوەیی تەنها لە بەشە ناوەندییەکان پێکهاتبا، ڕەنگە ئەمەی دووەمیان سەرکەوتوو بوایە لە ڕێکخستنی پیلانگێڕی بۆ ڕووخاندنی نەزمی هەبووا [مەوجوود] بەڵام نەیدەتوانی ئامانجەکەی بەدەستبهێنێت، چونکە دەیتوانی تەنها دەستەیەك کرێکاری قارەمان بۆ خۆی ڕابکێشێت لە کاتێکدا ملیۆنان کرێکاری دیکە لە دەرەوەی ئەم بازنە بچووکە ماونەتەوە. هەروەها ناتوانێت قەیرانە کۆمەڵایەتیەکە لەناو ببات بەبێ ئەوەی پشتیوانی ئەم ملیۆنەها کەسە بەدەست بهێنێت، چونکە تەنیا ژمارەیەکی تاڕادەیەك کەم لە تاکەکان بیرۆکەیەکی

ئەبستراکت دەیانجووڵێنێت. ملیۆنان کەس، جەماوەری پرۆلیتاری ( ئەمەش بۆ چینە ئیمتیازدارەکانیش ڕاستە) تەنیا بە هێزی بوونی فاکتەکانەوە... بەهۆی بەرژەوەندیە دەستبەجێکانیان و خولیا و سۆزی چرکە وەختیەکەیانەوە دەجووڵێن" [٢٩]

هەر لەو پرۆگرامەدا باکۆنین پەنجە دەخاتە سەر خاڵێکی گرنگ لە مامەڵەکردن لەگەڵ کرێکاراندا. ئەو لە مامەڵەکردنی کرێکاراندا و بانگەشەکردنیان بۆ خەباتی چینایەتی باوەڕی بەوە نەبووە کە لە پرسە سەرەکیەکانەوە دەستی پێبکرێت، پرسەکان ئاڵۆز بکرێن لە بری ئاسانکاری بۆیان. ئەو باوەڕی وابووە گەر لە کێشە سادە و ساکارە ڕۆژانەیەکانی کرێکارانەوە دەستپێنەکرێت یەکسەر باز بدرێتە سەر باسکرنی دەوڵەت و هاوپشتی کرێکارانی وڵاتان و لە کۆمەڵەیەکی جیهانیدا، هەموو ئەمانە لای کرێکاران چەواشەکاری دروست دەکات و بێ تاقەتیان دەکات و دووریان دەخاتەوە لە خەباتەکەیان.

باکۆنین دەیزانی گەر کرێکاران کێشە ڕۆژانەیەکانیان بە هەند وەرنەگرن و لەسەر ئەو پرسانە قسەیان نەبێت و لەگەڵ یەکدیدا ڕێنەکەون ئەوە زۆر زەحمەتە لەسەر پرسە هەرە سەرەکیەکان هاوشانی یەکدی بن. ئەوانەی کە ئەو باسی لێوەدەکرد گەرچی هەنگاوی سەرەتایی و سادە بوون بەڵام هەنگاوی سەرەکی و بەرەوپێشەوەبردنیان بوون.

باکۆنین لەو بارەوە لە هەمان دۆکۆمێنت دا دەڵێت

" پێویستە دەست بەقسەکردن لەگەڵ کرێکاردا بکرێت، بەڵام نەك لە کێشە گشتیەکانی پرۆلیتاریای جیهانەوە، نە هۆکارە گشتیەکانی بەرپرسیاری لێیان، بەڵکو تەنها باسی پیشەی خۆی و بارودۆخی کارکردن لە ناوچەی خۆیدا و کاتەکانی

کارکردنی و تێچووی ژیان و پێشـنیارکردنی ڕێوشـوێنی پراکتیکی بۆ کەمکردنەوەی ئەم خراپانە و باشـترکردنی بارودۆخەکانی. هەڵە دەبێت کە سـەرەتا لەسـەر شـتگەلێکی وەک هەڵوەشـاندنەوەی موڵـك و ماڵی بۆماوەیی ( میراتگریی)، هەڵوەشـاندنەوەی مافە یاسـاییەکانی دەوڵەت و گۆڕینی دەوڵەت بە فیدراسـیۆنی ئازادی کۆمەڵی بەرهەمهێنەران قسـەی لەگەڵ بکەین. پێدەچێت لەم تیۆرییانە تێنەگات. نەخێر، بە زمانێکی سـادە ئەو جۆرە بیرۆکانە پێشـنیار بکە کە سـەرنجی عەقڵی باش ڕابکێشـێت و بتوانێت بە ئەزموونەکانی ڕۆژانەی خۆی پشـتڕاسـتیان بکاتەوە. ئەم ڕێوشـوێنانە بریتین لە: دامەزراندنی هاوپشـتی و هاودەنگیەکی تەواو لەگەڵ هاوکارەکانی لە پێناو بەرگریکردن لە مافەکانی و بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژیی خاوەنکار. دواتر درێژکردنەوەی ئەم هاودەنگی و هاوپشتیە لە شوێنی کارەکەیەوە و بەپیرەوەچوونی مامەڵە و پیشـەکان لە ناوچەکەی خۆیدا، واتە هاتنە ناوەوەی فەرمی وەك ئەندامێکی چالاك لە بەشـی پیشـەکەی و کارکەیدا یان پیشەکەیدا، کە بەشێکی سەر بە کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکارانن." [٣٠]

ئەوەی کە باکۆنینی لە مارکس و ئەنجلسـی جیادەکردەوە لە پرسـی نێونەتەوەیی کرێکاراندا، مەسـەلەی دژایەتیکردنی ناوەندگەرایی و ئامانجەکانی خودی نێونەتەوەییە. لای باکۆنین نێونەتەوەیی دەبێـت نوێنەرایەتی سـەراپای هەموو فیدراسـوێنەکان بکات، جێگایەك بێت بۆ لێدوان و هاودەنگی و هاوپشـتی هەموو کرێکارن. لەوێدا دەبێت فیدراسـوێنە کرێکاریەکان ئازادیی تەواوی خۆیانیان هەبێت، خۆیان پلانەکانی خۆیان و جۆری تێکۆشـانەکانی خۆیان دیاری بکەن و هەوڵی جێبەجێکردنی بدەن و هیچ فەرمان و ئامۆژگاریەکیان بەسـەردا نەسـەپێنرێت. کرێکاران مەبەسـتیان گرتنە دەسـتی دەسـەڵات بە دەسـەڵاتی دەوڵەتیشـەوە نەبێت چونکە بوونی دەوڵەت لە هەر شێوە و ناوەرۆکێکدا بێت هەر

جۆرە دەسـەڵاتێکی هەبێت ڕزگاری ئەوان دابین ناکات، بەڵکو کۆت و پێوەندەکانی دەست و قاچیان توندتر دەکات.

باکۆنین لەم بارەوە دەڵێت

" ڕێکخستنی نێونەتەوەیی ئامانجی خۆی هەیە دروستکردنی ستەمکاری نوێ نیە، بەڵکو لە ڕەگەوە هەڵکێشانی هەموو هەژموونێکی ستەمکارانەیە کە لە بنەڕەتدا سیمایەکی جیاواز لە ڕێکخستنی دەوڵەت وەردەگرێت. هەروەك چۆن دەوڵەت تاکڕەو و دەستکرد و توندوتیژ و دەسەڵاتێکی بێگانە و دوژمن بە گەشەسەندنی سروشتی غەریزە جەماوەریەکانە، هاوکاتیش بە هەموو شێوەیەك ڕێکخستنی نێونەتەوەیی لە هەموو ڕوویەکەوە دەبێت لەگەڵ ئەم غەریزە و ئەم بەرژەوەندیانەدا بگونجێت. بەڵام ئەی ڕێکخستنی جەماوەر چیە؟ ڕێکخراوێکە لەسەر بنەمای ئەرکە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانە و جۆرە جیاوازەکانی کار دامەزراوە. ڕێکخراوەکە بە گوێرەی پیشە و کارەکە. کاتێک هەموو پیشەسازیە جیاوازەکان لە نێونەتەوەییدا نوێنەرایەتی کران، بە کێڵان و چاندنی زەویشەوە، ڕێکستنەکەی، ڕێکخستنی جەماوەری خەڵك، بەدی هاتووە. ڕێکخستنی بەشە مامەڵەکاری و ئاڵوگۆڕەکان و نوێنەرایەتیکردنیان لە ژوورەکانی کاردا، ئەکادیمیایەکی گەورە دروست دەکات کە تێیدا هەموو کرێکاران دەتوانن و دەبێت زانستی ئابووری بخوێنن؛ هەروەها ئەم بەشانە لە خۆیاندا تۆوی زیندوو و زیندووی کۆمەڵگەی نوێ هەڵدەگرن کە دەکرێت جێگەی جیهانی کۆن بگرێتەوە. ئەوان نەك تەنها بیرۆکەکان، بەڵکو فاکتەکانی خودی داهاتووش دروست دەکەن." [٣١]

چەکەرەکردنی فیکری دەوڵەت لەلایەن مارکسەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لاوێتی ئەو کاتانای کە ئایدۆلۆژی ئەڵمانی نووسیوە. ئەو کاتانە ئەو قسەی لەسەر دەسەڵاتی پرۆلیتاریا دەکرد.

" لە ڕاستیدا لە ئایدۆلۆجیای ئەڵمانیدا، تیۆریی دیکتاتۆری پرۆلیتاریای ( هێشتا ئەو ناوەی نەداوەتێ) بە جۆرێك لە جۆرەکان، خراوەتەڕوو "......هەموو چینێك ئامانجی پاوانەکردنە بە پرۆلیتاریاشەوە کە بەرەو هەڵوەشاندنەوەی فۆرمی کۆمەڵی کۆنی دەبات بە تەواوی و بەگشتی، یەکەمجار دەبێت دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست تاکو نوێنەرایەتی بەرژەوەندی بە هەقەت وەکو بەرژەوندی گشتی بکات کە لە چرکەی یەکەمدا زۆری بۆدەهێنرێت کە ناچارە بیکات" [32]

بەڵام وەکو لە سەرەتاشدا وتم مارکس لە سەردەمی لاوێتیدا تێکەڵەیەك بووە لە مەیلی سۆشیالیستی دەسەڵاتخواز و ئەنارکیستی. بە تێپەڕینی کات سروشتی دەسەڵاتخوازیی خودی مارکس و مەیلی دەوڵەتخوازیی تۆختر بووەتەوە، دواتر ئەو مەیلە بە تەواوەتی زاڵ بووە. ئەمەش وایکرد کە بەشێکی گەورە لە تیۆرییە سیاسیەکەی داگیربکات و بەزەقی لە زۆرێك لە نووسین و نامەکانی و وتە و ڕاگەیاندنی نێو کۆبونەوە و کۆنفرانس و کۆنگرەکانی کۆمەڵەی نێونەتەوەی کرێکاراندا دەربکەوت.

کاتێك کە پارتی کرێکارانی سۆشیالدیمۆکراتی ئەڵمانی لە لایەن لیکنێخت و ئاگۆستۆ بێبلەوە بە چاودێری مارکس لە یەککگرتنی دوو حیزبدا : کرێکار و دیمۆکرات لە ئابی ساڵی ١٨٦٩ لە کۆنگرەیەکەدا لە ئایزناخ بەسترا مەسەلەی دەوڵەت و دەسەڵاتی کرێکاران لە لایەن مارکس و هاوڕێ ئەڵمانیەکانیەوە بە ڕوونی

باسـی لێوە کراو لە ڕاگەیاندنەکەشـیاندا بەیان کرا. داڕشــتنی بەرنامەی کاری ئەم حیزبە ئەوەندە ڕوون و ئاشـکرابوو کە نەدەکرا نکوڵی لە دوو شــت بکرێت. یەکەم، گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی. دووەم، ئاماژەدان بە خەباتکردنی جیا جیا لەوانە دەنگدان و پەرلەمانتاریی. بەڕای من هۆکارێکی یەکگرتنی ئەو حیزبانە و دروستبوونی حیزبی نوێ گەورەیی و دەسەڵاتی ئەڵمانیا وەك دەوڵەت، مەرجێکی باڵای ڕزگارکردنی هەموو جیهان بووە بۆ ئەوان، سـەرکەوتنی سـیاسـی و گەورەیی نەتەوەی ئەڵمانی بۆ ئەوان سـەرکەوتنی مرۆڤایەتی بووە.

سەبارەت بەو کۆنگرەیە باکۆنین دەڵێت

" ئەم بەرنامەیە سـازشـێکە لە نێوان بەرنامەی سـۆشـیالیسـتی و شـۆڕشـگێڕانەی نێونەتەوەیی وەك ئەوەی کۆنگرەی برۆکســل و بـازل دیاریـان کردووە، لەگەڵ بەرنامەی دیمۆکراســی بۆرژوازی. ئەم بەرنامە نوێیە داوای "دەوڵەتی گەلی ئازاد"ی دەکرد، کە هەموو هەژموونی چینایەتی و هەموو چەوســاندنەوە و بەکارهێنانێك هەڵبوەشـێنرێتەوە. ئازادی سـیاسـی بە بەپەلەترین مەرج بۆ ڕزگاری ئابووری چینی کرێکار ڕاگەیەندرا. لە ئەنجامدا پرسی کۆمەڵایەتی لە پرسی سیاسی جیانەکرایەوە. چـارەســەری ئەوە تەنیـا لە دەوڵەتێکی دیموکراســیـدا ئەگەری هەبوو. پـارتەکە پەیوەندی بە نێونەتەوەییەوە ڕاگەیەندرا. هەندێك ئامانجی دەسـتبەجێ خرایە ڕوو: مافی دەنگدانی پیاوان، ڕیفرێنـدەم، پەروەردەی خۆڕایی و نـاچـاری، جیـاکردنەوەی کەنیســە و دەوڵەت، ئازادی ڕۆژنـامەگەری، یـارمەتی دەوڵەت بۆ هەرەوەزییەکانی کرێکاران."............" بەرنامەکە ڕایگەیاند کە دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی سیاسی مەرجی سـەرەتایی ڕزگاری ئابووری پرۆلیتاریایە و لە ئەنجامدا ئامانجی دەسـتبەجێی حزب دەبێـت ڕێکخســتنی وروژانـدن و هـانـدانی یـاســایی بەرفراوان بێـت بۆ بەدەسـتهێنانی مافی دەنگدانی گشـتی و هەموو مافە سـیاسـیەکانی دیکە؛ ئامانجی کۆتایی، دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی پان ئەڵمانی و بەناو دەوڵەتی گەلە". [٣٣]

لێرەدا بۆ باکۆنین ئاشـــکرایە کە لای مارکس و هاوبیرانی چارەســـەری ئابووریانە لە ڕێگای گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیەوە دێت واتە لە پلەی دووەمدا. بەم شێوەیە پرسـی دەســەڵات و دەوڵەت بووە پرسـێکی زۆر ســەرەکی کە دوو ئاراسـتەی هێنایە پێشـەوە کە هەرگیز خاڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا نابینرێت و خاڵی دەسـتپێکردن و سەرەکیە لە لابەلاکردنەوەی کێشەی پرۆلیتاریاوە لەڕێگای دەوڵەت و عەقڵی باڵا و ڕێنمانیکردنەوە، یاخود لە ڕێگای بزوتنەوەی خۆڕسکی یەکگرتووی خودی پرۆلیتاریا خۆیەوە لە فیدراسیۆنەکاندا.

ئەوە نەبێ باکۆنین بیرۆکەکانی مارکسـی نەزانیبێت ، ئەو ســاڵانێکی درێژ بوو کە بە بۆچوونەکانی مارکس ئاشــنا بوو بوو، هەم بە خوێندنەوەی نووســینەکانی هەم لە جەدەل و وتووێژە هەمەلایەنەکان لە نێو کۆبوونەوە و کۆنفرانس و کۆنگرەکانـدا. مارکسـیش بە هەمان شـێوە لە باکۆنینن و جەوهەری فیکری باکۆنین گەیشـتووە. هەموو ئەو بیرۆکانەی مـارکس ســەبـارەت بە ڕۆڵی پرۆلیتـاریـا و دەســەڵاتگرتنە دەســتیـان و دەوڵەتیش لای باکۆنین ئاشــکرا بوو. باکۆنین ئەمانەی بە بیرۆکەی کۆمۆنیستی مارکسی لە قەڵەم دەدا.

لەو بارەوە باکۆنین نووسیوێتی

" بیرۆکەی کۆمۆنیســتی مارکس لە هەموو نووســینەکانیدا دێتە بەرچاو؛ هەروەها لە پێشــنیـازەکـانی ئەنجوومەنی گشــتی کۆمەڵەی کرێکـارانی نێونەتەوەییـدا دەردەکەوێـت کە لە لەنـدەن و هەروەهـا لە کۆنگرەی بـازل لە ســـاڵی ١٨٦٩دا پێشکەشی کردووە، لەو پێشنیارانەدا کە بەنیازی ئەوە بووە بیخاتە بەردەم کۆنگرە کە بڕیار بوو لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٨٧٠ دا بگیرێت، بەڵام بەهۆی شەڕی فەرەنسا و ئەڵمانیاوە پێویســتبوو کۆنگرەکە ڕابگیرێت. مارکس وەك ئەندامێکی ئەنجومەنی گشـتی لە لەندەن و وەك سـکرتێری پەیوەندیدار بۆ سـۆشـیالیسـتەکانی ئەڵمانیا،

لەم ئەنجوومەنەدا، وەك دەزانرێت، هەژموونێكی گەورەی هەیە و دەبێت پێشنیارەكانی دانی پێدابنرێت، ئەوەش ڕەوایی هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت دڵنیابێت كە پێشنیارەكان لە لایەن ئەنجوومەنەوە خراوەتە بەردەم كۆنگرە. چەند دانەیەكیان بە شێوەیەكی بنەڕەتی لە سیستەم و هاوكاری ماركسەوە وەرگیراون. هەر بەم شێوەیە بوو كە هاووڵاتی ئینگلیز لوكرافت، Lucraft ، كە ئەندامی ئەنجومەنی گشتی بوو، لە كۆنگرەی بازلدا ئەو بیرۆكەیەی خستەڕوو كە هەموو زەوییەك لە وڵاتێكدا دەبێت ببێتە موڵكی دەوڵەت و كێڵان و چاندنی ئەم زەوییە دەبێت "كە تەنها لە دەوڵەتێكی دیموكراسی و سۆشیالیستیدا دەكرێت، كە تێیدا خەڵك دەبێت بە وردی چاودێری بەڕێوەبردنی باشی زەوی نیشتیمانی بكەن كە لەلایەن دەوڵەتەوەیە. " [٣٤]

باكۆنین ئەوەندە بە توندی دژی بیرۆكەی دەسەڵاتداری و دەوڵەتە كەبە هیچ جۆرێك لاستیكیانە نیە و پەل و پۆی لێناكرێتەوە. ئەو ناتوانێت دەربڕینەكانی خۆی لە بەرامبەر كۆمۆنیستەكان و ماركس دا بشارێتەوە و لە زۆر شوێندا بە دەر لە جیاوازی كەسایەتی ماركس و هۆكارەكانی دروستبوونی دەوڵەت لە لایەنی ماركس و بێسماركەوە، بەراوردێكی باشی نێوان ئەو دووانە دەكات. باكۆنین لە ئامانجی سەرەكی ماركس تێدەگات كاتێك كە ماركس باس لە دەوڵەتی گەل دەكات. لەبەر ئەوە باكۆنین دەڵێت

" ئێوە بە باشی دەتوانن ببینن كە لە پشت ئەو هەموو دەستەواژە و بەڵێنە دیموكراسی و سۆشیالیستیانەی بەرنامەكەی ماركسەوە لە دەوڵەتەكەیدا هەموو ئەو شتانە دەدۆزرێتەوە كە سروشتی دیكتاتۆرییەتی و درندەیی ڕاستەقینەی هەموو دەوڵەتەكان پێكدەهێنن، هەرچی فۆرمی حكومەتەكەیان بێت ئەویش لە حساباتی كۆتاییدا، دەوڵەتی گەل كە ماركس ئەوەندە بە توندی دەستخۆشی دەكات و دەوڵەتی ئەرستۆكراتی- پاشایەتی كە زیرەكانە وەك دەسەڵات لەلایەن

بیسمارکەوە پارێزگاری لێدەکرێت، بە سروشتیی ئامانجەکانیان لە ناوخۆ و هەروەها لە کاروباری دەرەوەشدا بە تەواوی یەکسانن. لە کاروباری دەرەوەدا هەمان جێگیرکردنی هێزی سەربازیە واتە داگیرکردن، فەتحکردن، لە کاروباری ناوخۆشدا هەمان دامەزراندنی ئەم هێزە چەکدارەیە، کە دوا جەدەلی هەموو دەسەڵاتە سیاسیە مەترسیدارەکانە بەرامبەر جەماوەر، کە ماندوو و بێزارن لە باوەڕبوون و هیوا و ملکەچبوون و گوێڕایەڵی هەمیشە، کە لە ڕاپەڕیندا بەرەنگاری دەبنەوە." [35]

بۆ باکۆنین گرنگ نیە جۆری دەوڵەتەکە چۆنە و کێ بەڕێوەی دەبات، چونکە هەر دەوڵەتێك بچوك یا گەورە زۆر یان کەم پێویستی بە سوپا و پۆلیس و دادگاو یاسا و ئیدارەی بیرۆکراتی و دەزگای سیخوڕی و.. تاد هەیە، کەواتە دەوڵەتی گەل-میللی-، دەوڵەتی خۆبەڕێوەبەری، دەوڵەتی کرێکاران/ پرۆلیتاری هیچیان ناتوانن بە بێ هەبوونی ئەو دەزگایانە بەردەوامی بەخۆی بدات.

باکۆنین لە بەرامبەر ئەمەدا ڕوودەکاتە مارکس و پێی دەڵێت " ئەگەر دەوڵەت هەبێت ، ئەوە هەژموونکردنیش دەبێت و سەرەنجامەکەش کۆیلایەتی دەبێت. دەوڵەت بە بێ کۆیلایەتی ، بەکراوەیی بێت یاخود بەشاراوەیی ناسەلمێنرێت ، ئەمەیە کە ئێمە دووژمنی دەوڵەتین. مانای چیە 'پرۆلیتاریا هەڵدەکشێ بۆ چینی فەرمانڕەوا؟' باکۆنین پرسیار لە مارکس دەکات " ئایا هەموو ٤٠ ملیۆن ( کرێکارانی ئەڵمانیا) دەبنە ئەندامانی حکومەتەکە؟" مارکس لەوەڵامدا دەڵێت " بە دڵنیاییەوە! بۆ سیستەمەێك کە لە حوکمی خۆسەری کۆمۆنێتیەکانەوەیە" [36]

باکۆنین لە واقیعی کۆمەڵایەتی و چینایەتیەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕوانیوە، ئەو زانیوێتی و زۆریش دڵنیا بووە لەوەی کە لە لەڕێگای دەسەڵات و

دەوڵەتەوە کە مارکس و کۆمۆنیستەکان داوایان دەکرد و لە نێو بەرنامەکەیاندا بووە هەرگیز چارەسەری کێشە چینایەتیەکان ناکات. باکۆنین پرسی ئابووری، بەواتایەکی دیکە ڕزگاری ئابووریانە، زۆر لە لای گرنگ بووەو بە بەردی بناغەی ڕزگاری کرێکاران و چەوساوەکانی داناوە. ئەو باوەڕی وابووە کە کرێکاران و کۆمەڵ لە ڕێگەی بزوتنەوەی خۆڕسکیەوە بە یەکگرتنی فیدراراسوێنەکان دەتوانن بگەنە ئەو ئامانجە. دوای ئەم هەموو ماوە درێژە کە نزیکەی سەدە و نیوێکە کە دەسەڵاتی پارتە کۆمۆنیستەکان بوونیان هەبووە و لە زۆر شوێندا دەسەڵاتی دەوڵەتیان گرتبووە دەست، کەچی یەکسانی و ئازادی و دادپەروەری یاخود کۆمەڵی ناچینایەتیان نەهێنایە بەرهەم.

باکۆنین لە بەرامبەر مارکس و کۆمۆنیستەکاندا سەبارەت بە پرسی ئابووری و ئازادی دەڵێت " من داکۆکیکار و لایەنگرێکی قەناعەتپێکراوی یەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتیم، چونکە دەزانم، بەبێ ئەو یەکسانیە، ئازادی، دادپەروەری، کەرامەتی مرۆڤ، ئەخلاق، و خۆشگوزەرانی تاکەکان و هەروەها خۆشگوزەرانی گەلان، جگە لەوەی کە درۆگەلێکی زۆرن هەرگیز هیچی ترنین. بەڵام وەك پارێزەرێك لە هەموو بارودۆخێکی ئازادیدا، ئەو مەرجە یەکەمەی مرۆڤایەتی، پێموایە ئازادی دەبێت خۆی لە جیهاندا بە ڕێکخستنی خۆبەخۆی کار و خاوەنداریّتی بەکۆمەڵ لەلایەن کۆمەڵە بەرهەمهێنەرەکانەوە کە بە ئازادی لە ناوچەکاندا ڕێکخراو و فیدراڵی کراوە و بە هەمان شێوە لەلایەن فیدراسیۆنی خۆبەخۆوە، خۆی لە ناوچەکاندا جێگیر بکات، بەڵام نەك بە کردەوەی باڵا و سەرپەشتیاری دەوڵەت" /٣٧]

مارکس لە بەرنامەی گۆتا و کۆنگرەی لاهای-دا بێ شاردنەوە قسەی لەسەر دەوڵەتی کرێکاران دەکرد، بەڵام بە ناوی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە گوایە ئەم جۆرە لەو دەوڵەتانەی کە بوونیان هەیە جیاوازە. جیاوازیەکەش لای مارکس بە دوو هۆکار پاساو دەدرا: یەکەم: ئەمە دەوڵەتی پرۆلیتاریایە و دژی بۆرژوازی و

پاشماوەکانی بۆرژوازییە. دووەم: ئەم دامەزراوەیە قۆناغێکی راگوزەرە بۆ پەڕینەوەی کۆمەڵ لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیەوە و گەیاندنی بە کۆمۆنیزم.

دەیڤد ئادەم،David Adam، کە یەکێکە لەو کەسانەی کە دەیەوێت پاساو بۆ بوچونەکانی مارکس بهێنێتەوە و لە زۆر شوێنیشدا ئەو بیرکردنەوەیەمان پێدەدات کە ئەنارکیستەکان غەدر دەکەن لە مارکس، ئەگینا مارکس زۆر بە وردی چەمکەکانی خۆی سەبارەت بە دەسەڵات و دەوڵەت و دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بە باشی ڕوون کردۆتەوە. بەرگری ئەم لە مارکس تا ئەو ڕادەیە دەڕوات کە دەڵێت مارکس بە ئەزموونی کۆموونە زۆر نزیك بووەوە لە باکۆنین و ئەنارکیستەکان. بەڵام لە ڕاستیدا هەرگیز نە پێش کۆموونە و نە لە کاتی کۆموونە و نە دوای کۆموونە خاڵی ناوکۆیی لە نێوانی باکۆنین و مارکس دا نەبووە و نیە.

دەیڤد سەبارەت بە چەمکی حکومەتی پرۆلیتاری ئاوا پاساوی دەوڵەتەکەی مارکس دەدات

" ئەم قۆناغە ڕاگوزەرە، وەک مارکس بیری لێدەکردەوە، بوونی فۆرمێکی ڕاگوزەری کۆمەڵگەی بەدوای خۆیدا نەهێنا کە لە نێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزمدا دەستێوەردان بکات و جیاواز بێت. قۆناغی ڕاگوزاری [گواستنەوە] لە بنەڕەتدا قۆناغێکی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەیە. مارکس نووسیویتی: " لە نێوان کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کۆمۆنیستیدا، قۆناغی گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی یەکێك بۆ ئەوی دیکەیە." هۆکاری دەسەڵاتی دەوڵەتی پرۆلیتاری ئەوەیە کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بهێنرێتە ناو خاوەندارێتی هاوبەشەوە، بۆ ئامانجی "دەستبەسەرداگرتنی موڵکداری" دەهێنێتە ئاراوە، وەك مارکس لە ئامانجی کۆمۆنەی پاریس باسی کردووە."

هەر لە هەمان وتاریدا دەیڤد درێژە بەو بابەتە دەدات و دەڵێت

"بەڕوونی ئەم چەمکە لە حکومەتی "پرۆلیتاری" جیاوازە لە دەوڵەتی بۆرژوازی، یان لە هەر فۆرمێکی پێشـــووی دەســـەڵاتی دەوڵەت. وەك مـارکس لە لێـدوانەکـانی ســـەرەوەدا بە ڕوونی باســی دەکات، تەنیا بەو مانایە ئاماژەیە بۆ "حکومەت"ێکی پرۆلیتاری کە چینی کرێکار ئامرازی گشـتیی بەزۆر بەکاردەهێنێت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی. حکومەتی پرۆلیتاری لەلایەن مارکسـەوە بەو مانایە بەکارناهێنرێت کە هەندێک گروپی دەســـتەبژێر (کە بە ڕۆشـــنبیر ناســـراون ، وەک باکونین دەیگوت) ئامرازی گشــتی زۆرەملێکردن بەســـەر هەموو پرۆلیتاریادا بەکاربهێنن، چونکە ئەوە "خۆبەڕێوەبەری" چینی کرێکار ڕەتدەکاتەوە. بەڵکو پرۆلیتاریا بە گشـتی بەرژەوەندیە چـیـنـایـەتـیـەکـانی خـۆی بەســـەر چـیـنـێـکـی نـامـۆدا دووپـات دەکـاتەوە (بە هەڵوەشـــانـدنەوەی موڵـك و مـاڵی تـایبەت، زەوتکردنی ســـەرمـایەدارەکـان و بەکۆمەڵایەتیکردنی ئـامرازەکـانی بەرهەمهێنـان، هەڵوەشـــانـدنەوەی ســـوپـای هەمیشـەیی) [٣٨]

گرفتی چەمکی دەوڵەت یـا حکومەتی پرۆلیتـاری مـارکس ئەوەیە کە ڕەچـاوی ئەوە ناکات کە دەوڵەت هەرگیز لە قۆناغی لاوازیدا نامێنتەوە، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر و بەهێزتر دەبێت، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەگەر لە هەوڵی بەهێزبوونیدا نەبێت ئەوە لە لایەن دەوڵەتەکـانی دیکەوە دەخـورێـت. دوای ئەوەش ســـەیرە کە بـاوەڕ بە هەڵـوەشـــانـدنەوەی دەوڵەت لە ئـامرازێکی تـونـدی ســـەرکوتکەری بەهـێز و کۆنتۆڕڵکەری کۆمەڵ و تاکەکانیەوە، هەر بەو ســـاناییە لە خۆیەوە بکەیت و باوەڕ بهێنیت کە ئەم دەوڵەتە دەگۆڕێت بۆ دژەکەی و کۆتـایی بە کۆمەڵێکی چینـایەتی و پلەبەنـدیی دێـت. ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ دەوڵەت و وەرچەرخـانی بۆ کۆمەڵی بێ دەوڵەتیی لای کەسانی ژیر و خاوەن ئەزموون جێگای بڕوا و متمانە نیە.

باکۆنین لە ڕەتکردنەوەی مەیلی دەوڵەتگەرایی مارکس و هاوەڵەکانیدا دەڵێت " ڕژێمێکی لەو شێوەیە ناتوانێت خۆی لە بێزاری و نارەزایی جەماوەر و وروژاندن بپارێزێت، بۆ ئەوەی لە ژێر کۆنترۆڵدا بمێنێتەوە، حکومەتی ڕۆشنگەری و ڕزگارکەری مارکس پێویستی بە هێزێکی چەکداری کەمتر نابێت چونکە حکومەت دەبێت بەهێز بێت، ئەنجلس دەڵێت، بۆ ئەوەی نیزام و ڕێکوپێکی لە نێوان ئەم ملیۆنەها نەخوێندەوارەدا بپارێزرێت کە ڕاپەڕینی درندانەیان توانای لەناوبردن و ڕووخاندنی هەموو شتێکیان دەبێت، تەنانەت حکومەتێك کە کەلەی/سەری پڕ لە مێشك ئاراستەی بکات." [٣٩]

هەر لە درێژەی ئەو باسەدا لە سەرەتای نووسینەکەیدا باکۆنین دەڵێت: " سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان پێیان وایە کە هەست و ڕۆحی پراکتیکی لە خواستە غەریزەیەکان و لە پێداویستیە ڕاستەقینەکانی جەماوەری خەڵکدا زۆر زیاتر لە عەقڵی قووڵی هەموو پیاوانی فێربوو و موحازەردەری مرۆڤایەتیی، کە دوای ئەوەندە هەوڵدان شکستیان هێناوە لەوانەی کە دەبێت ڕووبدات، کەچی هێشتا هەر هەوڵی خۆیان زیاتر دەکەن. سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان بە پێچەوانەوە پێیان وایە کە ڕەگەزی مرۆڤ و ژیانی ئەوەندە درێژخایەن بووە، زۆر درێژ، کە حوکم بکرێت و خۆی بەڕێوە نەچێت. سەرچاوەی بەدبەختیەکانی مرۆڤ لە فلان فۆرمی حکومەتدا نیە بەڵکو لە پرنسیپدا و لە حەقیقەتی خودی حکومەتدایە ئیدی هەر جۆرێکیان بێت. لە کۆتاییدا حکومەت بووەتە دژایەتیەکی مێژوویی، ناکۆکیەك کە لە نێوان ئەو کۆمۆنیزمەدا هەیە کە لە ڕووی زانستیەوە لەلایەن قوتابخانەی ئەڵمانیەوە پەرەی پێدراوە و بەشێکیشی لەلایەن سۆشیالیستی ئەمریکی و ئینگلیزیەوە قبوڵ کراوە لە لایەك، و پرۆدۆنیزم[ ئاماژەدانە بە جۆزیف پرۆدۆن] تا ڕادەیەکی زۆر پەرەی سەندووە و بردوویانە بەرەو دوا دەرئەنجامەکانی، کە لە لەلایەن پرۆلیتاریای وڵاتانی لاتینییشەوە قبوڵکراوە." [٤٠]

پاش تێپەڕینی ئەم ماوە درێژە و لە ئێستاشدا زۆرێکی کۆمەڵ و هەموو مارکسیەکانیش بە هۆکاری جیاواز باوەڕیان بە دەوڵەت هەیە وەك ئیدارەیەك. بیانوی مارکسیەکان ئاشکرایە کە گەیشتنە بە کۆمەڵی سۆشیالیستی. هەرچیش زۆرینەی کۆمەڵگەشە پاساوی بوون و پێویستبوونی دەوڵەت بەوە دەدەن کە بۆ ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری بوونی دەوڵەت پێویستە. ئەوان دەڵێن دەوڵەتی دڵسۆز و ئازاد پێویستیە کە لە شێوەیەکی گرێبەستی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەکە یا زۆرینەیان دروست بکرێت ، چی تر گرفتێکی نابێت. بەڵام زۆرێك لە کۆمەڵگە ناتوانن بگەنە ئەو قەناعەتەی کە لە ئێستادا ئەوەی کاروبارەکانی نێو کۆمەڵ لە بەشی پەرروەردە و تەندروستی و خانووبەرە و هەموو جۆرەکانی هاتووچۆ و بەرهەمهێنان و بەشەکانی دیکەدا بەڕێوەدەبەن ئەوە نە دەوڵەتە و نە نوێنەرەکانی دەوڵەتن و نە بەڕێوەبەر و نە بەڕێوەبەرە جێبەجێکارە گەورەکانن، ئەوانە کەسە ئاساییەکانن کە ئەو توانایەیان هەیە کە شیرازەی کۆمەڵیان ڕاگرتووە و ناهێڵن کۆمەڵگە هەرەس بهێنێت. ئاشکرایە کە میللەت یا کۆمەڵ، دەتوانێت بە بێ پەرلەمان و دەوڵەت و گەورە بەرپرسەکان ژیان بکات و بەردەوامی پێبدات، بەڵام مەحاڵە بە بێ کرێکاران و کارمەندانی ئەو بەشانەی کە لە سەرەوە ناوم هێنان کۆمەڵگە بەردەوام بێت.

لەمانەش زیاتر خاوەنی ئەو بیرۆکە و پێشنیارانە ئەوە لەبیردەکەن کە بوونی حکومەت خۆی گرفتە، ئەوە حکومەتە کە ئەو هەموو گرفتانەی دروستکردووە، ئەوە حکومەتە کە تۆوی بێ متمانەیی و بێ باوەڕیی لە گیانی تاکەکانی کۆمەڵدا چاندووە.

مارکسیەکان دەڵێن دەوڵەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا هیچ چینێکی ئیمتیازدار بە هیچ شێوەیەك ئافریدە ناکات، هەموان یەکسان دەبن. ئەمە هەمان شتە کە لە

دەوڵەتە 'گەلیی'یەکەی مارکسیشدا پێمان دەوترێت. باکۆنین دەڵێت " دەوڵەت لە سەرەوە بۆ خوارەوە حکومەتە لە ژمارەیەکی بێئەندازە لە پیاوان کە زۆر جیاوازن لە روانگەی پلەی کەلتووریانەوە، سروشتی ئەو وڵاتانە یان ناوچەکانی کە تێیدا نیشتەجێن، ئەو کار و پلەیەی کە بەدوایەوەن، بەرژەوەندییەکان و ئیلهامەکانیان، ئەمانەیە کە ئەوان ئاراستە دەکات- دەوڵەت حکومەتی هەموو ئەمانەیە لەلایەن هەندێک کەمینەی ترەوە. ئەم کەمینەیەش، تەنانەت ئەگەر هەزار جار بە مافی دەنگدانی گشتگیر هەڵبژێردرابێت و لە کردەوەکانیدا لەلایەن دامەزراوە جەماوەرییەکانەوە کۆنترۆڵکرابێت، مەگەر ئەو هەموو زانستە ڕەهایە و هەموو بوونی تەواو و و هەموو توانا ڕەهاکان کە ئیلاهیناسەکان دەیگێڕنەوە بۆ خودا پێی بەخشرابێت، مەحاڵە بتوانێت و پێشبینی لە پێداویستیەکان بکات، یان بە دادپەروەرییەکی یەکسان ڕەواترین و زەقترین بەرژەوەندیەکانی جیهان تێر بکات. هەمیشە کەسانێک ناڕازی دەبن چونکە هەمیشە هەندێك دەبنە قوربانی." [٤١]

باکۆنین درێژە بە خودی کەمایەتیەکە و حوکمڕانیان دەدات و دواتر دەڵێت " هیچ شتێك لە خووی فەرمانکردن مەترسیدارتر نیە بۆ ئەخلاقی تایبەتی مرۆڤ. باشترین پیاو، زیرەکترین، نابەرژەوەندیخواز، بەخشندە، پاك، بێ هەڵە، هەمیشە لەم پیشەیەدا تێکدەچێت و دەگۆڕێت. دوو هەستی سروشتی دەسەڵات هەرگیز شکست ناهێنن لە بەرهەمهێنانی ئەم بێ مۆڕاڵکردنەدا؛ ئەوانیش بریتین لە: سووکایەتیکردن بە جەماوەر و زیادەڕۆیی لە توانای خودی مرۆڤەکە خۆیدا." [٤٢]

کاتێك مارکس باسی دەوڵەتی سۆشیالیستی کردووە، هاوکاتیش ئەو کە کەسێکی سەرەکی بووە لە نێو کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاراندا قسەی لەسەر یەکگرتنی کرێکارانی جیهان کردوە، لای باکۆنین جێگای سەرسوڕمان بووە. چونکە بوونی نێونەتەوەیی و بوونی دەوڵەتی سۆشیالزم نەك هەر دوو پرسن کە لە شانی یەکەوە

نـاڕۆن بەڵکو دژایەتی مێژوویی یەکـدیش دەکەن. بـاکۆنین دەیزانی کە نـاکرێـت هەردووکیانت لە هاوشـانی یەکەوە هەبێت بۆیە ئەو بۆچوونەی لا دروست بوو، کە ئەوەی مارکس دەیەوێت دروســتی بکات تەنها دەوڵەتێکی گەردوونیە کە ئەمەش خەونە و لە واقیعەوە زۆر دوورە. باکۆنین کە دژ بە دەســەڵات و دەوڵەتی لۆکاڵی بێت، دەبێت هەر ئاواش دژ بە دەوڵەتی گەردونیش بێت، ئیدی ئەو دەوڵەتە هەر ناو و ناوەرۆکێکی هەبێت. هەر وەکو پێشــتر ئاماژەم پێدا ئەو لەســەر هەڵبژاردنی زیرەکترین و بەتواناترین کەســەکانی ناو کۆمەڵ بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵ لە شـێوەی حکومەت و دەوڵەتدا قسەی خۆی هەبووە.

بـاکۆنین لەو بـارەوە ســەبـارەت بە ڕۆڵی پرۆلیتـاریـا شــۆڕشــگێڕەکان و دەوڵەتی سـۆشـیالیسـتی گەردوونی دەڵێت " ئێمە پێمان وایە کە سـیاسـەتی شـۆڕشـگێڕانەی پرۆلیتاریا دەبێت بۆ دەستبەجێ و تەنیا نارەزایەتی خۆی لە لەناوبردنی دەوڵەتەکاندا هەبێت. ئێمە تێناگەین کە کەسـێك دەتوانێت باسـی هاوپشـتی نێونەتەوەیی بکات کاتێك دەیەوێـت دەوڵەتەکان بهێڵێتەوە- مەگەر خەون بە دەوڵەتی گەردوونیەوە ببینێـت، واتە کۆیلایەتی جیهـانی وەك ئیمپراتۆر و پـاپـا گەورەکـان- دەوڵەت بە سـروشـتی خۆی پچڕانێکە لەم هاوپشـتیە و لە ئەنجامیشـدا هۆکارێکی هەمیشـەیی شـەڕە. هەروەها تێناگەین کە چۆن کەسـێك دەتوانێت باسـی ئازادی پرۆلیتاریا یان ڕزگارکردنی ڕاســتەقینەی جەماوەر لە نـاو خودی دەوڵەت و لەلایەن دەوڵەتەوە بکات. دەوڵەت بە واتای هەژموون و هەموو هەژموون و زاڵبوونێکیش پێشـگریمانە دەکات بۆ ملکەچی جەماوەر و لە ئەنجامدا چەوســاندنەوە و بەکارهێنـانیان بۆ قازانجی کەمینەیەك یان کەسانی دیکەیە." [43]

ئەوانەی کە لینین وتوونی و کردوونی شــتێك نەبوون کە مارکس قســەی لەســەر نەکردبن. تەنانەت لە دەسەڵاتی سیاسیشدا، ئەگەرچی مارکسیەکان بە بیانوویەك لە بیانووەکان ڕەتی دەکەنەوە. بۆ نموونە دەیڤد ئادەم لە هەمان وتاریدا دەڵێت" مۆدێلی لینینیســتی لە مەزهەبێکی دیاریکراو یان حزبێکی ســیاســی کە دەســەڵاتی سیاسی بەکاردەهێنێت زۆر لە چەمکی بلانکویستی "دیکتاتۆریەت" نزیکترە نەک لە چەمکی مـارکس و ئەنجلس کە بە ڕوونی ڕەخنەی لەم چەمکە گرت کە چۆن دەسەڵاتی سیاسی دەبێ بەکاربهێنرێت" [44]

لێکدانەوە و توێژینەوەکانی مارکس، لای مارکسیەکان بە زانست لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام بەڵگەیەك نیە کە ئەوە بسەلمێنێت. ئەوانەی کە ئەو باسیکردون و پێشبینی ڕوودانی دەکردن، ڕوویان نەدا و زیانێکی زۆریشی لە بزوتنەوەی سۆشیالیستی دا.

مارکسیەکان دەبوایە پێداچونەوەیەکیان بە 'مارکس' دا بکردایەتەوە، چونکە سەدەمی ئێستا و سەردەمی مارکس زۆر جیاوازن لەبەر ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر چینی کرێکاران و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیادا هاتوون. دوای ئەوەش هەندێك هەڵەی مارکس هەیە کە کاتی خۆیشی و ئێستاش هەر هەڵە بوون وەکو : مارکس هەمیشە لە مەترسی کەمی بەرهەمدا ژیاوە و لای ئەو نەبوونی یا کورتهێنانی بەرهەم هۆکارێکە لە بەرگریکردنی ئەو لە تەکنەنۆجیا و خاڵی سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیزمیشە. ئەو قسە و هەوڵی بۆ ئەوە بووە کە مرۆڤ دەست بەسەر سروشتدا بگرێت، نەك هاوسەنگی و دۆستایەتی بکات. دیسانەوە پەرستنی تەکنەلۆجیا و گەشەکردنی سەرمایەداریی لای ئەو مەرجی ڕوودان و سەرکەوتنی

تەواوی سۆشیالیزمە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە وا دەرنەچوو و ژیانیش شکستی بەو لێکدانەوەیە هێنا.

پێناسەی ئەو بۆ کرێکاران کە چینێکی شۆڕشگێڕن، گەر کاتی خۆشی تا ڕادەیەك ڕاست بوو بێت بە حوکمی ئەوەی کرێکاران بارودۆخیان لەو سەردەمەدا لە ئێستا، جیاواز بووە، ڕەنگە ئاوا بووبێتن، بەڵام ئێستا لە بەریتانیادا تەنانەت لە شوێنێکی سەرکاریشدا هەموویان ناتوانن بۆ ئەنجامدانی چالاکیەك یەکبگرن تەنانەت لە تەنها ڕۆژێکی مانگرتنیشدا. کرێکاران پارێزەری تەواوی ئەم سیستەمەن، ئەوەی کە لای ئەوان گرنگە لەدەستنەدانی کارەکەیانە هەتا ئەوە لەسەر حسابی کوشتنی ملیۆن کەسانی وڵاتانی دیکە و وێرانکردنی خاکیشیان بێت. ئەمەش لەمرۆدا زۆر بە ئاشکرا دەبینین. دیسانەوە کردنی کرێکاران بە چەقی یەکلاییکردنەوەی هەموو کێشەکان هەڵەیەو ئێمە سۆڤێتاتی کرێکارانمان ناوێت و کۆمیتەکانی ئەوان دەبنەوە بە بەشێك لە دەسەڵات، لەمەشیاندا مارکس دەسەڵات و ناوەندگەرایی ویستووە ، نەك یەکسانی دادوەری کۆمەڵایەتی و ئازادیی.

مارکس و مارکسیەکان باوەڕیان بە شۆڕشی سیاسی واتە دەسەڵاتگرتنە دەستی دەوڵەت هەیە، بەڵام شۆڕش دەبێت شۆڕشی کۆمەڵایەتی بیت و لە بنچینەی کۆمەڵەوە دەستپێبکات و هەمو لایەنەکانیش بگرێتەوە، ناشتوانرێت بە تەنها قسە لەسەر کێشەی چینایەتی بکرێت بێ ئەوەی کە ئامانج لە لەناوبردنی پلەبەندیی و هەرەمی لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵدا نەگرێتەوە.

پرسی ئیکۆلۆجی- ژینگەزانی/ ژینگەناسیی- لە ئێستادا پرسێکی هێگجار گرنگی کۆمەڵە، بایاخ نەدان بەو پرسە و نەکردنی بە خاڵێکی گرنگی خەباتکردن لە شۆڕشدا خودی شۆڕش مەحاڵە. لە مەسەلەی دابەشکردنی قۆناغی سۆشیالیزم بە

سۆشیالیزم و کۆمینیزم و کە دواتریش 'لینین و ستالین' باشتر و وردتر تیۆریەکەی ئەویان نەخشە کێشایەوە و کۆمەڵگای مرۆڤایەتییان بۆ پێنج قۆناغ دابەشکرد بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم و دواتریش بە کۆمۆنیزم گەر کۆمەڵگە بە قۆناغی سەرمایەداریدا تێنەپەڕێت، بەمەش گەورەترین لێدانیان لە بزوتنەوەی سۆشیالیستی دا.

سەرمایەداری بەلایەنی کەمەوە سەدەیەکە نەکەوتۆتە قەیرانەوە یاخود گەر بووبێت زۆر بە باشی توانیوێتی چارەسەریان بکات و جارێکی دیکە بە گوڕ و تینێکی بەهێزترەوە بێتەوە مەیدان. دروستکردنی پەتاکان و جەنگەکان لە چەرخی ڕابوردوو و ئێستاشدا باشترین ئامرازن بۆ لێدانی بزوتنەوەی کرێکاران و بزوتنەوەی جەماوەر.

لە کۆتاییدا دەڵێم، ئەوەندەی من بزانم خاڵێکی هاوبەش لە نێوانی مارکس و باکۆنین و مارکسیەکان و ئەنارکیستەکاندا نیە و نەبووە. فیکری مارکس فیکرێکی لاستیکیە لە تیۆریە ئابووری و سیاسیەکەیدا کە هەموو کەس و لایەنێك دەتوانێت ئیجتیهادی تێدا بکات و بەو لایەنەدا ڕایبکێشێت کە خۆی دەیەوێت، وەک چۆن موسڵمانەکان ئەو ئیجتیهادە لە قورئاندا دەکەن. ئاشکراشە ئەوەندەی کە سەرمایەداری لە تیۆریە سیاسی و ئابووریەکەی مارکس سوودمەند بووە هەرگیز کرێکار و سەراپای چەوساوەکانی دیکە ئەوەندە سوودمەند نەبوون.

## پەراوێز:

www.zaherbaher.com

[1] Pierre Ramus: The nonsense and sciencelessness of Marxism. Part one.

[2] Pierre Ramus Part II. The Communist Manifesto .

[3] Ibid , [4] Ibid

[5]https://www.marxists.org/history/etol/writers/molyneux/1978/party/ch01.htm

[6] Ecology or Catastrophe, The life of Murray Bookchin, By Janet Biehl, p285

[7] Mikhail Bakunin 1872 Letter to La Liberté

[8] Bakunin Marxism, Freedom and the State. Part 3, the State and Marxism.

[9] Mikhail Bakunin 1872 Letter to La Liberté.

[10] P190 Ecology or Catastrophe, The life of Murray Bookchin, By Janet Biehl.

[11] Ibid

[12] The Politics of Social Ecology, Libertarian Municipalism. By Janet Biehl. Bookchin interview by Janet.

[13] Ecology or Catastrophe, The life of Murray Bookchin, By Janet Biehl

[14] P140 the Murray Bookchin Reader Edited By Janet Biehl.

[15] David Adam Karl Marx and the state. Lib-Com submitted by Anonymous on September 10, 2010

[16] Bakunin Marxism, Freedom and the State

[17] David Adam Karl Marx and the state. Lib-Com submitted by Anonymous on September 10, 2010.

[18] The Paris Commune and the Idea of the State/ Mikhail Bakunin 1871.

[19] Ibid

[20] Paul D'Amato Marxists and elections International Socialist Review, Issue 13, August–September 2000.
[21] The Politics of Social Ecology, Libertarian Municipalism. By Janet Biehl.
[22] Paul D'Amato Marxists and elections International Socialist Review, Issue 13, August–September 2000...
[23] http://links.org.au/node/164
[24] Ibid , [25] Ibid , [26] Ibid
[27] Mikhail Bakunin On the Program of the Alliance ١٨٧١
[28] Documents of the Hague Congress
[29] Mikhail Bakunin On the Program of the Alliance١٨٧١
[30] Ibid , [31] Ibid.
[32] Karl Marx, “Critique of Hegel’s Doctrine of State,” in Karl Marx: Early Writings, trans. Rodney Livingstone and Gregor Benton (New York: Vintage 1975.)
[33] Bakunin Marxism, Freedom and the State.
[34] Ibid , [35] Ibid , [36] Ibid.
[37] The Paris Commune and the Idea of the State/ Mikhail Bakunin 1871
[38] David Adam, Karl Marx and the state ..Submitted to Lib-Com by Anonymous on September 10, 2010.
[39] Bakunin Marxism, Freedom and the State.
[40] Ibid , [41] Ibid , [42] Ibid , [43] Ibid.
[44] David Adam, Karl Marx and the state ..Submitted to Lib-Com by Anonymous on September 10, 2010.

# Marx, Socialism and the State

## Zaher Baher

" مارکس وای بینیوە کە سەرمایەداری پەیامیکی مێژوویی پێیە بۆ پێشخستنی تەکنەلۆجیا بۆ ئاستێک کە ئیدی دەتوانێت پێداویستییەکانی مرۆڤایەتی دابین بکات" .....

" لەوەش زیاتر، مارکسیزم پەیگیرانە دەسەڵاتخواز بوە. مارکس و ئەنجلس وا دەسەڵاتیان تەماشا کردووە، کە بنچینەیە بۆ دیسپلینکردنی پرۆلیتاریا و گوێڕایەڵبوون. هەتا مارکس سەرمایەداری وا دەبینی، کە بە وێرانکردنی فۆرمە ئابوورییە پێشینەکان و گەشەپێدانی تەکنەلۆجیا، ڕۆڵێکی مێژوویانەی پێشکەوتنخوازی بینیوە. ئەو وا بیری کردۆتەوە، کە کۆمەڵی چینایەتی پێویستی مێژوویە بۆ دروستکردنی بناغەی ئازادی مرۆڤایەتی" **بوکچین**